بسم الله الرحمن الرحيم

# هەیڤ


كۆڤارێكی زانستیی وەرزییە ناوەندی كوردستان بۆ ئیعجازی
زانستی لە قورئان و سوننەتدا دەریدەكات

یەكەم ژمارەی گۆڤاری هەیڤ لە ساڵی ٢٠٠٢ دا بڵاوكرایەوە

ژمارە (29) بەهاری 2013ز ـ 1434ك

www.haiv.org


## بەشی كوردی


خاوەنی ئیمتیاز

نەشئەت غەفور سەعید

سەرنووسەر

د. دارا گوڵ حامد

دستەی ڕاوێژكاران

فارووق ڕەسووڵ یەحیا

جەمال موحەممەد ئەمین

د. دیاری ئەحمەد ئیسماعیل



بۆ پەیوەندی

haiv2001@gmail.com

www.facebook.com/kurdhaiv



دیزاین

شیروان ئەحمەد حەمە كەریم


## لەم ژمارەیەدا



4


5


10


14


15


19


22


26


27


33


34


37



ناونیشان: سلێمانی - شەقامی مامۆستایان - تەلاری حاجی موحەممەد پێنجوینی - نهۆمی سێهەم



# ئیعجازی زانستیی لە کەوتنە خوارەوەی نەیزەکەکەی ڕوسیا

ئا: خالد حسن علی
khalidbarznjy@gmail.com

کاتژمێر (9:15)ی سەرلەبەیانی، ڕۆژی (2013/2/15)، ناوچەی باشوری ئۆرالی ڕوسیا، کەوتنە خوارەوەی نەیزەکێکی به خێرایی (18کم/چرکە)یەکدا بە خۆوە بینی، کە بارستاییەکەی (10) هەزار تەن بوو، لەئاسماندا دوو دوکەڵە هەوری سەریەکی لوولپێچیی دوکەڵی لەسەر شاری شیلابینسک دروستکرد، دواتر لە بەرزی (10کم) تەقیەوە، کە (30) هێندەی بۆمبی ئەتۆمی وەک ئەوەی هێرۆشیما بەهێز بوو، ئاسمانی ئەو ناوچەیەی تەواو درەوشاندەوە، دەنگی تەقینەوەکە، پەنجەرەی خانووەکانی شاری شیلابینسکی شکاند و لە ئەنجامدا زیاتر لە هەزار کەس بریندار بوون، هەروەها زیان بە نزیکەی سێ هەزار خانوو کەوت، ئاشکرایە ڕووداوێکی لەمجۆرە بۆ خەڵکی ڕوسیا و هەموو جیهانیش ڕووداوێکی تەواو نامۆ بوو، چوونکە لە ڕۆژدا و لەسەردەمی تازەدا مرۆڤ نەیزەکی واینەدیبوو، کە ڕووناکیەکەی هێند بەهێزبێت بەسەر تیشکی خۆردا زاڵبێت و، دەنگی وا گەورە و دروستبونی هەوری سپیی دوکەڵیی، ڕووداوێکی یەکجار دەگمەن بوو.

زانایان دەڵێن هەتا ئێستا مرۆڤ نەیتوانیوە پێشبینی ڕوودانی ئەم جۆرە دیاردانە بکات و، تا ئێستا نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی پێشوەخت خەڵکی لێ ئاگادار بکەنەوە، هەروەک چۆن تا ئێستا نەیانتوانیوە پێشبینی ڕوودانی زەمین لەرزە و شەپۆلەکانی تسونامی بکەن.

## قورئانی پیرۆز چۆن باسی لە کەوتنە خوارەوەی نەیزەک و بەردەکان کردووە؟

لە چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆزدا باسی کەوتنە خوارەوەی پارچەی تەنە ئاسمانیەکان کراوە، هەر لە چەو و وردە بەردەوە (حاصب)، هەتا پارچەی وەک ئەمەی ڕوویدا و گەورەتریش، خوای بە توانا ڕوودانی ئەم دیاردانەی بە ئەگەرێکی نزیک داناوە، تا دڵنیابن هەرچەندە بەرگە هەواکە پارێزەرێکی تەواوە بۆ پاراستنی سەر زەوی لەو بەردانە، بەڵام نزیکە هەندێک جار ئەو پارچانە، بەرگە هەواکە دەبڕن و دەکێشن بەزەویدا، کە بەهۆیانەوە دوور نیە هەزاران بەڵکو ملیۆنان لەناوببات، هەروەک چۆن میللەتانی پێشین هەیانە بەم جۆرە سزایە لەناوبراون.

زانایان دەڵێن هەسارەی زەوی بەردەوام لە ژێر مەترسیی ڕووبونەوەی تیشکە زیانبەخشەکان و کەوتنە خوارەوەی پارچە و بەردەکانی دەرەوەدایە، بەڵام خوای کاربەجێ قەڵغانی بەرگە هەوای بۆ زەوی داناوە، کە بەردەوام زەوی، لە تیشکە زیانبەخشەکان بە مژینیان و کەوتنە خوارەوەی نەیزەکەکان بە سوتاندنیان، دەیپارێزێت.

پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَجَعَلْنَا ٱلسَّمَآءَ سَقْفًا مَّحْفُوظًا ۖ وَهُمْ عَنْ ءَايَـٰتِهَا مُعْرِضُونَ ﴾ الانبياء:٣٢، واتە: ئاسمانمان بۆ کردوون بە سەقفێکی پارێزراو، بەڵام ئەوانە سەبارەت بە ئایەتەکانی ئاسمان پشت تێکەرو ڕوو وەرگێڕن.

ئەگەر سەیر بکەین هەسارەکانی تر، هەتا مانگیش بە هۆی نەبونی بەرگە هەواوە، ڕووەکانیان بەهۆی نەیزەک باران و بەرد بارانی بەردەوامەوە، چاڵ چاڵ بوون.

کە ئەمە نیشانەو بەڵگەی «الحافظ» ی پەروەردگارە، کە کافران لێی وردنابنەوە و کەڵک وەرناگرن.

## لە قورئانی پیرۆزدا دوو جۆر کەوتنە خوارەوە باسکراوە:

یەکەم: الحاصب کە وردە چەوە، خوای گەورە لەبارەی ئەمەوە دەفەرموێت: ﴿ أَمْ أَمِنتُم مَّن فِى ٱلسَّمَآءِ أَن يُرْسِلَ عَلَيْكُمْ حَاصِبًا ۖ فَسَتَعْلَمُونَ كَيْفَ نَذِيرِ ﴾ الملک:١٧، واتە: ئایا ئێوە دڵنیان لەو خودایەی کە لە ئاسمانە وردە چەوتان بۆ ببارێنێت، ئەو دەمە تێدەگەن هەڕەشەی ئێمە چۆنە.

خوای پەروەردگار باس لە گەلە یاخیەکانی پێشین دەکات، کە هەریەکەیان بە جۆرێک سزادراون، لەوانە کەوتنە خوارەوەی وردە بەرد و چەو، وەک دەفەرموێت: ﴿ فَكُلًّا أَخَذْنَا بِذَنۢبِهِۦ ۖ فَمِنْهُم مَّنْ أَرْسَلْنَا عَلَيْهِ حَاصِبًا ﴾ العنکبوت: ٤٠، واتە: ئێمە هەریەک لەوانمان بە تاوانی خۆی سزاداو لەناومان بردن، تیایاندا بوو وردە بەردمان بەسەردا باراندن.

لەوانە گەلی پێغەمبەر« لوط» کە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّآ أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ حَاصِبًا ﴾ القمر: ٣٤، واتە وردە بەردمان بەسەردا باراندن.

کەوتنە خوارەوەی ئەم جۆرە وردە بەردانە، چەندین جار ڕووبەڕووی زەوی بۆتەوە، بۆنموونە لە سەردەمی تازەدا لە مانگی (11/ 1998)، ئەتمۆسفیری بەرگە هەوای زەوی ڕووبەڕووی توندترین وردە بەرد بووەوە، و زیانێکی زۆری بە مانگە دەستکردەکان گەیاند، زانایان لەوساڵەدا (10) هەزار دانەیان لە ناوچەکانی مەنگۆلیا و چین بەدیکرد، ئەو وردە بەردانە قەبارەیان هێندەی دەنکە زیخێک و خێراییەکی ئێجگار زۆریان هەبوو، (76کم/چرکە)، توانای هەر دانەیەکیان وەک توانای گوللەیەکی «کالیبەر» تیرەی (22) بوو، بەڵام لەئەنجامی خێرایی زۆریان هەموویان لە بەرگە هەوای زەویدا سوتان.

## دووەم: پارچە نەیزەکە گەورەکان

هەزاران لە هەسارۆکەکان کە باوەڕ وایە لە ئەنجامی تێکشانی هەسارەیەکەوە دروست بووبن و بە دەوری خۆردا دەسوڕێنەوە، زۆربەیان پشتێنەیەکیان لە نێوان هەسارەی مەریخ و موشتەریدا پێکهێناوە، هەریەکەیان خولگەی تایبەتی خۆیان هەیە و ئەگەری بەریەککەوتنیان زۆر کەمە، بەڵام هەندێک جار کە یەکێکیان خولگەی خۆی دەگۆڕێت و بەرەو شوێنێکی تر دەڕوات، بۆ نموونە کەبەرەو زەوی دەبێتەوە بە

خێرایی (40کم/چرکە) دێتە بەرگە هەواکەوە، لە ئەنجامی لێکخشاندنی بەبەرگە هەواکە دەسوتێت و ڕووناکیەک دروستدەکات کە پێی دەوترێت شوهوب، وە زۆربەی جار نامێنێت، بەڵام هەرکاتێک خوای گەورە بیەوێت، بەشێکی دەکەوێتە سەر زەوی و بە نەیزەک ناودەبرێت. وەک ئەوەی تازە لە ڕووسیا کەوتە خوارەوە.

کافرانی قورەیش هێندە یاخی بوون، داوای کەوتنە خوارەوەی بەردیان دەکرد، لە جیاتی ئەوەی بڵێن خودایە ئەگەر قورئان ڕاستە ڕێنماییمان بکە، دەیانوت خودایە ئەگەر قورئان ڕاستە، بەرد ببارێنە بەسەرماندا.

وەک دەفەرموێت: ﴿ وَإِذْ قَالُوا۟ ٱللَّهُمَّ إِن كَانَ هَٰذَا هُوَ ٱلْحَقَّ مِنْ عِندِكَ فَأَمْطِرْ عَلَيْنَا حِجَارَةً مِّنَ ٱلسَّمَآءِ أَوِ ٱئْتِنَا بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴾ الانفال: ٣٢، واتە: بێباوەڕەکان وتیان ئەی پەروەردگار ئەگەر ئەم قورئانە ڕاستەو لە لایەن تۆوە هاتووە، دەی بەرد بەسەرماندا ببارێنە لە ئاسمانەوە، یان سزای سەختی پڕ ئازارمان بۆ بنێرە.

لە وەڵامی ئەوانەدا خوای گەورە فەرمووی ئەگەر ببینن بەردێک بکەوێتە خوارەوە، لە کاتی کەوتنە خوارەوەیدا چونکە بەردەکە دیار نییە، سەرەتا دەڵێن ئەوە هەوری سەریەکە (سحاب مركوم)، هەتا دەکەویتە سەر زەوی، ئەوکات دەزانن هەور نەبووە و پارچەیەکە لە ئاسمان کەوتۆتە خوارەوە، وەک دەفەرموێت: ﴿ وَإِن يَرَوْا۟ كِسْفًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ سَاقِطًا يَقُولُوا۟ سَحَابٌ مَّرْكُومٌ ﴾ الطور:٤٤، واتە: ئەگەر ببینن پارچەیەک لە ئاسمان دەکەوێتە خوارەوە، دەڵێن هەوری سەریەک نیشتووە.

وشەی (من) لە (من السماء) بۆ (تبعيض)ە، واتە تەنێک لە ئاسمان، ئینجا وشەی (كسفا) واتە: پارچەیەک، بەمجۆرە هەموو تەنە ئاسمانیەکە ناگرێتەوە، بەڵکو پارچەیەک لە تەنە ئاسمانیەکە دەکەوێتە خوارەوە، کە لەڕاستیشدا ئەم نەیزەکانە پارچەی تەنە ئاسمانیەکانن.

ئایەتە قورئانیەکە وەسفێکی ئیعجازیی نەبینراو باسدەکات، بەوەی کە فەرمووی لە کاتی کەوتنە خوارەوەکە لە ئاسماندا، چونکە دووکەڵە هەوری لە سەرەوە بۆ خوارەوە دروستدەکات، دەڵێن هەوری سەریەک کەوتووە، هەتا بەردەکە دەگاتە لایان و ئەو کاتە دەزانن کە هەور نەبووە.

قورئانی پیرۆز لە وەڵامی کافرانی قورەیشدا، کە وتیان بەرد ببارێنە بەسەرماندا، نەیفەرموو ببینن بەرد دەکەوێتە خوارەوە، واتە وشەی (حجارة)ی بەکار نەهێنا، بەڵکو وشەی (كسفا) کە واتای پارچەیەکە بەکارهێنا، چونکە نەیزەکەکان تەنیا بەرد نین، بەڵکو سێ جۆرن: (بەردیی، ئاسنیی، بەردی ئاسنیی) واتە هەیانە زیاتر لە (98 %)ی ئاسنە و بە ئاسنین (الحديدي) ناودەبرێت، هەیانە نیوەی ئاسن و نیوەی بەردە بە (الحجر الحديدي) ناودەبرێت، هەشیانە زۆرینەی بەردە و بە (الحجري) ناودەبرێت.

لە ڕاستیدا کەوتنە خوارەوەی ئەو نەیزەکەی ڕوسیا ئیعجازێکی ڕۆشنی قورئانی پیشانداین، چونکە وەک لە ڤیدیۆکاندا دیارە سەرەتا خەڵکی نەیزەکەکەی نەبینی، بەڵکو تەنیا ئەو دوو هەورە لوولپێچیە سەریەکەیان بینی کە دیمەنێکی ناوازە بوو پێشتر شتی وا نەبینرابوو، هەتا زیاتر لە خولەکێک بەو شێوەیە بەردەوام بوو، ئنجا تەقیەوە و لە ئەنجامدا ڕووناکییەکی گەورەیان بەدیکرد، کە دەنگی تەقینەوەکە هێند بەرز بوو، بووە هۆی شکاندنی پەنجەرەکانیان و کەوتنە خوارەوەی بەردەکە لە شوێنێکی تا ڕاددەیەک دوور لە بیناکان.

ئەم ئایەتە سەدان ساڵە دەخوێنرێتەوە بەڵام نەدەزانرا بۆچی بەردێکی ڕەق یان گەلە بەردێک لە کاتی کەوتنە خوارەوەیدا، دیمەنی هەوری لەسەریەک دروست دەکات!! ئەم دووانە چەند لێک دوور و جیاوازن، بەڵام وەک خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ﴾ فصلت: ٥٣.

واتە: لە داهاتوودا نیشانە و بەڵگەکانمانیان لە گەردوون و خودی خۆشیاندا نیشاندەدەین، تا بۆیان ڕوون ببێتەوە قورئان وتەی خوای گەورەیە. بۆیە ئەمەش بووە یەکێکی تر لەو سەدان موعجیزە زانستیانەی قورئانی پیرۆز، خوای گەورە ویستی وا بوو لە ڕۆژدا نەک لە شەودا و کاتێک ئاسمان ساف و سایەقە بێت و هەوری تری پێوە نەبێت، ئەم موعجیزەیە دەرکەوێت، تا ڕاستێتی پەیامەکەی ببینن. لەوانەیە یەکێک بڵێت لەسەردەمی زووشدا بەردیان بینیوە کەوتۆتە خوارەوە و شێوە هەوری دروستکردووە، بۆیە پێغەمبەر باسی کردووە، لە وەڵامی ئەمەدا دەڵێین، بێگومان ئەگەر پێغەمبەر و هاوەڵان شتی وایان بینیبێت و ڕویدابێت، ئەوا تۆمار دەکرا، بەڵام دەبینین هیچ ڕوداوێکی وا لە ژیانی ئەو و لە پێش و دوای سەردەمی ئەویش باسنەکراوە و تۆمارنەکراوە، بۆ نموونە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا ڕاڤەکارێکی قورئان نابینیت کە ئاماژەی دابێت بەم دیاردەیە، بە پێچەوانەوە لەبەر ئەوەی بەلایانەوە قورس بووە کە کەوتنە خوارەوەی بەردێک لە ئاسمان شێوەی هەور دروستبکات، بەڵکو وتویانە: بێباوەڕان ئەوەندە عیناد و نکوڵیکارن کە هەتا بەرد بکەوێتە خوارەوە دەڵێن هەوری لەسەر یەکە!! واتە کەس پێشتر نەیزانیوە کە ئەمە لە واقیع و بینیی چاودا خۆی بەو شێوەیەیە.

کەواتە کێ هەواڵی ئەم ڕووداوەی لەسەدەی حەوتەمدا بەپێغەمبەر (ﷺ) دا؟ هەتا لەسەدەی بیست و یەکدا و لە ڕۆژی ڕووناکدا ببینرێت و وێنە بگیرێت؟ دیارە بۆ بینینی ئەم ئیعجازە دەبێت لە ڕۆژی ڕووناکدا ڕوو بدات، تا هەورە کە ببینرێت، چونکە لە ساڵی (1908)ز لە سیبریا نەیزەکێک کەوتە خوارەوە و شەوی ئەو ناوچانەی ڕووناک کردەوە و ناوچەیەکی فراوانی سوتاند، دەنگی تەقینەوەکەی گەیشتە هەزاران کیلۆمەتر، و چاڵێکی بە تیرەی (10)کم دروستکرد و بە پانتایی (30)کم چواردەوری خۆی وێرانکرد و دارەکانی هەموو هەڵکەند! بەڵام چونکە لە شەودا بوو هەورە دوکەڵیەکەی نەبینرا.

یەکێکی تر لە ڕووی ئیعجازەکانی ئەم ڕوداوە، ئەوەیە نەیزەکەکەی ڕوسیا کە لە ئۆڕاڵ کەوتە خوارەوە (10تەن) ئاسنی تێدایە، هەروەک لەم لینکەدا ئەم ڕاستیە باسکراوە.

http://www.alarabiya.net/articles/16/02/2013/html 266533.



ئەمە هەمان ڕێگایە کە ئاسن دابەزیوەتە سەر زەوی، لە ئاسمانەوە بە ڕێژەیەکی زۆر زەوی نەیزەک باران کراوە، خوای بە توانا دەفەرموێت: ﴿ وَأَنزَلْنَا ٱلْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ ﴾ الحديد:٢٥، واتە: ئاسنمان دابەزاند کە هێزو توندی زۆری تێدایە و سوودی زۆرە بۆ خەڵکی.

بە داخەوە هەتا ئێستاش هەندێک لە بەناو عەلمانی و فەلسەفەلێدەرەکانی لای خۆمان، تانە لە قورئان دەدەن و ئینکاری دەکەن کە ئاسن لە ئاسمانەوە دابەزیبێت، بەڵام ئەوەتا ئایەتەکانی خوای گەورە بەردەوام و بەشێوەیەکی واقیعیی بۆچوونەکانیان پوچەڵدەکاتەوە.

# دۆزینەوەی هیگز و بیردۆزی ژێیەکان لە زانستی فیزیادا

ن: محمد احمد (ماستەر لە فیزیادا)
muaasaeed@gmail.com

ماوەیەک بەر لە ئێستا زانایانی فیزیا دۆزینەوەی تەنۆلکەیەکی نوێیان بە ناوی (هیگز)ەوە ڕاگەیاند. ئەم دۆزینەوەیە یەکێکە لە گرنگترین ڕووداوە زانستییەکانی ساڵی (2012) و پاڵپشتێکی بەهێزی ستاندەرد مۆدێلە.

بۆ تێگەیشتن لەم مۆدێلەو گرنگی تەنۆلکەی (هیگز) دەبێت ئەوە ڕوونبکەینەوە کە بە پێی ستاندەر مۆدێل گەردوون و ئەوەی تێیدایە دابەشبووە بەسەر دوو جۆری سەرەکی تەنۆلکەدا.

یەکەم (فێرمیۆن)ە ئەم جۆرە تەنۆلکانەن ملکەچی یاسا بنەمای دوورکەوتنەوەی پاولی دەبن یان بە پێی یاسای ئاماری فێرمی دیراک دابەشدەبن واتە ئەگەر کۆمەڵێک فێرمیۆن لە جێگەیەکدابن بۆ نموونە ئەلیکترۆن لە گەردیلەدا و لەکاتی دابەشبوونی بەسەر ئاستەجیاوازەکانی وزە، ئەوە پیشاندەدەن کە بە هیچ شێوەیەک دوو ئەلیکترۆن هەمان بڕە ژمارەیان نابێت (واتە هەمان سیفەتی فیزیاییان لە ئاستی میکانیکی کوانتەم نییە).

هەروەها لە کاتی سرەوتندا هەندیکفێرمیۆن بارستاییان هەیە و هەندێکیشیان بارستاییان نییە و بەشێک لەم تەنۆلکانە هەموو مادده بینراوەکانی چواردەورمان لەسەر زەوی و ناو گەردوون پێکدێنن).

دووەم (بۆزۆن)ە کان ئەو تەنۆلکانەن کە بەرپرسن لە کار لێکی نێوان فێرمیۆنەکان، واتە هەموو هێزەکانی گەردوون (هێزی ڕاکێشان، هێزی ناوکی بەهێز، هێزی ناووکی لاواز، هێزی کارۆموگناتیسی) هێگزە جیاوازەکان لێیان بەرپرسن ئەمانیش لە کاتی سرەوتندا هەندێکیان بارستاییان هەیە و هەندێکیشیان بارستاییان نییە .

بۆ ڕاڤەکردنی ئەوەی بۆچی هەندێک لە تەنۆلکەکان بارستاییان لە سرەوتندا هەیەو هەندێکیش بارستاییان نییە لە ستاندەر مۆدێلدا زانای فیزیک پیتەر هیگز لە زانکۆی ئادنبرە پێش پێنجەیە پێشنیاری تەنۆلکەی هیگزی کردبوو.

پاش دۆزینەوەکە لەنێو دەستخۆشکاراندا وتی « بەڕاستی شتێکی باوەڕپێنەکراوە -هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم - لەژیانی خۆمدا ئەمە ڕوویدات».

ئەم تەنۆلکەیە بوارێکی نە بینراو لە گەردووندا درووستدەکات و لە ئەنجامدا ئەو تەنۆلکانەی کار لێک لە گەڵ بوارەی هیگز دەکەن سیفەتی بارستایی سرەوتن وەردەگرن ئەو تەنۆلکانەشی کارلێک لەگەڵ بواری هیگز ناکەن سیفەتی بارستایی سرەوتن وەرناگرن.

ئەمە چیرۆکی کورتی دۆزینەوەی هیگز بۆزۆنە بە زمانێکی زۆر سادە، ئەم دۆزینەوەیە ئاستی متمانەی بیردۆزێکی تر کە بە سترنگ (ژێ) ناسراوە کە پێیوایە گەردوون هەمووی لە ژێی لەراوە پێکدێت دێنێتە خوارەوە. ئیدی دۆزینەوەی ئەم تە نۆلکەیە جارێکی تر جوانی و تەواوی لە گەردووندا دەخاتە ڕوو کە سەلمێنەری بوونی نەخشەسازییەکی مەزنە لەلایەن بەدیهێنەرەکەیەوە.

هەر بۆیە گەورەترین زانای داکۆکیکار لە بیردۆزی سترنگ کە ناسراوە بە ستیڤن هاوکینگ پێش دۆزینەوی هیگز بۆزۆن گرەوی کردبوو لەگەڵ زانا جۆردن کەین کە تەنۆلکەی هیگز نادۆزرێتەوە،

بەڵام پاش بڵاو بوونەوەی هەواڵی دۆزینەوەی تەنۆلکەی هیگز، هاوکینگ دانی بەوەدانا کە گرەوەکەی دۆڕاندووە.

هاوکنگ (بەرلە دۆزینەوەی هیگز) لە نوێترین کتێبیدا بە ناوی دیزاینی مەزن و پشتبەستوو بە بیردۆزی ژێکان جاڕی مردنی فەلسەفەی لێداو وتی «خودا پێویست نییە بۆ لێکدانەوەی فەراهەمبوونی گەردوون».

ئەم کتێبە مشتومڕی زۆری بە دوای خۆیدا لە ناوەندە ئاینیی و فەلسەفییەکاندا دروستکرد، چونکە بیردۆزێکی وەک سترنگ کە تا ئێستا بە کردەیی نەسەلمێنراوە و بە تەکنەلۆجیای ئێستاش سەلماندنی ئەستەمە ئەم ئیدعا گەورەیەی لێقبوڵناکرێت بۆیە کتێبەکە وەک حەقیقەتێکی زانستی لەناوەندی زانستی حیسابی بۆناکرێت.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە ڕاگەیاندنی کوردی «عەلمانی» کتێبی (دیزانی مەزن) کە پشت بە ستووبوو بە بیردۆزی ژێکان (سترنگ) بانگەشەی نە بوونی خوداوەندی بۆکرا.

بە هەمان شێوەش «دژەکەی» کە دۆزینەوەی هیگزەو کە ئاستی متمانەی بیردۆزی ژێکان دادەبەزێنێت هەر بە سەلمێنەر بۆ نەبوونی بەدیهێنەر هەژمارکرا!!!!!.

لەبەرئەوەی ناوە بلاوەکەی تەنۆلکەی هیگز لای هەندێک بە تەنۆلکەی «خوداوەند» ناسراوە!!!! کەئەمەش خراپ حاڵیبوونە دەنا ناوی تەنۆلکەکە هەرچییەک بێت گرنگ نییە (هەندێک لە زانایان تەنانەت پیتەر هیگز کە خاوەنی بیرۆکەکەیە نارازیبوونی خۆیان لەو ناوە-تەنۆلکەی خوداوەند-دەربڕیوە) بەڵکو گرنگ ڕاستییە کە بە هیچ جۆرێک دۆزینەوەی هیگز سەلمێنەری نەبوونی بەدیهێنەر و خالق نییە بگرە پێچەوانەکەی ڕاستە چونکە دۆزینەوەی هیگز ئاستی متمانە بە بیردۆزیی سترنگ کەمدەکاتەوە!! کە هاوکینک لە کتێبی دیزاینی مەزن پشتی پێدەبەستێت.

لە کۆتایدا دەبێت لەوە دڵنیابین کە بەهیچ جۆرێک ڕاستییەکی زانستی بە کردە سەلمێنراو لە بەردەستدا نییە کە گومان لەسەر باوەڕ بە نەبوونی پەروەردگار دروستبکات بەڵکو ئەوە ڕاڤەی هەندێک بیردۆزی نەسەلمێنراوە کە بانگەشەی لەو شێوەیەی پێدەکرێت.

**تێبینی: لە چاوپێکەتنێکدا پیتەر هیگز بێزاری خۆی لە بەکار هێنانی دەستەواژەی تەنۆلکەی خودا لە جیاتی هیگز بۆزۆن دەردەبڕێت.**

.http://www.patheos.com/blogs/friendlyatheist/201228/12//peter-higgs-of-the-higgs-boson-doesnt-like-richard-dawkins-style/

**سەرچاوەکان:**

Society for Science & the Public July 28, 2012; Vol.182 #2
W. N. Cottingham and D.A. Greenwood, An Introduction to Nuclear Physics, 2nd ed., Cambridge Univ. Press, (2001).




# ئیبن خەلدون

ن: م. جمال محمد أمين
jamalmhammad@yahoo.com

مێژونووس و پەروەرکاری بەناوبانگی ئیسلامی ئیبن خەلدون کە هەرگیز ناتوانرێت شوێنپەنجەکانی لەو بووارە گرنگانەی ژیاندا فەرامۆش بکرێت. زانا عبدالرحمن موحەمەد کوڕی خەلدون لە ساڵی (1332) ز لە تونس لەدایک بووە.

ئیبن خەلدون هەر لە منداڵیەوە فێری ڕێزمانی عەرەبی بووە لەسەر دەستی باوکی و بەشێکی زۆری زانستە مێژووییەکان و فەلسەفیەکانی لە زانا مەغرییەکانەوە وەرگرتووە، کاتێک کە باڵی ڕەشی تاعون دەدات بە سەر ئەفریقیا باوکی و بەشێکی زۆری خزمانی دەمرن.

هەر بۆیە ئەمیش واز لەخوێندن دەهێنێت و ڕووله نووسین دەکات، زۆر دەنووسێ بۆ پاشاکانی ئەو سەردەمە و جێگای ڕێز و تەقدیری هەموولایەک بووە، ئینجا دەکەوێتە هاتوچۆ و گەشت و گوزار لەنێوان مەغریب و تونسدا، وەلە هەر شوێنێک دا مابێتەوە گەورەترین پلە و پایەی پێ بەخشراوە هەتاپلەی وەزیری.

ئیبن خەلدون لە ساڵی (1382) ز دەچێت بۆ میسر و خەریکی وانە بێژی دەبێ، وەپەیوەندی دەکات بەسوڵتان (بەرقوق) وەکە ئەویش زۆر ڕێزی لێ دەگرێت وە دەیکات بە قازی مالیکیە، بەڵام هەر زوو ئەوپلەیەی لێ وەردەگیرێتەوە لەبەر توند ڕەوی خۆی. ئینجا حەج دەکات و دەگەڕێتەوە سەر نووسین و کتێب دانان و وانە وتنەوە، هەتا لە ساڵی (1400) ز لەگەڵ شاڵاوەکەی میسر دا دەچێ بەرە و دیمشق بۆ بەرەنگاری کردنی تەیموری لەنگ، هەتا لە ساڵی (1406) ز کۆچی دوایی دەکات. ئیبن خەلدون خاوەنی بیردۆزی تایبەتی خۆیەتی لە بوواری پەروەردە و فێرکردندا، و تا ئێستاش ئەو بیردۆزە پەیرەوی دەکرێت چونکە باشترین و زانستیترین بیردۆزە لەو بووارەدا بۆیە بە کورتی و بەخاڵ بنەماگرنگەکانی ئەو بیردۆزە دەخەینە بەر چاو:

1 / قۆناغبەندی: ئیبن خەلدون بڕوای وایە کە دەبێت فێرکردن قۆناغ بە قۆناغ و پلە بە پلە بێت و لە بابەتە سوکەکانەوە بۆ بابەتە قورسەکان بڕۆین و لەو میانەدا ڕەچاوی ژیری و تەمەنی فێرخواز بکرێت و بەو پێیە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

2 / جێگیرکردنی نموونە بەرجەستەییەکان ئینجا گوێزانەوە بۆ بابەتە ژیربێژیەکان واتا دەبێت لە پێشدا بیری فێرخواز بکرێتەوە لە سەر بابەتە بەرجەستەییەکانی بەردەستی ئینجا پلە بە پلە بەرز بکرێتەوە بۆ بابەتە ژیربێژیەکان (لۆجیکیەکان ).

3 / پشت بەستنی زیاتر بە کۆڕ و سیمینار و وتوێژ و ڕاگۆڕینەوە، وە دوورکەوتنەوە لە دەرخیاتی زۆر.

4 / مامەڵەکردنی نەرم و نیانی لەگەڵ فێرخوازاندا بەتایبەتی ئەگەر فێرخوازەکە منداڵ بوو، چونکە بە ڕای ئیبن خەلدون توندی و تیژی توانای وەرگرتنی فێرخواز تێک دەدات و سەرەڕای ئەوەی کە فێرخوازەکە وەڕس دەبێ لە وەرگرتنی زانست و زوو وازی لێ دەهێنێت ئەمە جگە لەوەی کە بەکارهێنانی توندی و تیژی و لێدانی فێر خوازان کارێکی سەلبی دەکاتە سەر دەروونی فێرکاران و مامۆستایان، بۆیە پێویستە هەتا دەتوانرێت ئەو شێوازە بەکارنەهێنرێت هەروەک عومەری کوڕی خەتاب دەفەرموێت (من لا يؤدبه الشرع لا ادبه الله) ئەوەش بۆ دوورکەوتنەوەیە لە زەلیلکردن و شکاندن و دەروونی مرۆڤە.

ئیبن خەلدون دەستی باڵای هەبووە لە بوواری کۆمەڵناسی و ئابووری سیاسیدا، بۆیە زانا (ڕۆبەرت فلنت) لە زانکۆی ئەدنبەرە دەڵێت: نە لە جیهانی کۆن و نە لە جیهانی سەدەکانی ناوەڕاستدا هەرگیز ناوێکی دیکەی وەک ئیبن خەلدون نابینرێتەوە چونکە هەر کەسێک پێشەکیەکەی ئیبن خەلدون بخوێنێتەوە ئەوا یەکسەر دەڵێت خەلدون دانەری زانستی مێژوو و فەلسەفەیە. هەروەها زانا کلۆزیۆ دەڵێت: (ئیبن خەلدون داهێنەری پرانسیپەکانی دادی کۆمەڵایەتیە پێش مارکس و ماکۆنین).

**سەرچاوە / کتێبی المسلمون و العلم الحديث، ئینتەرنێت.**

# نەخشەسازیی زیرەک



د. دیاری احمد اسماعیل
پسپۆڕی نەشتەرگەری گشتی
diaryismaeil@yahoo.com

هەر کاتێک لە گەردوون و ژیاندا لە دروستکراوەکان ورد دەبینەوە، توانا و گەورەیی دروستکەرەکانیان سەرسامان دەکات.. بە زیاتر وردبوونەوە و گەڕانیش بەدوای نهێنیەکاندا مرۆڤ بەرە و ئەو ئەگەرە دەبات کە بەدیهێنەری دروستکراوەکان تەنها یەکێک بێت..

دیارە لە مێژوەوە، هەر کاتێک مرۆڤ ژیریی بەکارهێنابێت ویستوویەتی بە ڕاستیەکان بگات، بەڵام لەبەرئەوەی خاڵی دەستپێک و قۆناغەکانی دوایی و زۆر لەوانیش زیاتر هەموویان نادیارن (غەیبن).. بۆیە هەندێک جار مرۆڤەکان گەیشتوونەتە هەندێک ڕاستی و زۆر جاریش بە هەڵەداچوون..

لە سەرچاوەکانی زانینی نهێنیەکان بەکارهێنانی ڕێگا زانستیەکانە، وەک گەڕان بەدوای بنەڕەتی شتەکان بە خوێندنەوەی دیاردە سروشتیەکان و چوونە ناو قوڵایی گەردوون و بنی دەریاکان و شیکردنەوەی بەشەکانی و توێکارکردن و ئەزموونگەریەکان..

زانست تا ڕاددەیەک توانیویەتی قسەی خۆی لەسەر ئەگەرەکانی چۆنێتی دروستبوون، و تەمەنی ژیان و گەردوون، و ڕاماڵینی هەندێک لە نهێنیەکان بکات. بەڵام هەرگیز —ئەگەر زانست بێت و ڕێزی خۆی لابێت— بانگەشەی ئەوە ناکات کە ئەمانە گشت ڕاستیەکانە و نابێت لێی لابدەین.. چونکە ئێستاش لە زەمەنی تەکنەلۆژیا و شۆڕشی زانیاریەکان، چەندین نهێنی هەن کە دەرکیان پێ نەکراوە، کە تیایاندایە نزیکە لێمانەوە و لە لاشەی خۆماندایە! وتراویشە زانست سێ بستە: بستی یەکەم خۆبەزلزانیە (غرور)، و بستی دووەم خۆبەکەمزانینە، و بستی سێیەمیش بگەیتە ئەو بڕوایەی کە هیچ نازانیت..

هەمیشە زانایان بەدوای سەرچاوەی تری زانینی نهێنیەکان گەڕاون —جگە لەو بەڵگە مادیانەی کە لەبەر دەستیاندایە— جا بۆیە سەرچاوەیەکی گرنگی زانینی نهێنیەکان هەواڵە (خبر)، یان یەکێک شاهێد بێت لە کاتی ڕوودانیدا! ئەو کاتەش دەبێت سەرچاوەی هەواڵەکە بپشکنین تا چەند ڕاستە و تا چەند ئاگاداری ڕووداوەکان بووە!؟ جا ئەگەر بڕوامان بە دروستی سەرچاوەکە بوو ئەوە باشترین بەڵگەیە و هەندێک لە نهێنیەکانمان لا ڕوون دەکاتەوە.. کاتێکیش گومانمان لە سەرچاوەکە بوو ناتوانین وەریان بگرین، و پێویستە هۆش بخەینە کار و شیکاری یەک بە یەکی هەواڵەکان بکەین.. پێ دەچێت بڕوامان لەسەر هەندێک لە هەواڵەکان بۆ دروست بێت، چونکە تەنها گومانمان هەیە لە سەرچاوەکە و بەدرۆمان نەخستۆتەوە، یان بەڵگەمان لا دەست ناکەوێت کە سەرچاوەکە درۆ بکات و ڕاست نەبێت.. ئەگەر نەگەیشتینە قەناعەتی تەواو سەبارەت بە سەرچاوەکە ناتوانین هەواڵەکان بەدرۆ بخەینەوە و ناشتوانین هەموویان وەربگرین، بەڵام دوای پشکنینی حاڵی سەرچاوەکە و خستنە ژێر شیکردنەوە، لەوانەیە بگەینە ڕاستێتی سەرچاوەکە، و ئەو کات بە دڵنیاییەوە گوێ بۆ هەواڵەکانی دەگرین، و دەگەین بە ڕاستیەکانی دروستبوون و ژیان و مرۆڤ —دیارە هەندێک لە ڕاستیەکان نەک هەموویان—

ئەگەر گەڕانێکی خێرا بە ناو لەشی خۆماندا بکەین و گوێ لە زانایانی توێکارزانی (تشریح) و کارئەندامزانی (فەسلەجە) بگرین، هەست دەکەین کە بەرامبەر دروستکراوێکی سەرسوڕهێنەر وەستاوین، و هیچمان بۆ نامێنێتەوە تەنها ئەوە نەبێت ئیعجابی خۆمان دەرببڕین بۆ بەدیهێنەرەکەی.. بۆ نموونە، لای خوارەوە هەندێک ئاماژەی ژمارەیی باس دەکەین:

– لەشی مرۆڤ (13) ملیار خانەی دەماری تێدایە، لە کاتێکدا خانە بە چاو نابینرێت و هەر خانەیەکیش بۆ خۆی سیستمێکی تەواوی ژیانە.

– (750) ملیۆن چیکڵدانۆچکە هەیە لە سیەکاندا بۆ پاڵفتەکردنی خوێن.

– سیەکان، لە ماوەی ژیانێکی مامناوەندا، (500) ملیۆن جار پڕ هەوا دەبن.

– ڕۆژیی (200) لیتر خوێن دەچێتە ناو گورچیلەکان و جارێکی تر دەمژرێنەوە لە ڕێگەی بۆریەکانی گورچیلەوە، کە نزیکەی (198) لیتریان تێدەچێت، و لەوانە (2) لیتر فڕێدەدرێتە دەرەوە، کە پێی دەوترێت میز.

لە هەر گورچیلەیەکدا (1000000) نیفرۆن هەیە، کە هەر یەکەیان سیستمێکی سەربەخۆیە، کاریان پاڵفتەکردنی خوێنە [1].

کۆی درێژی بۆریەکانی خوێن و دابەشبوونیان بە ناو لەشدا دەگاتە نزیکەی (100000) میل [2].

ئەمانە و چەندین نهێنی تریش کە بەردەوام زانست دەیاندۆزێتەوە.. بۆیە کاتێک زانایان بیر لە دروستکراوەکان دەکەنەوە دەڵێن: ﴿ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَٰذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ ﴾ آل عمران: ١٩١ . خوای گەورە کاتێک باس لە زانایانی گەردوون دەکات بەو لە خوا ترس باسیاندەکات: ﴿ إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ ﴾ فاطر: ٢٨ ..

**پرسیارێک لێرەدا دەکرێت: جا ئەگەر وایە بۆچی زانا گەردووناس و بایۆلۆجیست و ئەوانی تریش نابنە موسڵمان؟ یان ئیماندار؟ بۆچی دەست ناکەن بە پەرستنی خوا؟**

گەر زانا گەورەکان هەموویان ڕوو لە خوا نەبن، یان موسڵمان نەبن، بەڵام زۆربەی زۆریان دانیانناوە بە بوونی بەدیهێنەرێکی خاوەن توانا لە پشت ئەم هەموو دروستکراوانەوە، بەڵام دەگونجێت بەدیهێنەرەکە جوان نەناسن. تەنانەت هەندێک لەوانەی بڕوایان بە بیردۆزی گەشەسەندنیش هەیە، بێ باوەڕیی خۆیان دەرنەبڕیوە و خۆشیان بە لایانەوە بیردۆزە، نەک ڕاستیی زانستیی.. چونکە مرۆڤ —چەند مەودای ئەقڵیشی فراوان بێت— ناتوانێت لە بەدیهێنەرێکی پەنهان تێبفکرێت.. لێرەوە گرنگی ناردنی پێغەمبەران دەردەکەوێت لە لایەن بەدیهێنەرەوە، تا خوایان پێ بناسێنێت بە سیفەتەکانی خۆیەوە..

بەدیهێنان تایبەتمەندی خوای گەورەیە.. بۆ دروستکردنی تەنها خانەیەک لە ڕێگای ڕێکەوتەوە، واتە بێ بوونی بەدیهێنەر (الخالق)-بە شێوەیەکی تیۆری- وەک زانای بیرکاریی سویسری (چارلس بوجین) دوای لێکۆڵینەوە پێی گەیشتووە، ئەوەیە کە: بۆ دروستکردنی تەنها گەردیلەیەکی ئەندامیی (عضوي) کە پێویستە لەگەڵ چەندین گەردیلەی تردا بۆ پێکهێنانی تەنها خانەیەک پێویستمان بە کاتێکە کە بریتیە لە ($10^{243}$) بلیۆن ساڵ، و کەرەستەیەکی خاو کە پێکهاتبێت لە قەبارەیەک کە تیرەکەی ($10^{164}$) ساڵی تیشکیی بێت [3]! ئەوەشمان بیر نەچێت کە زەوی لەسەر ڕای زانایانی جیۆلۆجی تەمەنی نزیکی بلیۆنێک ساڵە ($10^9$)!

کە ئەمەش مەحاڵە.. بۆیە پێویستە بۆ لێکدانەوەی نهێنی بەدیهێنان، بەرەو ئەوە بچین کە هێزێکی ئاقڵی بە توانا لە پشتی ئەو هەموو بەدیهێنانەوە هەیە.. ئەو هێزە مەزنەش — بە لای ئێمەوە – خوای بەدیهێنەری بەتوانایە، ئەویش دوای هەواڵ پێگەیشتنمان لە لایەن ڕاستگۆکانەوە، کە پێغەمبەران —سەڵامی خوایان لەسەر بێت– .

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا چەند جار ئاماژەی بە ڕاستیتی بەدیهێنان (الخلق) کردووە، نزیکی (238) جار وشەی (خلق) و لێکچوانی لە قورئاندا هاتووە، کە بەدیهێنان تایبەتمەندی خوای گەورەیە ﴿ وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ ﴾ الانعام: ٧٣ .. ﴿ وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا ﴾ الفرقان: ٢ .. ﴿ سُبْحَانَ الَّذِي خَلَقَ الْأَزْوَاجَ كُلَّهَا مِمَّا تُنْبِتُ الْأَرْضُ وَمِنْ أَنْفُسِهِمْ وَمِمَّا لَا يَعْلَمُونَ ﴾ يس: ٣٦ .. ﴿ سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى ، الَّذِي خَلَقَ فَسَوَّىٰ ﴾ الاعلى: ١ – ٢. ﴿ وَاتَّقُوا الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالْجِبِلَّةَ الْأَوَّلِينَ ﴾ الشعراء: ١٨٤. ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَاكُمْ ثُمَّ صَوَّرْنَاكُمْ ﴾ الاعراف: ١١.

نەک هەر تەنها بەدیهێنان، بەڵکو وردیش لە بەدیهێناندا، ﴿ مَا تَرَىٰ فِي خَلْقِ الرَّحْمَٰنِ مِنْ تَفَاوُتٍ ﴾ الملك: ٣ .. ﴿ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِنْدِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلَافًا كَثِيرًا ﴾ النساء: ٨٢ .

بە گەڕانەوەشمان بۆ زانستی توێکارزانی، گەورەیی و جوانی داهێنانی بەدیهێنانمان بۆ دەردەکەوێت، وەک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَفِي أَنْفُسِكُمْ أَفَلَا تُبْصِرُونَ ﴾ الذاريات: ٢١ .

لێرەدا باسی پووچەڵیی ئەو بیردۆزە ناکەین.. چونکە کاتی بەسەرچووە و چەندین بۆچوونی لەگەڵ بچوکترین بنەمای زانست و ئەقڵدا ناگونجێت.. بەڵام لێرە و لەوێ هەندێک لە زانایان —کە موعجیبن بە بیردۆزەکە – بەناو بەڵگەی نوێ دەدۆزنەوە لەسەر ڕاستیێتی بۆچوونەکانیان..

گەر بیردۆزی گەشەسەندن ڕاستیش بێت —کە بەڵگەی لەسەر نیە– ئەمە بێ دەستەڵاتی بەدیهێنەر، یان نەفی بەدیهێنەری گەورە ناکات! چونکە هیچ بەڵگەیەک نیە لەسەر ئەوەی مەوجودەکان لە هیچەوە هاتبن! لەگەڵ ئەوەی کە هەندێک ڕاستی هەبێت لە هەندێک بۆچووندا —جەدەلێ— ناکرێت بوترێت هەڵەی گەورە لە نەخشەسازیی مرۆڤدا هەیە، وەک کێلی سمیس (Kelly C. Smith) دەڵێت: (ئەگەر وا بێت نەخشەکێشان لە سرووشتدا —کە بە ڕوونی دیارە- نزمترە لەوەی کە مرۆڤێکی ئەندازیار سازی دەکات، ئەو کات ئێمە سەرپشکین لەوەی نەخشەسازیی زیرەک (Intelligent Design) ڕەت بکەینەوە [4])، ئەم لێدوانەی لەسەر ئەو وتەیە داوە کە دەڵێت: (قورگە دەمارە گەڕاوە (Recurrent Laryngeal nerve: RLN) حەوت جار لە درێژیی پێویستی خۆی زیاترە) وەک پرۆسیرۆ باسی دەکات [5].

هەروەها کۆین (Jerry Coyne) لە کتێبی (بۆچی گەشەسەندن ڕاستە) (Why Evolution is True) لە لاپەڕە (82) دا دەڵێت: ئەو ماوە دوورەی کە قورگە دەمارە گەڕاوە (RLN) دەیبڕێت یەکێکە لە خراپترین نەخشەسازیی سروشت!)

هەروەها ڕیچارد داوکینس (Richard Dawkins) لە کورتە ڤیدیۆییەکی ناشیۆناڵ جیۆگرافیکدا (National Geographic) دەڵێت: (هیچ ئەندازیارێک ئەو پێچکردنەوە هیچ و پووچەی RLN و ئەو هەڵە گەورەیە ناکات!)..

ئەمانە دەڵێن گوایە مرۆڤ لە بنەڕەتدا لە ماسیەوە گەشەی کردووە، و لە ماسیشدا ئەو دەمارە (RLN) ڕاستەوخۆ لە وێڵە دەمار (Vagus nerve)ەوە لق دەگرێت، دوای دەرچوونی لە

(1) الطب محراب للإيمان، د. خالص جلبي، ج1، مؤسسة الرسالة، بيروت، لبنان، ط7، 1407هـ– 1983م، ل 9– 10.
(2) هەمان سەرچاوە، ل 107
(3) هەمان سەرچاوە ، ل 19- 21.

(4) kelly C. Smith, Neo-rationalism versus neo-Darwinism: Integrating development and evolution, p728.
(5) Prothero, D. 2008. Evolution: What the Fossils Say and Why It Matters. New York: Columbia University Press, 38-37.

مێشکەوە بێ ئەوەی پێویست بکات ئەو ماوە دوورە ببڕێت، بەڵام دوای ئەوەی ماسی گەشەی سەند تا گەیشتە مرۆڤ، بە هۆی کەوانە شاخوێنبەرەوە دووڕکەوتۆتەوە، وەک لە مرۆڤ و زەرافەدا ئاشکرایە، کەواتە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ڕاستێتی بیردۆزی گەشەسەندن (Evolution Theory)! وەک زیندەوەرزان جێری کۆین لە کتێبی (بۆچی گەشەسەندن ڕاستە)دا ئاماژەی پێ دەکات.

لەگەڵ ئەوەی ئەم بەناو بەڵگەیە ناچێتە ئەقڵی سادەترین مرۆڤەوە، چ جای زانایان. بەڵکو لە جۆرێک گاڵتە و قسەی کۆمیدی دەچێت! بەڵام با بزانین:




سەرەتا تەنها RLN نیە کە ڕێڕەوەکەی دوور بێت و پێچکردنەوەی تێدا بێت –دیارە هیچیان بێ حیکمەت نیە- بۆ نموونە: بینینە دەمار (Optic nerve) ماوەیەکی کورت ناگرێتە بەر تا دەگاتە پشتە سەرە پل (Occipital lobe)ی ناو مێشک.

هەروەها دەمارەکان لە لای ڕاستی مێشکەوە بەرەو لای چەپی لەش دەڕۆن، جگە لە لقە نێوچەوان (Frontal branch)ی ڕوخسارە دەمار (Facial nerve).

سەبارەت بە RLN، وەک زانای زیندەوەرزانی وۆڵف ئیکهارد (Wolf- Ekkehard) لە توێژینەوەکەیدا باسی دەکات، کە بە ناوی (گەروە دەماری زەرافە دوپاتی گەشەسەندن ناکات The Laryngeal nerve of Giraffe: Does not prove Evolution): ئەو زانیاریانەی کە لە کتێبی (Grays Anatomy[6])دا هاتووە لە چاپی (1980) دا هەمان زانیاریە کە لە چاپی چلەمی ئەو کتێبەدا هاتووە لە ساڵی (2008) دا، کە دەڵێت: قورگە دەمارە گەڕاوەکە پێچ دەکاتەوە لە ژێر چەڵەمە خوێنبەردا (Sub-clavian artery) یان لە ژێر کەوانە شاخوێنبەردا (Aortic arch)، چەندین لق دەدات بە تۆڕە دەماری دڵ (cardiac plexus). کاتێکیش سەردەکەوێت لە ملدا چەندین لقی تر دەدات، زیاتر لە لای چەپ، بۆ پەردەی ناوەوە و ماسولکە توێی سورێنچک و بۆری هەوا، هەروەها هەندێک لق بۆ بەشی خوارەوەی گەروو (چاپی 1981: ل 1081، چاپی 2008: ل 459 و 588 و 589).

(6) یەکێکە لە گرگترین کتێبەکانی توێکارزانی (تشریح).




کۆرپەلە لە کاتی گەورەبوونیدا RLN بەرەو خوار دەکشێت وەک پرۆسەی گەشەدروستبوون (Development).. ئەم جوڵانە ڕوودەدات، چونکە دروستبوونی مل و درێژبوونی لاشە لە کاتی بەردەوام گەشەکردنی کۆرپەلە فشار لەسەر دڵ دروستدەکات، تا بەرە و خواری مل بچێت بۆ خوارتر تا دەگاتە بۆشایی سنگ[7]. کەواتە وردەکاری دروستبوونی یەک بە یەکی ئەندامەکان و پارچە وردەکانی و لە هەر قۆناغێکی ژیانی کۆرپەلەیدا پێویستن و بۆ ئەو قۆناغە تایبەتە پێ ناچێت بەدیلی هەبێت.. بلیشمید (Blechschmidt) دەڵێت: (هیچ ئۆرگانێک ناکرێت بووترێت کە بێ کارە – بێ فەرمان- لە کاتی گەشەکردنیدا لە کاتی کۆرپەلەییدا[8]).

وێڵە دەمار لە قۆناغی (16)هەمی کۆرپەلەییدا زۆر گەورەیە بە بەراورد لەگەڵ کۆئەندامی شاخوێنبەر. قورگە دەماری گەڕاوە ڕێژەیەکی زۆر بەستەرشانە (Connective tissue)ی تێدایە لە دەمارەکانی تر زیاتر، کە نایەڵێت بکشێت. پێشبینی دەکرێت ئەو فشارەی کە دەخرێتە سەر RLN کاتێک پێچ دەخوات بە ژێر (ductus arteriosus) –واتە ژێر کەوانە شاخوێنبەر- هەندێک پشتگیری وا بکات وەک خوێنبەرێکی ماسولکەدار دروست ببێت نەک لاستیکی (elastic)[9].

(7) Sadler, T. W. 1990. Langman›s Medical Embryology, 6th ed. Philadelphia, PA: Williams & Wilkins, 211.
(8) Blechschmidt, E. 2004. The Ontogenetic Basis of Human Anatomy: A Biodynamic Approach to Development from Conception to Birth. B. Freeman, transl. New York: North Atlantic Books, 188.
(9) Grays anatomy, 39th edition, 2005, p 1053.

ئەم ڕێگا (دوورە)ی RLN دیارە بێ حیکمەت نیە، بۆیە:
(لە کاتی ڕێڕەوی درێژی، لقە زۆرەکانی RLN دەمار دەداتە چەندین ئەندام لە جۆری جووڵەیی (motor) و هەستیی (sensory).. لەوانە بەشی سەرەوەی سورێنچک و بۆری هەوا و بەشی خوارەوەی گەروو و ماسولکەی بازنەیی گەروویی (cricopharyngeus muscle) کە لە بەشی خوارەوەی گەروو ڕاستەوخۆ لەسەر سورێنچکەوەیە.. هەروەها هەندێک لق دەدات بە تۆڕە دەماری دڵ[10]..

لەگەڵ ئەوەی RLN بە ڕێگەیەکی (دوورا) دەگاتە گەروو، بەڵام هەندێک لە دەمارەکانی تری گەروو ڕاستەوخۆ بۆی دێت، لەوانە دەماری هەستیی: گەرووە دەماری ناوەکی (Internal Laryngeal nerve) و دەماری جوڵەیی: گەرووە دەماری دەرەکی (External Laryngeal nerve) و دەماری تریش، وەک گەرووە دەماری سەرووی لای ڕاست (Right superior Laryngeal nerve) و گەرووە دەماری سەرووی لای چەپ (Left superior Laryngeal nerve) کە نزیک گەروو لقەکانی دەدات[11].

جیری بیرگمانی زیندەوەرزان لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: (دەماری RLN ی لای چەپ بە خراپی نەخشە نەکێشراوە، بەڵکو بەڵگەی نەخشەسازیی زیرەکە (ID)، ئەویش لەبەر ئەوەی:

–بەڵگەی زۆر هەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو نەخشەیەی هەیە دەرئەنجامی دروستبوونی گەشەسەندنی کۆتکراوە (developmental constraints)[12].

– ئاماژەی ئەوە هەیە کە ئەو نەخشەسازییە خزمەتی چاک کارکردنی گەروو دەکات.

– دەماری RLN لە ڕێگەکەیدا دەمار دەداتە چەندین ئەندام بە هۆی لقەکانیەوە، دوای جیابوونەوەی لە وێڵە دەمار.

– ئەم نەخشەسازییە دەبێتە هۆی دەماردانە گەروو لە پشتەوە —وەک پاڵپشتێک— لە کاتی بریندار بوونی دەمارەکەی لاکەی تر.

– هیچ بەڵگەیەک نیە لەسەر ئەوەی ئەم نەخشەسازییە ببێتە هۆی هیچ خراپییەک[13]).

هەروەها لە کتێبی بەناوبانگی توێکاریدا (Grays Anatomy) هاتووە: (لە ڕاستیشدا تەنانەت لە مرۆڤیشدا 0.3 - 1% ی خەڵکی RLN ی لای ڕاست کورت بۆتەوە و بەژێر کەوانە شاخوێنبەردا ناگەڕێتەوە، بۆیە پێی دەڵێن: قورگە دەمارە نەگەڕاوە (Non-recurrent Laryngeal nerve) زۆربەی کات ئەو دەمارە هاوکاتە لەگەڵ چاک درووستنەبوونی ژێرچەڵەمە خوێنبەر کە لە کەوانە شاخوێنبەرەوە دەردەچێت[14]).

(10) هەمان سەرچاوە.
(11) Sanders, I. and L. Mu. 1998. Anatomy of the Human Internal Superior Laryngeal Nerve. The Anatomical Record. 656-646 : 252.
(12) واتە لە کاتی کۆرپەلەییدا ئەو گۆڕانکاریانە دەبێت ڕووبدات.. هەمیشەش بەو شێوەیە ڕوودەدات، هیچ جارێك نیە بە شێوەیەکی تر ڕووبدات.
(13) Casey Luskin, The Recurrent Laryngeal Nerve Does Not Refute Intelligent Design.
(14) Grays anatomy, 2005, p 644.

بۆ زیاتر تێگەیشتن لەسەر جیاوازیی کاری دەمارە جیاکانی گەروو، و وردەکاری لە ڕێکخستنیاندا، و دەرکەوتنی گەورەیی و دانایی بەدیهێنەر، با بزانین کە: گەرووە دەماری سەروو (Superior Laryngeal nerve: SLN) دەمار دەداتە گەروو بۆ دروستکردنی چینی دەنگی بەرز (high-pitched sound)..

هەروەها RLN کە لە بەشی خوارەوە دەمار دەداتە گەروو بۆ دروستکردنی چینی دەنگی نزم (lower-pitched sounds).

ئەم دوو فاقەییە لە دەماردانی گەروو لەسەرەوە و خوارەوە نەخشەکێشانێکی ئاقڵانەیە لە دووبارەکردنەوە، یان تەواوکردن، بۆ کەمکردنەوەی کارتێکرانی، ئەگەر یەکێکیان بریندار بێت[15].

واتە لە کاتی بریندار بوونی یەکێکیان بە ڕووداو یان لە کاتی نەشتەرگریدا، ئەوا دەمارە ساغەکەی تریان یارمەتی کاری ئەوی تریان دەدات، یان بە کارەکەی ئەو هەڵدەستێت.

هەروەها: چەندین حاڵەتی پزیشکی تێبینی کراوە کاتێک SLN یان RLN بریندار دەبێت کارەکانیان بەرە و ئەوە دەچێت کە تایبەتمەندی کارەکەی بەرە و تایبەتمەندی کاری ئەوی تر بچێت، ئەوە دەگەیەنێت کە RLN کاری تایبەتی خۆی دەکات کاتێک هەموو شتێک بە تەواوی کار بکات[16].

پێ ناچێت زانست پشتیوانی لە بانگەشەکەرانی گەشەسەندن بکات، و ناتوانن بە زۆر هەندێک دیاردەمان لێ بکەنە ڕاستی و بڕوامان بگۆڕن بەوەی کە پێمان گەیشتووە، لە هەواڵی یەقینییەوە کە خوای گەورە سەرەتا مرۆڤی بە مرۆڤ دروستکردووە، نەک ماسی.

وەک لە سەرەتاوە ئاماژەم پێکرد، لەگەڵ نەبوونی بەڵگەی بەرجەستە (ملموس) لەبەر دەستماندا، لەسەر سەرەتای دروستبوونی مرۆڤ، هەواڵە ڕاستەکان باشترین بەڵگەمانە.. خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ مِنَ الْمَاءِ بَشَرًا فَجَعَلَهُ نَسَبًا وَصِهْرًا وَكَانَ رَبُّكَ قَدِيرًا﴾

الفرقان:٥٤ ، .. بە تایبەت دوای ئەو گەشتە کورتەمان بەناو دەمارەکانی قورقوڕاگەدا — دیارە درێژەی بابەتەکان لە ناو کتێبەکانی توێکارزانی و کارئەندامزانیدایە- کە لە ڕاستیدا هەموو خاوەن ویژدانێک بۆی دەردەکەوێت کە ئەم دروستکراوەی پێی دەوترێت مرۆڤ زۆر بە جوانی و وردی بەدیهێنراوە. ناکرێت بە درێژبوونی ملی ماسیەک دەماری RLN سەری لێ تێکچووبێت، تا بانگەشەکەرانی گەشەسەندن ئەو گرفتەی بۆ چارەسەر بکات!!

### سەرچاوەکان:


– المعجم المفهرس لالفاظ القرآن الكريم، محمد فؤاد عبدالباقي، ط1، انتشارات اسلامي، طهران، 1378.
– الطب محراب للإيمان، د. خالص جلبي، ج1، مؤسسة الرسالة، بيروت، لبنان، ط7، 1407هـ- 1983م.
– فەرهەنگی پزیشکی، کارینا، سلێمانی، 2010-2011.
– فەرهەنگی پەزیشکی، د. ئەوڕەحمان عەبدوڵا، چ3، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2010.
–Recurrent Laryngeal Nerve Is Not Evidence of Poor Design, by Jerry Bergman, Ph.D.
لە ئەنتەرنێتەوە.
- The Recurrent Laryngeal Nerve Does Not Refute Intelligent Design, Casey Luskin
لە ئەنتەرنێتەوە.


(15) Casey Luskin, The Recurrent Laryngeal Nerve Does Not Refute Intelligent Design.

(16) هەمان سەرچاوە.




# کێ توانای پێکەنین و گریان بە کۆرپەلە دەبەخشێت؟

جمال الجنانی – دکتۆرا لە کیمیا

**خوای بە توانا دەفەرموێت:**
﴿ وَأَنَّهُۥ هُوَ أَضۡحَكَ وَأَبۡكَىٰ ﴾ النجم:٤٣، واتە: هەر ئەو خودایەیە کە توانای پێکەنین و گریانی پێ بەخشیوە.

زانایان تا ئێستا باوەڕیان وا بوو، ئەو دەربڕینانەی کە لەسەر ڕووی ساوا دەردەکەوێت، وەک زەردەخەنەو پێکەنین، هۆکەی ئەوەیە منداڵی ساوا چاو لە دەربڕینەکانی دایکی دەکاتەوە، و ئەم تیۆرە لە ئارادا بوو، هەروەها باوەڕ وابوو کە منداڵ هەتا چەند هەفتەیەک دوای لە دایکبونی زەردەخەنەو پێکەنین ناکات. بەڵام بە بەکارهێنانی تەکنیکی وێنەگرتنی سەروو دەنگیی سێ دووری و چوار دووری، زانایان تێبینی دەربڕینی مرۆیی ڕاستەقینەییان لەسەر ڕووی کۆرپەلە کرد. هەروەها سەریان لەوە سوڕما کە بینیان کۆرپەلە لە منداڵدانی دایکیدا دەمێک دەگری و دەمێک پێدەکەنێت.



ئامێری شەپۆلەکانی سەرو دەنگ چوار دووری

ئەم هەستانە پێویستە ئەو پرسیارە بوروژێنێت، کە ئەگەر کۆرپەلە لە منداڵدانی دایکیدایەو هێشتا نە ڕووناکی بینیوە نە دایکی بینیوە پێبکەنێت یان بگری، کەواتە ئەی کێ ئەم کۆرپەلەیەی فێری زەردەخەنە یان گریان کرد؟!.... زاناکان ئەم پرسیارە دەکەن، دکتۆر ستوارت کامپێل(Stuart Campbell) دەڵێت: من ناتوانم وەڵام بدەمەوە، بەڵام بە فیعلی گۆشەکانی دەم دەکرێنەوەو شەویلگەکان دەجوڵێن.....

لەو باوەڕەدام ئەمە بەڵگەیە لەسەر نەبونی ژینگەی شڵەژان لە منداڵداندا، بەڵام دەبینین وەڵامی ئەمە لە قورئانی پیرۆزدا لەم ئایەتە پیرۆزەدا دەبینین: (وأنه هو اضحك وأبكى) واتە: ئەوە ئەو خودا بەدیهێنەرەیە کە لەسکی دایکیدا توانای پێکەنین و و توانای گریانی بەخشیوە بە کۆرپەلە.



وێنەی کۆرپەلەیەک باوێشک دەدات

**سەرچاوە:**

:http://quran-m.com/container2.php?fun=artview&id=818

**سەرچاوەکانی نوسەر:**

1. http://en.wikipedia.org/wiki/3D_ultrasound
2. http://www.springerlink.com/content/t57177166622807X/
3. http://news.bbc.co.uk/2/hi/health/3105580.stm
4. http://health.howstuffworks.com/question98.htm
-5http://99wow.blogspot.com/10/2012/fetuses-breathe-urinate-smile-in-wombs.html



وانظر إلى العظام...

# چۆنیەتی دروستبوونی ئێسکی مرۆڤ

و: عومەر تەیب

بێگومان روون بۆتەوە کە کۆرپەلە لە ناو سکی دایکیدا لەئەنجامی پیتاندنی هێلکە بە سپێرمی نێرە دروستدەبێت. پاش چەند هەفتەیەک لە گەشەی کۆرپەکە ئینجا ئێسک دەستدەکات بە وەرگرتنی شێوەی خۆی، پاشان وردە وردە ئەم ئێسکە بە گۆشت دادەپۆشرێت، لەڕاستیدا ئەم کردارە زۆر گران و ئاڵۆزە، چونکە هەرگیز گۆشت ناتوانێت پێش دروستبوونی ئێسک شێوەی تەواوی خۆی وەربگرێت. بۆیە خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿وَٱنظُرۡ إِلَى ٱلۡعِظَامِ كَيۡفَ نُنشِزُهَا ثُمَّ نَكۡسُوهَا لَحۡمٗاۚ﴾ البقرة ٢٥٩.

واتە: (ئایا تۆ سەیر ناکەیت کەوا ئێمە چۆن ئێسک دروستدەکەین و پاشان گۆشت دەکەین بەبەریدا).

واتە یەکەم جار ئێسک دروستدەبێت و پاشان گۆشت و ماسولکەی بەبەردا دەکرێت. جا ئەگەر ئەمڕۆ لە هەرچی پزیشکە بپرسین دەربارەی ئەم بابەتە، دەڵێن ئەو خانانەی کە ئێسکی کۆرپەیان لێ دروستدەبێت پێش ئەو خانانە دروستدەبن کە دەگۆڕێن بۆ ماسولکە و گۆشت.

کەواتە پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئایا ئەوە خوای گەورە نیە کە پێغەمبەری ئێمەی محمد (درودی خوای لەسەر بێت) ئاگادار کردۆتەوە بەو زانستە راستەقینەیە؟ بێگومان بەڵێ.



# پەنجەمۆر

و: شێوان دابەر

لە رووی زانستییەوە سەلمێنراوە کە لە سەردەمی حەزرەتی ئادەم (علیه السلام) تا ئێستا، هەموو ئادەمیزادێک لەسەر گۆی زەوی، پەنجەمۆرێکی تایبەتی خۆی هەیە، وەکو هی کەس نیە، ئەم پەنجە مۆرەش، بە چەند خەت و هێڵێکی جاڵجاڵۆکەیی و ئاڵۆز لە چەماوەولۆچەکانی تر جیایە و جیادەبێتەوە. ئەوەش هۆکارە بۆ ناسینی ناسنامە و پێناسی کەسی، هەرچەندە پەنجەکانی دەست لەڕووی تەختی هەموویان وەکو یەکن، بەرزی و نزمی و خوار و خێچیان تیا نیە، لێکۆڵەروان لە ناسین و زانینی شوێنەواری تاوانەکان وەک خۆی نەگەیشتونەتە بن بەست و زاڵ نەبوونە. ئەم ڕاستیە زانستیە دۆزراوەی سەردەمی تازەش لە مێژە قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێ کردووە و، هەواڵمان پێ دەدا کە خوای گەورە تواناداره لەسەر ڕێکخستنەوەی سەرە پەنجەکانی ئینسان ، کە بریتی یە لە پەنجە مۆرەکەی . وەک خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿أَيَحۡسَبُ ٱلۡإِنسَٰنُ أَلَّن نَّجۡمَعَ عِظَامَهُۥ ٣ بَلَىٰ قَٰدِرِينَ عَلَىٰٓ أَن نُّسَوِّيَ بَنَانَهُۥ ٤﴾ القیامة.

واتە: ئایا ئینسان وا دەزانێ کە ئێسقانە ڕزیوەکانی لە دوای مردن کۆ ناکرێتەوە، بەڵێ: با وانەزانێ، بەڵکو خوای گەورە لە ڕۆژی بەرێ توانادارە لەسەر دروستکردنەوە و ڕێکخستنەوەی ئەنگوست و سەرە پەنجەکانی ئینسان کە پەنجە مۆرەکەیەتی وەکو خۆی.

﴿ كَزَرۡعٍ أَخۡرَجَ شَطۡـَٔهُۥ فَـَٔازَرَهُۥ فَٱسۡتَغۡلَظَ فَٱسۡتَوَىٰ عَلَىٰ سُوقِهِۦ ﴾



# قورئان و ڕووەک شایەتی دادپەروەری هاوەڵان دەدەن!

ئا: هاوژین طالب
hawzhin@gmx.de

قورئانی پیرۆز لە ئایەتی (29)ی سورەتی (الفتح)دا هەواڵمان پێدەدات کە لە ئینجیلدا نموونەی پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵان (خوا لێیان ڕازیبێت) بە جۆرێک ڕووەک هاتووە، زانایان بۆیان دەرکەوتووە کە لە ئینجیلەکاندا باسی میللەتێک هەیە، لەگەڵ پێغەمبەرەکەیان پەیدادەبن و کۆمەکیی یەکتردەکەن و وەک ڕووەک دەڕوێن و پێدەگەن، بە نموونە لە ئینجیلەکانی (مرقس ئیسحاحی 4 و لۆقا ئیسحاحی 13،8 و متی ئیسحاحی 21،13). ئایەتەکەی قورئان زۆر بە وردی قۆناغەکانی گەشەکردنی ئەو جۆرە ڕووەکە ڕووندەکاتەوە، کە ئەگەر لە کاتی خۆیدا زانایانی ڕووەک تێبینییان بکردایە زووتر بە ئەنجامەکانی ئێستایان دەگەیشتن، و هەوڵێکی زۆری مرۆڤایەتیش پاشەکەوتدەکرا.

ئایەتەکە: ﴿ مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِۚ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلۡكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيۡنَهُمۡۖ تَرَىٰهُمۡ رُكَّعًا سُجَّدًا يَبۡتَغُونَ فَضۡلًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضۡوَٰنًاۖ سِيمَاهُمۡ فِي وُجُوهِهِم مِّنۡ أَثَرِ ٱلسُّجُودِۚ ذَٰلِكَ مَثَلُهُمۡ فِي ٱلتَّوۡرَىٰةِۚ وَمَثَلُهُمۡ فِي ٱلۡإِنجِيلِ كَزَرۡعٍ أَخۡرَجَ شَطۡـَٔهُۥ فَـَٔازَرَهُۥ فَٱسۡتَغۡلَظَ فَٱسۡتَوَىٰ عَلَىٰ سُوقِهِۦ يُعۡجِبُ ٱلزُّرَّاعَ لِيَغِيظَ بِهِمُ ٱلۡكُفَّارَۗ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِنۡهُم مَّغۡفِرَةً وَأَجۡرًا عَظِيمًۢا ٢٩ ﴾ الفتح.

مانای ئایەتەکە: (محمد (ﷺ) ڕەوانەکراوی خوایە، ئەوانەش کە لە گەڵیدان بەرامبەر بێباوەڕان توند و تیژن و لەنێوان خۆیاندا بەبەزەیی و میهرەبانن، دەیانبینیت سەرگەرمی نوێژن، کڕنۆش و سوژدەدەبەن، هەردەم ئاواتیان بەدەست هێنانی ڕەزامەندی و پایە بەرزییە لەلای خوا، نیشانەی چاکییان لە ناوچەوانیاندا دیارە لە ئەنجامی سوژدەبردن و خوا پەرستییاندا، جا ئەوە نموونەیانە لە تەوراتدا، نموونەشیان لە ئینجیلدا وەک ڕووەکێک وایە کە لە سەرەتاوە چەکەرەبکات، جا چەکەرەکەی بەهێز کردبێت، پاشان ئەستوور ببێت و لەسەر قەدەکەی ڕابوەستێت، ئیتر جووتیارەکان سەرسامبکات و پێیان سەیر بێت: چۆن وا پێگەیی؟! چۆن ئاوا خۆی گرت؟! ئەم پێناسەیە بۆ ئەوەیە خوا کافران داخ لەدڵ بکات، جا خوا بەڵێنی بەوانەداوە کە باوەڕیان هێناوە و کردەوە چاکەکانیان ئەنجام داوە لەوان: کە لێخۆشبوون و پاداشتی گەورەیان پێببەخشێت.

واتە نموونەی ئەو بەڕێزانە لە ئینجیلدا وەک ڕووەکێک وایە...

كَزَرۡعٍ: ئەم وشەیە لە ئایەتەکەدا بە (كَزَرۡعٍ) هاتووە نەک (کالزرع)، چونکە وشەی (کالزرع) گشتییە و هەموو ڕووەکێک دەگرێتەوە، بەڵام وشەی (كَزَرۡعٍ) جۆرێکی دیاریکراوی ڕووەک دەگرێتەوە، کەواتە حیکمەتێکی ئایەتەکە ئاماژەکردنە بۆ جۆرێکی دیاریکراو لە ڕووەک، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە سیفەتەکانی ئەو جۆرە ڕووەکە باسدەکات، کە بێگومان دەیان هەزار جۆر ڕووەکی تر هەن کە ئەو سیفەتانەیان نییە.



أَخْرَجَ شَطْـَٔهُۥ: (الشطء) بە ئینگلیزی: (Tiller)، لە (لسان العرب) یشدا (الشطء): بە مانای جوچکەی رووەک (فرخ الزرع) دێت. (الشطء) لقێکە لە گرێی خوارەوەی رووەک لە ژێر رووی زەویدا چەکەرەدەکات (Leonard and martin 1968)، بە تەواویش لە قەدە بنچینەییەکە دەچێت، و جیاوازیشە لەو لقەی کە بە ئینگلیزی پێی دەوترێت (Branch)، چونکە ئەمەی دواییان کەمێک لە قەدە بنچینەییەکە جیاوازە، و لەسەر هەر شوێنێک بە درێژایی قەدەکە دەردەکەوێت (Hector 1936)، بە نموونە وەک لۆکە و پاقلە.

کەواتە مەبەست لەم سێ وشە پیرۆزە (كَزَرْعٍ أَخْرَجَ شَطْـَٔهُۥ)، رووەکە یەک کەرتەکانە بەتایبەتی خێزانی نەجیلی، وەک گەنم و جۆ و برنج و گەنمە شامی بڵند و قامیشی شەکر، چونکە ئەوان ئەو جۆرانەن کە (أشطاء) دەردەکەن (Hector 1936)، و بە تەواویش هاوشێوەی قەدە بنچینەییەکەن کە راستەوخۆ دوای چاندن لە تۆو دروستدەبێت.

گەشەی ئەم جۆرە لقە (شطء) لە تۆو وە نابێت، بەڵکو لەو چرۆیانەی کە لەسەر گرێکانی خوارەوەی قەدن و راستەوخۆش لە ژێر رووی خاک دان، ماوەی نێوان دەرهاتنی لقی یەکەم و لقی دووەمیش (2 - 3) رۆژ دەبێت، بەو شێوەیە لقەکان دەردەچن و ژمارەشیان بەندە لەسەر جۆری رووەکەکە و بارودۆخی ژینگەی دەوروبەری (Evans 1975).

کەواتە رووەکەکە زیاتر لە لقێک (شطء) دەردەکات، بەڵام بە دواییەکدا، و ماوەیەکی کاتی لە نێوان دەرچوونی لقی یەکەم و دووەم و سێیەمدا هەیە و تاد...، بۆیە وشە قورئانییەکەش بە (شطأه) هاتووە نەک (أشطاءه) خوای گەورەش زاناترە.




فَـَٔازَرَهُۥ: واتە بەهێزیکردبێت، یارمەتیدابێت، توند و راوەستاو یکردبێت [1]، قەدە بنچینەییەکە هەڵدەستێت بە بەهێزکردنی ئەو لقەی دەریدەکات، کە ئەمەش ئێستا لە جیهانی رووەکدا راستییەکی ئاشکرایە، و بە لێکۆڵینەوە بەهۆی ئامێری ورد و پشکنینی مایکرۆسکۆبی پەیوەندی نێوان لق (شطء) و قەدە بنچینەییەکە چەسپاوە (Fischbeck et al 1982).

لەو لێکۆڵینەوانەش کە لەم بوارەدا ئەنجامدراون لێکۆڵینەوەکانی دوو زانای یابانین (Ishizuka and Tanaka 1963)، شایەنی باسە زانای ئینگلیزی (Evans 1975) لەسەر ئەنجامەکانی ئەو دوو زانایە لە پەرتوکەکەیدا بەناوی (فسيولوجية المحاصيل) دەڵێت: دەرکەوت لق (شطء) لە کاتی چەکەرەیدا بۆ مژینی خۆراکە ماددەکان کە پێویستن بۆ بینای خانەکانی، بە تەواوی پشت بە قەدە بنچینەییەکە (دایک) دەبەستێت، تاوەکو سێ گەڵای سەوز یان چوار تا پێنج رەگ دەردەکات، ئەمەش قورئانی پیرۆز پێش چواردە سەدە بە وشەی (فَـَٔازَرَهُۥ) ئاماژەی بۆ کردووە، هەروەک چۆن ئەم راستییە بە لێکۆڵینەوەی زانستی لە برنجدا دەرکەوت بەهەمان شێوە لە رووەکانی گەنم و جۆشدا چەسپاوە.[2]

فَٱسْتَغْلَظَ: لێرەدا پیتی (فا) بۆ بەدواییەکداهاتنە هەروەک لە وشەی (فَـَٔازَرَهُۥ)دا هاتووە، واتە لقەکە (شطء) یەکەم جار دەردەکەوێت پاشان دوای ئەوە یارمەتیدان روودەدات، جا کاتێک لقەکە (شطء) چەکەرەدەکات قەدە بنچینەییەکە یارمەتیدەدات و خۆراکە ماددەی پێویستی بۆ دەنێرێت تا خانەکانی گەشەبکەن ئەوەش تاوەکو سێ فەریکە گەڵای سەوز یان چوار تا پێنج رەگ دەردەکات، ئەو کات لقەکە (شطء) دەستدەکات بە پشتبەستن بە خۆی بۆ پێکهێنانی خۆراکە مادده لە رێی رەگەوە کە هەڵدەستێت بە مژینی رەگەزە تواوەکان لە ئاودا کە پێویستن بۆ گەشەکردن.

گەڵاکانیش هەڵدەستن بە کرداری رۆشنەپێکهاتن و پێکهێنانی ماددە کاربۆهیدراتییە پێویستەکان بۆ وزە، هەروەها هەڵدەستن بە کرداری هەناسەدان لە رێی کونەکانەوە، لێرەشەوە کرداری زیادبوونی ئەستووریی دەستپێدەکات و لقەکە خۆی پێی هەڵدەستێت.

وشەی (فَٱسْتَغْلَظَ) وەک وشەی (فَـَٔازَرَهُۥ) نییە، چونکە لق لە رێی پێکهێنانی (لجنين) و (سليلۆز) بۆ زیادبوونی ئەستووری و بەهێزکردنی دیواری خانەکانی پشت بەخۆی دەبەستێت، و لەم قۆناغەشدا گرێ لەسەر قەد (لاق)ەکە دەردەکەوێت، زانایانی رووەک ئەم قۆناغەی گەشەکردن بە قۆناغی پێکهێنانی گرێکان ناودەبەن، (Leonard and Jointing Stage martin 1968) چونکە گرێکان لە پاڵ یەکدا دروستدەبن و ناشتوانرێت راستەوخۆ بە چاو ببینرێن، لەبەرئەوەی بە کێلانی گەڵا داپۆشراو دەبن.

بۆیە پێویستە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر نموونەیان وەربگیرێت و پشکنینی میکرۆسکۆبی یان زەرەبینی گەورەکەر و شیکردنەوەی کیمیاویی وردیان بۆ بکرێت، تا رێژەی (لجنين و سليلۆز) دەربکەوێت، ئەو دوو ماددەیەی یارمەتی زیادبوونی ئەستووری دیواری خانەکان دەدەن (Leonard and martin 1968)، بێگومان بەهێزیی لقەکان و توانای بەرگرییشیان بۆ بارودۆخە

(1) تەفسیری قورتوبی (295/16)، (فتح القدير)ی شەوکانی (56/5).
(2) محاصيل الحبوب: مصطفى علي مرسي 1979 ز.

ژینگەییەکان بەتایبەتی با لەسەر ئەم کرداری ئەستووربوونە بەندە.

﴿فَٱسۡتَوَىٰ عَلَىٰ سُوقِهِۦ﴾ کاتێک لقەکان ئەستووردەبن لەسەر پێی خۆیان رادەوەستن. لێرەوە لەدوای پێکهاتنی گرێکان خانەکان دەست بە دابەشبووندەکەن و کرداری درێژبوون دەستپێدەکات، بەوهۆیەشەوە نێوانی هەر گرێ و گرێیەکی تر درێژدەبێت، کە بە پلیکانە ناسراوە، هەر پلەیەک سەربەخۆ بەردەوام لە درێژبووندا دەبێت، و پاڵ بە پلەکەی دوای خۆی دەنێت، ئەویش هەروا درێژدەبێتەوە تا ئەو کاتەی گوڵە گەنم و جۆکان لەسەر لوتکەی لقەکان دەست بەدەرکەوتندەکەن، ئەو کاتە دەبینین لقەکان دەگەنە بەرزترین درێژییان و هەموو گوڵە گەنم و جۆکانیش تەواو دروستبوون.

بێگومان لقەکان هەموو گوڵناگرن، هەندێکیان پێش ئەم قۆناغە دەمرن و بە لقە بێبەرەکان دەناسرێن. ئەوانەشیان کە دەگەنە دوورترین درێژیی و گوڵ دەگرن لقە بەردارەکانن (Reiad et al 1978).

خاڵێکی گرنگی تریش هەیە، لەکاتی پێگەیشتنی گوڵەکان و گەشەی دانەکاندا رووەک تووشی دیاردەی نوستن دەبێت، بەوەش بەشێک لە بەروبوومەکە لەناودەچێت. بەڵام دەرکەوتووە کە لق دەرکردن و ئەستوربوون بەرگریی لە نوستنی رووەکەکان دەکەن (Evans 1975). رێژەی بەروبوومی کشتوکاڵیش بەندە لەسەر رێژەی سەدی لقە بەردارەکان تا ئەمان زیادبن بەربووومیش زیاددەبێت. زۆری لق و پەلیش نیشانەی بەروبوومنین، بەڵکو رێژەی ئەو لقانەی کە گوڵ دەگرن، ئەمەشە ئایەتە پیرۆزەکە ئاماژەی بۆ دەکات: (یعجب الزراع).

﴿يُعۡجِبُ ٱلزُّرَّاعَ﴾: واتە جوتیارەکان بە پێگەیشتنی بەروبوومەکانیان سەرسامدەبن و رازیدەبن، چونکە جوتیار ئەو کاتە دڵنیادەبێت کە دەبینێت کشتوکاڵەکەی بەریگرتووە.

﴿لِيَغِيظَ بِهِمُ ٱلۡكُفَّارَ﴾: ئەمەش بۆ ئەوەیە کافران داخ لە دڵ بکات، بۆیە ریوایەتکراوە لە (ئیمامی مالیک)وە رەحمەتی خوای لێبێت لەم ئایەتە ئەوەی وەرگرتووە کە هەر رافیزەیەک رقی لە هاوەڵانی پێغەمبەر بێت بەم ئایەتە کافردەبێت، چونکە ئەوان رقیان لە هاوەڵانە و هەرکەسێکیش وا بێت ئەم وەسفە دەیگرێتەوە، و کۆمەڵێکی زۆر لە زانایانیش هاوڕان لەگەڵیدا. (تفسیر القران العظیم) ب/5، لا/642.

کەواتە دەرکەوت ئەم لێکچواندنە رەوانبێژییەی قورئان واقیعییە، چونکە ئەو جۆرە رووەکانە بەهەمان وێنە بەردەگرن، سەرەتا دەنکە تۆوێک پاشان قەدە بنچینەییەکە، ئەویش لقێکی لە تەیشتەوە لێدەبێتەوە، بەو شێوەیە هەتا ژمارەی لقەکان هەندێ جار دەگەنە (150) لق، بێگومان هەموو ئەم لقانەش لە قەدە بنچینەییەکەنین، بەڵکو لەو لقانەی تەنیشتیشەوە کە ئەوانیش توانای دەرکردنی لق یان چەند لقێکی لاتەنیشتیی تریان هەیە کە بە تەواوی لەخۆیان دەچن.

ئەم کۆمەڵە لقانەش بە تەواوی هاوکاری یەکترن، لە رۆژانی یەکەمی ژیانی لقەکەدا قەدە بنچینەییەکە یارمەتی دەدات (فازرە)، لقەکەش بە هەمان کردار هەڵدەستێت ئەوکاتەی ئەویش لقێکی تر دەبەخشێت.

لەوەش زیاتر ئەوەیە کە لقەکان کاتێک گەورەدەبن و پێش ئەوەی پێبگەن لەکاتی پێویستدا خۆراکە ماددە بە قەدە بنچینەییەکە دەدەن (Evans 1975)، و بەردەوام لە رێی گرێی خوارەوەی لاقی رووەک کە لە خاکەوە نزیکە پەیوەندییان پێکەوەدەبێت، ئەگەر خۆراک لەلای دایک کەمبووەوە لقەکان پێیدەبەخشن، لقەکانیش لە کاتی مردنیاندا هەرچی خواردنێکیان پێکهێنابێت دەیبەخشنەوە بە دایک، ئەمەش لە نێوان بەنی ئادەمدا بە میهرەبانی ناودەبرێت، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: (﴿رُحَمَآءُ بَيۡنَهُمۡ﴾ ) بەبەزەیی و میهرەبانن لە نێوان خۆیاندا.

هەروەها لە ئایەتەکەدا هاتووە: (﴿أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلۡكُفَّارِ﴾) توند و تیژن بەرامبەر بێباوەڕان، لەمەشدا دەتوانرێت تێبینی لێکچواندنیان بە رووەک بکرێت، کاتێک قەدە بنچینەییەکە و لقەکانی رووەکەکە بەهۆی ئەو کۆمەڵە زۆرە لە رەگەکان کە پێکیان هێناون بەرگری لە با دەکەن، بێگومان با دەبێتە هۆی ئەوەی رووەکە لاوازەکان تووشی دیاردەی نوستن ببن. ئەو رووەکەش کە لقەکانی پێدەگات و ئەستووردەبێت و لەسەر لاقی خۆی دەوەستێت بە تواناییەکی گەورەوە بەرگری لە با دەکات.

ئەم نموونەیە بە تەواوی وێنەی کۆمەڵگای ئیسلامیمان بۆ دەکێشێت کە هاوکاری یەکترن و بەرامبەر ئەشکەنجە و هێرشی دوژمنانیان خۆگرن، وەک پێشتر ئایەتەکە روونیکردەوە، لە کۆتاییشدا ئومێدەوارم توانیبێتم سەرنجی خوێنەر بۆ هەندێک لە دیاردەکانی ئیعجازی زانستی لەم ئایەتە پیرۆزەدا رابکێشم.

سەرچاوە:

1- پەرتووکی (من أوجه الاعجاز العلمي للقران الكريم في عالم النبات/ د. قطب عامر فرغلي، د. السيد محمد زيدان). 2 - وتارێکی مامۆستا (عبدالمجيد زنداني). 3 - تەفسیری ئاسان. 4 - تفسير القران العظيم للامام ابن كثير. 5 - موسوعة الاعجاز العلمي في القران والسنة. 6 - مونتەدای (قصة الاسلام).








# قُلۡ كُونُواْ حِجَارَةً أَوۡ حَدِيدًا

## ئیعجازێکی زانستی نوێ:

# چۆن ئێسک دەگۆڕێت بۆ بەرد یان ئاسن ؟

هەیڤ

وێنەی ئێسکە پەیکەرێکی بە بەردبووی مرۆڤ

ئەگەر تەرمی مرۆڤێک یان هەر گیاندارێک لە ناوچەیەکدا نێژرا کە توخمی سلیکای زۆر تێدابوو ئەوا پەیکەری مردووەکە دەگۆڕێت بۆ بەرد بە تێپەڕبوونی کات، بەڵام ئەگەر پەیکەرە ئێسکیەکە لە ناوچەیەکدا بوو کە توخمی (بیریت) یان ئاسنی بیریتی(Iron pyrite) تێدابوو، کە بریتیە لە دووەم گۆگردیدی ئاسن (FeS2) ئەوا بە تێپەڕبوونی کات هەموو پەیکەرە ئێسکیەکە دەگۆڕێت بۆ ئاسن بە هەموو سیفەتە جیاکەرەوەکانی ئاسنەوە !!!

خوای گەورە ئاماژە بەو ڕاستیە زانستیە دەکات و دەفەرموێت:

﴿ وَقَالُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمًا وَرُفَٰتًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ خَلۡقًا جَدِيدًا ٤٩ قُلۡ كُونُواْ حِجَارَةً أَوۡ حَدِيدًا ٥٠ أَوۡ خَلۡقًا مِّمَّا يَكۡبُرُ فِي صُدُورِكُمۡۚ فَسَيَقُولُونَ مَن يُعِيدُنَاۖ قُلِ ٱلَّذِي فَطَرَكُمۡ أَوَّلَ مَرَّةٍۚ فَسَيُنۡغِضُونَ إِلَيۡكَ رُءُوسَهُمۡ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هُوَۖ قُلۡ عَسَىٰٓ أَن يَكُونَ قَرِيبًا ٥١ ﴾ الإسراء.

واتە بێبڕواکان دەڵێن ئێمە کە بوینە ئێسک و پروسک ئیتر کێ زیندومان دەکاتەوە؟ پێیان بڵێ ئەگەر ببنە بەرد یان ئاسن و یان هەر شتێکی تر لای ئێوە گەورە بێت هەر خوای گەورە دەتوانێت بتانگێڕێتەوە و زیندوتان بکاتەوە وەک یەکەم جار کە دروستیکردوون، ئەوانیش سەر دەلەقێنن و دەڵێن کەی ئەوە دەبێت تۆش ئەی محمد پێیان بڵێ لەوانەیە ئەوە زۆر نزیک بێت. واتە ئەگەر واشتان لێبێت خوا هەر زیندوتان دەکاتەوە.

ئەو ئایەتانە باس لە نکوڵی بێبڕواکان دەکات لە زیندوبوونەوەی پاش مردن، لە هەمان کاتدا ئاماژەیەکی زانستی زۆر گەورەی تێدایە کە لەم سەردەمەدا دۆزراوەتەوە، ئەویش ئەوەیە کە پەیکەری ئێسکی مردوو دەگۆڕێت بۆ ئاسن یان بەرد کە ئەوەش لە ئێستادا نەک هەر ڕاستیەکی زانستیە بەڵکو بناغەیە بۆ لقێکی گرنگ لە زانستەکان بە ناوی (زانستی بەبەردبوەکان) واتە (Paleontology) بەوەش قورئانی پیرۆز پێش زانستی سەردەم دەکەوێت لەو زانستە گرنگەدا، دەی کێ محمدێکی (ﷺ) نەخوێندەواری فێری ئەو زانستە کرد ئەگەر قورئانی پیرۆز نێردراوی خوای گەورە نەبێت بۆ سەر مرۆڤەکان ؟؟



وێنەی گوێچکە ماسییەکی بە ئاسن بوو

سەرچاوە:

http://quran-m.com/container.php?fun=artview&id=771

سەرچاوەکانی نوسەر

1- http://en.wikipedia.org/wiki/Fossils
2- http://www.paleontology.esmartstudent.com/fossilization.html
3- Understanding fossilization: Experimental pyritization of plants, Geology Journal, Stephen T. Grimes
4- http://www.discoveringfossils.co.uk/pyrite_formation_fossils.htm

# ﴿ وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ ﴾



# بەرد وەک سووتەمەنی ناووکی


**م. جەمال موحەمەد ئەمین**
jamalmhammad@yahoo.com


هەرکاتێک قورئانی پیرۆز ئاماژە بۆ بابەتێکی زانستی بکات پێویستە زۆر بە فراوانی ئەو ئاماژە زانستیە شیبکرێتەوە، نەک تەنها بۆ دەرخستنی لایەنە ئیعجازیەکەی ئەو ئاماژە زانستیە بەڵکو زیاتر لەوەش، بۆ زانین و فراوانکردنی تۆژینەوەکان بەو ئاڕاستەدا تا بتوانرێت سوود و کەڵکی زیاتر لە ڕووی کرداریەوە بگەیەنرێت بە مرۆڤایەتی.

ئاماژەی قورئانی هەیە دەربارەی بەرد وەک سوتەمەنی، لەوانەش ﴿ وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ ﴾ البقرة:٢٤، ئەوە ئاماژەیەکی زۆر نوێیە بۆ ئێمەی مرۆڤ، چونکە تا ماوەیەکی زۆر کەمی پێش ئێستا کەس نەیبستوە بەرد وەک سووتەمەنی بەکار بێت، بە پێی سروشتی بەرد و ناسنامە کیمیاییەکەی لە ڕووی پێکهاتنەوە ناکرێت وزە لە بەردەوە وەرگیرێت تەنها لە یەک باردا نەبێت ئەویش ئەوەیە دەرپەڕاندنی وزە شاراوەکانی ناو ناووکی گەردیلەکانی لە ڕێگای کەرتبوونی (لەتبوونی) ناووکیەوە واتە (nuclear fission).

ئەو ئایەتە و شێوەکانی و فەرموودەی پەیامبەر (ﷺ) ئاماژە بەوە دەدەن کە دەکرێت لە گەرمی زۆرەوە ئەو کارلێکە ڕوودات، وە ئەوەی مەبەستە لەم بابەتەدا دوو خاڵە:

1) تەنها ئاماژەدانە بەو لایەنە زانستیەی ئەو جۆرە ئایەتانەی کە بەو جۆرە باس لە ئاگری دۆزەخ دەکەن وە بە تایبەتی وشەی (الحجارة) ئیتر بە دوور لە چوونە ناو بابەتە نادیارییەکانی ڕۆژی دوایی کە جگە لەوانەی لە ئایەت و فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) هاتوون هیچی تر دەربارەی نازانین و لەوانەیە لەوانەیش بە تەواوی تێنەگەین و ئەوانە تەنها بۆ نزیکردنەوەی بۆچوونەکانمانە دەربارەی ئەو دونیایە کە زۆر جیاوازە لەم دونیای ئێستای ئێمە بە ئەندازەی زۆر زۆر زیاتر لەو جیاوازییەی نێوان دونیای کۆرپەیەک لە سکی دایکیدایە و ئەو دونیای بۆی دەچێت پاش لە دایکبوونی.

2) تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕاڤە جیاجیانی ئایەتەکان و بە تایبەتی وشەی (الحجارة) بە دوور دەبم چونکە بابەتەکە زانستیە و باس لە شتێک دەکات کە لەو سەردەمانەدا نەزانراوبوون بۆیە قسەیان لە سەر نەکراون، ئەوەندە هەیە بتوانین ڕۆشناییەکی کەم بخەینە سەر ئەو جۆرە ئایەتانەی قورئانی پیرۆز کە موعجیزەیە و هەرگیز عەجایبەکانی کۆتایی نایەت و ئەو ئایەتانەی ئاماژەی زانستییان تێدایە، هەموو مانا ڕاستی و جوانەکان لە خۆ دەگرێت، بۆیە دەبێت ئەو ڕاڤە زانستیانەش زیاد بکرێت بۆ ئەوانی پێشوو.

ئەو ئایەتانەی مەبەستن لەم بابەتەدا چەند ئایەتێکن وە من تەنها دوان لەو ئایەتانە دەکەمە نموونە بۆ بابەتەکە ئەوانیش ئەمانەن: ﴿ فَإِن لَّمۡ تَفۡعَلُواْ وَلَن تَفۡعَلُواْ فَٱتَّقُواْ ٱلنَّارَ ٱلَّتِي وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُۖ أُعِدَّتۡ لِلۡكَٰفِرِينَ ٢٤ ﴾ البقرة، یان: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ عَلَيۡهَا مَلَٰٓئِكَةٌ غِلَاظٞ شِدَادٞ لَّا يَعۡصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمۡ وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ ٦ ﴾ التحریم، وە ئایەتی دیکە لەو جۆرە .......

سەرەتا بە کورتی ڕاڤەی (وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ): وقودها واتە سووتەکەنیەکەی یان ئەوەی ئاگری پێدەکرێتەوەو لەوەدا هیچ جیاوازیەک نیە لە نێوان ڕاڤەکاراندا.

(الناس) واتە خەڵک یان بەنو ئادەم ئەوانەیان دەچنە نێو ئاگری دۆزەخەوە و لەمەشدا هیچ جیاوازیەک نیە لە نێوان ڕاڤەکاراندا.

(الحجارة) کە بە مانای بەرد دێت و ئالێرەدا ڕاڤەکاران بە 6 ڕووی

جیاواز باس لەو بەردە دەكەن كە ئەمانەن:



1) ئەو بەردە گۆگردی ڕەشە كە زوو گردەگرێت.

2) ئەو بەردە ئاڵتون و زیو و كانزا بەنرخەكان دەگرێتەوە كە كۆكراونەتەوە.

3) ئەو بتانە دەگرێتەوە كە جگە لە خوا پەرستراون.

4) جۆرێكی نوێی بەردە كە نەناسراوە لەم دونیایەدا.

5) ئەو دڵە ڕەقانە دەگرێتەوە كە وان لە سینگی ئەوانەی دەچنە ئەو ئاگروە.

6) هەموو جۆرەكانی بەرد دەگرێتەوە، لەم بابەتەدا جەخت لەم ڕاڤەیەی دوایی دەكەینەوە و ئەو ڕاڤانەی بەو جۆرە باس لەو بەردە دەكەنەوە ئەمانە دەگرنەوە:

ڕاڤەی (معالم التنزیل /البغوی 516 ك).

ڕاڤەی (لباب التاویل في معاني التنزیل/ الخازن 725 ك).

ڕاڤەی (اللباب في علوم الكتاب/ ابن عادل 880 ك.

ئیبن خەتیب دەڵێت: «بەوەی دەڵێن ئەو بەردە گۆگردی ڕەشە تایبەتكردنێكی بێ بەڵگەیە، بەڵكو ڕاڤەیەكی زۆر لاوازیشە بۆ ئەو وشەیەی واتە (الحجارة) كە لەو ئایەتەدا هاتوە، چونكە مەبەستی ئایەتەكە دەرخستنی گەورەیی و توندی ئاگرەكەیە ئینجا مەبەست لە بەردەكە گۆگردی ڕەش بێت ئەوا ئاگرێكی ئاسایی دەبێت و هیچ لە گەورەیی و توندی گڕ و بڵێسەی ئاگرەكە دەرناخات، بەڵام ئەگەر وترا هەموو بەردەكان دەگرێتەوە ئەوا بە تەواوی توندی و گەورەیی گڕ و بڵێسەی ئەو ئاگرە دەردەخات، وەك ئەوەی ئایەتەكە بڵێت هەموو بەردەكان ئاگر دەكوژێننەوە بەڵام ئەو ئاگرەی دۆزەخ ئەوەندە توند و بەهێزە هەموو ئەو بەردانە دەتوێنێتەوە.

لە ئەنەسی كوڕی مالكەوە دەگێڕنەوە كە پەیامبەر محمد (ﷺ) فەرموویەتی: «ئەو ئاگرەی ئێوە لەم دونیایە بەشێكە لە (70) بەشی ئاگری دۆزەخ وە ئەگەر ڕۆژانە دوو جار بە ئاو بكوژێنرێتەوە ئەوا كەس لە ناو ئەو ئاگرە هەستی پێناكات» ئیبن ماجە گێڕاویەتەوە.

من ئەوە دووبارەدەكەمەوە كە ئەودونیا زۆر نهێنیە و مەرج نیە ئەو شتانەی لەو دونیا هەبن وەك ئاگر دەقا و دەق لەوانە بن كە لای ئێمە ناسراون لەم دونیایە، وە هەرگیز بەلای ئەو نادیاریانەدا ناڕۆین كە پێی ناگەین، بەڵكو هەوڵدەدەم نزیكردنەوەیەك بكەم بۆ ڕاڤەی ئەو جۆرە ئایەتانەی ئاماژەی زانستیان تێدایە دەربارەی ئەو ڕۆژە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو زانیاریە كەمەی مرۆڤ هەیەتی لەم دونیایە.

بۆ ئەوەی بابەتەكە زۆر درێژەنەكێشێت دەچمە سەر ناوەڕۆكی زانستی بابەتەكە.

**میكانیزمەكانی كارلێكی ناووكی:**

1) بۆردومانكردنی ناووكی گەردیلەكانی توخمە تیشكدەرەكانی وەك یۆرانیۆم بە نیوترۆنی زۆر خێرا و بەوەش ناووكی گەردیلەكان كەرت دەبن (لەت دەبن) و وزەیەكی زۆر دەردەپەڕێت، ئەوە ڕێگایەكە بۆ كەرتبوونی ناووكی، وە ڕێگای دیكە هەیە وەك كەرتبوونی ناووكی بە گەرمی كە زیاتر ئەمەیان مەبەستە لەم بابەتەدا.

2) كەرتبوونی ناووكی (nuclear fission) بە ڕێگای بەكارهێنای گەرمی زۆر زۆر بەرز، ئەمەیان بە كارلێكی ناووكی فۆتۆنی دەناسرێت كە بەم جۆرەیە:

ا) بەكارهێنانی تیشكی لەیزەری وزە زۆر بەرز بۆ ئەنجامدانی ئەو كارلێكە ناووكیە، تیشكی لەیزەریش ڕووناكیە (جیاواز لە ڕووناكی ئاسایی) و شەپۆلی كارۆموگناتیسیە و لە تەنۆلكەی زۆر ورد پێكدێت و بە فۆتۆن دەناسرێت و دەتوانێت گەرما وزەیەكی زۆر بدات بۆ ئەنجامدانی ئەو كارلێكە ناووكیە.

ب) گەیاندنی تیشكی لەیزەرەكە بە چڕییەكەی زۆر بەرز و بەوەش گەرمییەكی هێجگار زۆر دروستدەبێت بە توانای (1021) وات، وە ئەو گەرمییە بەكاردێت بۆ گەرمكردنی پنتێك لە ناو ماددەیەكدا.

ج) لەو پلە گەرمیە بەرزەدا بەهۆی زیادبوونی وزەی ئەلكترۆنەكانی، ماددە دەگۆڕێت بۆ دۆخی پلازما.

د) بەهۆی ئەو وزە بەرزەی تیشكی لەیزەرەكە و لە ئەنجامی ورووژاندنی ئەلكترۆنەكان تیشكی هەمەجۆر و لە نێویاندا تیشكی گاما بە وزەیەكی زۆر دەردەپەڕێت، ئەو وزە زۆرە دەگاتە ناووكی گەردیلەكانی ماددەكە و زاڵدەبێت بە سەر وزەی پێكەوەبەستنی پێكنەرەكانی ناو ناووك، لە ئەنجامدا كرداری كەرتبوونی ناووكی ڕوودەدات و وزە شاراوە زۆرەكەی ناو ناووك دەردەپەڕێت.

هـ) بە كردار زاناكان توانییان كرداری كەرتبوونی ناووكی لە هەردوو توخمی تیشكدەری یۆرانیۆم وە پۆریۆم ئەنجامبدەن لە ڕێگای تیشكی لەیزەری وزە بەرزەوە، بەڵام لەو كردارەدا نەتوانرا ئەو وزە دەرپەڕیوە ئابوورییانە بەكاربهێنرێت، چونكە هێشتا ئەو تەكنیكە لای مرۆڤ لە قۆناغی سەرەتاییدایە و نەگەیشتۆتە ئاستی بەكارهێنانی لە ژیاندا و هێشتا هەر لە تاقیگاكاندایە. لەم بابەتەشدا لە ڕووی تیۆریەوە ئاماژە بەوە دەدرێت كە دەشێت وە ئەوە ڕێتێچووە كە لە داهاتوودا و بە شێوەی كرداری ئەو پرۆسەیە جێبەجێبكرێت نەك هەر لە سەر توخمە تیشكدەرەكان بەڵكو لە سەر هەموو بەردەكان.

**دەقە قورئانیەکە و زانستی نوێ:**

بە مەبەستی زانینی پەیوەندی دەقە قورئانیەکە بە زانستی نوێوە، تیشکێک دەخەینە سەر چەمکی سووتەمەنی لە ژیانماندا، لە ڕووی کیمیاییەوە سووتەمەنی ئەو ماددەیە کە وزەی تێدا هەڵگیراوە (خەزنکراوە) و دەتوانرێت ئەو وزەیەی لێوەرگیرێتەوە، لە بەر ڕۆشنایی ئەو ڕوونکردنەوەیە دەتوانین بڵێن (الناس) واتە خەڵکی کە لە ئایەتەکاندا هاتووە سووتەمەنین، چونکە لەشی خەڵک واتە مرۆڤ لە ماددەی ئۆرگانی پێکهاتووە کە سەرچاوەکەی وزەی خۆرە کۆبۆتەوە لەو ڕووەک و گیاندارانەی کە مرۆڤ بەکاریهێناون وەک خواردن، بەو پێیە بە سووتاندنی لەشی مرۆڤ ئەو وزە خۆرییەی هەڵگیراوە لە نێو گەردیلەکانی توخمە جیاوازەکانی وەک کاربۆن و نایترۆجین و گۆگرد و فۆسفۆر و ئۆکسیجین هتد... ئەو وزە خۆریە جارێکی تر بە سووتاندنی ئەو لاشانە دەردەپەڕێتەوە.

(الحجارة) بەپێی ویکیپیدیای جیهانی بەرد بارستەیەکە لە کانزا و نیوە کانزا و فلزەکان، هەندێک جار بە شێوەی یەک توخم دەبن وەک ئەڵماس و گرافیت کە هەردووکیان توخمی کاربۆنن، بەڵام بە زۆری بەرد لە سروشتدا بە شێوەی خوێ واتە ئاوێتەی ئایۆنی هەن کە لە دوو توخم یان زیاتر پێکدێن، وە بە ڕێژەیەکی زۆر کەم لە بەرد بە شێوەی ئەندامی هەن وەک خوێی ئۆکسالەکان.

ئەکتینیدەکانیش لە سروشتدا بە شێوەی بەرد هەن، بۆ نموونە یۆرانیۆم لە نیشتووە بەردیەکانی فۆسفۆر و هەندێک جۆری بەردی تردا هەیە، هەروەها بۆ جۆرەکانی تری ئەکتینیدەکانی وەک پۆریۆم و پلۆتۆنیۆم و ئەوانی دیکە کە لە (15) توخم پێکدێن و لە خشتەی خولیدا لە ئەکتینیۆمەوە ( Ac ) دەستپێدەکات گەردیلە ژمارەکەی (82) تا نۆبڵیۆم ( No ) گەردیلە ژمارەکەی (102) و ئەو توخمانە تیشکدەرن و لە سروشتدا بە کەمی هەن و نیوە تەمەنیان کەمە ...

بەو پێیە ئەکتینیدەکان کە بۆ بەدەستهێنانی وزەی ناووکی بەکاردێن بە پێی پێکهاتە کیمیاییەکانیان لە ڕیزی بەرددا پۆلێندەکرێن.

**لەوانەی پێشەوە دەگەینە ئەم دەرئەنجامانە:**

1) زۆربەی ئەو بەردانەی لە سەر زەویدا هەن لە جۆری خوێین لە ڕووی کیمیاییەوە واتە بە شێوەی ئاوێتەی ئایۆنین، بۆندی ئایۆنی بە شکاندنی وزە دەرناپەڕێت بەڵکو پێویستی بە وزەیەک دەبێت بۆ شکاندنی تۆڕە بەللوریەکی ئەگەر بە شێوەی بەللوری (کریستاڵ) بێت، و لە ئەنجامدا ئایۆنی موجەب و سالب دروستدەبێت، بۆیە کرداری هەڵوەشاندنەوەی بەرد بۆ پێکهاتەکانی هیچ وزەیەکی لێ بە دەستنایەت.

هەروەها ئەگەر بەردەکە لە تەنها یەک توخمیش پێکهاتبێت دیسان لە باری ئاساییدا هیچ وزەیەکی لێبەدەستنایەت. کەواتە دەبێت چۆن بەرد سەرچاوەی وزە بێت؟

تاقە سەرچاوەی وزە لە بەرددا ئەو وزە هەڵگیراوەیە کە لە نێو ناووکی گەردیلەکانیدا خەزنکراوە، واتە وزەی ناووکیە و هەر بە کارلێکی ناووکی و بە تایبەتی کەرتبوونی ناووکی (nuclear fission) دەردەپەڕێت.

2) زاناکان توانیویان بە بەکارهێنانی پلەی گەرمی زۆر بەرز لە ڕێگای تیشکی لەیزەرەوە کرداری کەرتبوونی ناووکی لەو توخمانەی بە کۆمەڵەی ئەکتینیدەکان دەناسرێن لە خشتەی خولیدا، ئەو گەرمیە زۆرە لە ئەلکترۆنەکانیانەوە بگوێزنەوە بۆ ناووکەکانیان و کرداری کەرتبوون دروستببێت و وزە ناووکیە بێشومارەکەیان دەربپەڕێت و ئەو کاتەش ئەو بەردانە دەبنە سەرچاوەی وزە واتە سووتەمەنی، و دەبێت ئەوە بزانین ئەو کردارە پێویستی بە گەرمیەکی هێجگار بەرز هەیە، ئاگری دۆزەخیش ئەو گەرمیە زۆرەی هەیە وەک ئەوەی فەرموودەکانی پەیامبەر (ﷺ) وەسفی دەکەن بە ئاگرێکی هێجگار گەورە.

3) لە ڕووی تیۆریەوە هەموو توخمێک دەشێت بۆ ئەوەی کرداری کەرتبوونی ناووکی تێدا ڕووبدات ئەگەر وزەیەکی ئاراستەکرا زیاتر بێت لە وزەی پێکەوەبەستنی پێکنەرەکانی ناو ناووکی (پرۆتۆن و نیوترۆن و ئەوانی دیکە) و لە ئەنجامدا ئەو وزە شاراوە ناووکیە دەربپەڕێت، لەسەر ئەو بنچینەیە دەشێت بەردەکانیش ببنە سەرچاوەی وزە واتە سووتەمەنی کە ئەمەش گونجانێکی تەواوە لە نێوان دەقە قورئانیەکە و زانستی نوێ، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو ڕێنومایی و بەرچاو ڕۆشنیەکیش بۆ مرۆڤ تا هەوڵبدات لە داهاتوودا بەرد وەک سووتەمەنی بەکاربێنێت و ئەو میکانیزمە و تەکنیکەی بۆ دابین بکات، چونکە لە ئێستادا لە نێوان توانایی تەکنیکی مرۆڤ و چەمکی کرداری ئەو ئایەتە بۆشاییەکی زۆر گەورە هەیە، بە مانایەکی دی هێشتا مرۆڤ زۆر لە سەرەتاکانی ئەو تەکنیکە نوێیەدایە کە ئایەتەکە ئاماژەی پێدەکات و لەوانەیە هەر پێشی نەگات !!

لە کۆتاییدا دەڵێین ئەگەر ئەو قورئانە لە لایەن خوای گەورەوە نەهاتبێت کە ئاگادارە بە زانستی یەکەم و کۆتایی لەم گەردوونە چۆن ئاماژەی بەو ڕاستیە زانستیە دەکرد لە سەردەمێک کە هاوڕێیانی محمد (ﷺ) وە دوای ئەوانیش بە ماوەی زۆر، بەردیان وەک کوژێنەرەوەی ئاگر دەناسی ئیتر کێ دەربارەی وزەی ناووکی و بەرد وەک سووتەمەنی هیچی دەزانی ؟؟ بەڵام قورئانی پیرۆز (1434) ساڵ بەر لە ئێستا ئاماژە بەو ڕاستیە حاشا هەڵنەگرە دەکات !!...

﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلَافًا كَثِيرًا ﴿٨٢﴾ ﴾ النساء.

**سەرچاوە:**

سوود لە سایتی وکیپیدیای جیهانی بە زمانی عەرەبی وەرگیراوە، وە توژینەوەیەکی (هشام عبدالرحمن حسن عبدالرحمن) کە لە ژمارە (42)ی گۆڤاری (الاعجاز العلمي/ محرم 1434)دا بڵاوکراوەتەوە بە دەستکاریەوە.



# ئیعجازێکی ژمارەیی لە مانەوەی هاوەڵانی ئەشکەوت

هاوەڵانی ئەشکەوت 309 ساڵ بە خەوتوویی مانەوە، جێگای سەرسوڕمان ئەوەیە، کاتێک ژمارەی وشەکان لە سورەتی کهف دەژمێرین لە وشەی (لبثوا)ی یەکەم کە واتای تیا مانەوەیە، لەسەرەتای چیرۆکەکە: ﴿ لِنَعۡلَمَ أَيُّ ٱلۡحِزۡبَيۡنِ أَحۡصَىٰ لِمَا لَبِثُوٓاْ أَمَدٗا ﴾ الکهف:١٢، هەتا وشەی (لبثوا)ی کۆتایی، لە کۆتایی چیرۆکەکە (قل الله اعلم بما لبثوا) دەبینین ژمارەی وشەکان بە تەواوی 309 وشەیە، بە هێندەی ژمارەی ساڵەکانی هاوەڵانی ئەشکەوت کە تیا مانەوە!!

جارێ تر جێگای سەرسوڕمانە کە وشەی (مائة) واتە سەد، لە دەستەواژەی (ثلاث مائة) واتە: (سێ سەد) ژمارەکەی ڕێک 300 یە.

پرسیارەکە ئەوەیە: ئەمە چی دەگەیەنێت کە ژمارەی وشەکان لە (لبثوا) هەتا (لبثوا) بە تەواوی یەکسانە بە ساڵەکانی مانەوەیان کە 309 ساڵە؟ یان چی دەگەیەنێت کە وشەی (ثلاث مائة) لە 300 هەم وشە هاتوە، کە لەگەڵ واتای وشەکە ڕێکە؟ ئەمە واتای ئەوەیە کە خوای گەورە ئەم سورەتەی دابەزاندوە و ئەو ئیعجازە ژمارەییەی تێدا داناوە، تا بەڵگەیەک بێت لەسەر ڕاستیەکەی.

بۆ دریژەی ئەم بابەتەو چۆنێتی حیساب کردنەکە سەیری ئەم لینکە بکە:

http://www.kaheel7.com/ar/index.php/32 - 12 - 16 - 25 -02 -2010 -70 /1

هەروەها بۆ زانینی یاسای کۆکردنەوەی وشەکان سەیری ئەم کتێبە بکە:

http://www.kaheel7.com/ar/index.php?option=com_content&view=article&id=3% 129 A12 - 19 - 03 - 2010 26 - 14 -&catid= 3% 44 A30 - 27 - 19 - 02 - 02 - 2010 0&Itemid=72



# ئیعجازێکی کەشناسی فەرمودەیەکی پێغەمبەر

لەئایەتی: ﴿ وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا عِندَنَا خَزَآئِنُهُۥ وَمَا نُنَزِّلُهُۥٓ إِلَّا بِقَدَرٖ مَّعۡلُومٖ ﴾ الحجر: ٢١، ئیبن کەسیر لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: هیچ ساڵێک لە ساڵێکی تر باران کەمتر یان زیاتر ناباریێت، بەڵام بۆ هەندێک شوێن ئەباریێت و بۆ هەندێ ناباریێت.

زانایانی کەشناسی بڕی ئاوی سەرزەوییان بەزیاتر لە (1300 ملیۆن) کیلۆمەتر سێجا مەزەندە کردووە، وە تێکڕای بەهەڵم بوونی ساڵانە (380) هەزار کیلۆمەتر سێجایە، واتە (380) ملیۆن ملیۆن تەن هەموو ساڵێک بەهەڵم دەبێت و دەبێتە هەورو هەمان بڕ لەسەر زەوی لە شێوەی باران دەباریێتەوە ئەمەش ئەو ڕاستیەی لای زاناکان سەلماندووە کەهەموو ساڵێک وەک یەک لەزەویدا باران دەباریێت و بڕەکەی جێگیرەو ناگۆڕێت ئەم ڕاستیەش پێش ( 1400) ساڵە پێغەمبەر بەووردی باسی کردووەو دەفەرموێت:- (ما من عام أمطر من عام ولكن يصرفه حيث يشاء) ( رواه البيهقي ) واتە: - باران بارین هیچ ساڵێک لەساڵێکی تر زیاتر نییە بەڵام پەروەردگار دابەش کردنەکەی بە ویستی خۆی ئەکات.

ئەم فەرموودەیە لەگەڵ تازەترین دۆزینەوە زانستییەکاندا هاوشانە، گەر ڕێژەی باران بارین لەمانگێک بۆ مانگێکی تر یان لەوەرزێک بۆ وەرزێکی تر حساب بکەین دوو بینینی جیاوازە بەڵام گەر بڕی باران بارین لەماوەی (12) مانگدا حساب بکەین دەبینین لەگەڵ (12) مانگەکەی تردا جێگیرە، دیارە ئەم زانیارییەش لەو سەردەمەدا کەس نەیزانیوە، بەڵکو هەموو خەڵکی باوەڕیان وابووە کە ڕێژەی باران بارین لە ساڵێک بۆ ساڵێکی تر دەگۆڕێت کەواتە کێ ئەم زانیارییەیدا بەم پێغەمبەرە بەڕێزە؟!!



# فشاری دەروونی و ئارامگرتن

ن: عبد الدائم الكحيل
و. بەدەستکارییەوە: د. ئەفرام محمد حسن
(پسپۆڕی نەخۆشیە دەرونیەکان)
afram_afram@yahoo.com

توێژینەوە زانستی و دەرونیەکان کاریگەری گەورەی فشارە دەرونیەکان کە دووچاری تاک دەبێت لە سەر سیستمی بەرگری دووپاتدەکەنەوە، بە پێی توێژینەوەیەک لە گۆڤاری (Proceedings of the National Academy of Science) بڵاوکراوەتەوە زانایان ئەوەیان بەڵگەنەویستکردووە کە خانەکانی بەرگری مێینە توشی زوو دارمان دەبێت ئەگەر دووچاری فشاری دەرونی گەورەبێت.

ئەم دەرئەنجامە دووربینیەکی تر دەخاتە سەر کاریگەریەکانی فشار کە پێشتر تەنها چەقبەستویان کردبوو بە کاریگەریە فسیۆلۆژیەکان، ئەم توێژینەوەیە بایەخدەدات بە تیلۆمیرس (telomeres) کە لە خانە بۆماوەییەکانی بەرگریدا هەن، تیلۆمیرس هەڵدەستێت بە داپۆشینی کۆتایی کرۆمۆسۆمەکان و کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی ئەو خانانەی کە پێوەرێکن بۆ تەمەن کاتێک دەگاتە بچوکترین نرخی خانە رادەوەستێت لە بەرهەمهێنان.

ئەم توێژینەوەیە لەسەر (58) ژن ئەنجامدراوە کە تەمەنیان لە نێوان (20-50) ساڵ دەبێت.

ئەنجامی توێژینەوەکە وا نیشان دەدات کە ئەو ژنانەی دووچاری فشاری دەرونی بوون رێژەی تەمەنیان کەمترە بە نزیکەی (10) ساڵ بە بەراورد بەوانەی دووچاری فشار نەبوون، چونکە فشاری دەرونی تەمەنی خانەکانی بەرگری کەمدەکاتەوە بە پێی وتەکانی (ئیلیسیا ئیبیا) لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە سان فرانسیسکۆ.

### فشاری دەرونی و نەوبەی دڵ:

توێژینەوەیەکی نوێ ئاماژە بە بەڵگەی زانستی دەدات کە فشاری دەرونی و جەستەیی توند رەنگە ببنە هۆی ئازاری سنگ و رودانی نەوبەی دڵ بە تایبەتی لەو کەسانەی جوڵەیان کەمە یان هۆکاری مەترسیداریان هەیە وەک خواردنەوەی کحول، کێشی زۆر، پەشێوی نوستن، خواردنی ژەمێکی چەور، چالاکی سێکسی.

توێژەرەکان تێبینی ئەوەیان کرد کە ئەوانەی هۆکاری مەترسیداریان هەیە و بەرەو رووی فشاری دەرونی یان سۆزداری یان جەستەیی توند دەبنەوە مەترسی ئازاری سنگ و نەوبەی دڵیان زیاترە لە کەسانی تر بە تایبەتی لە ماوەی دوو کاژێر پاش فشارەکە.

توێژەرەوەکان ئەم توێژنەوەیەیان لە گۆڤاری (Psychosomatic Medicine) بڵاوکردۆتەوە کە توێژینەوەیەکەیان پێداچونەوەی ئەو بابەتانەشی لەخۆگۆتوە لە ماوەی ساڵانی نێوان (1970-2000) بڵاوکراونەتەوە سەبارەت بە هاندەرە رەفتاری و سۆزداریەکان، تێبینیان کردووە کە ئەو حاڵەتانە لە پاش رووداوی سروشتی و جەنگ و بۆنە وەرزشیەکاندا زۆرە.

### فشاری دەرونی و شێرپەنجەی پێست:

بەپێی توێژینەوەیەک لە گۆڤاری (Journal of American Academy of Dermatology) بڵاوکراوەتەوە سەبارەت ئەگەری توشبون بە شێرپەنجەی پێست لە مشکدا دوو گروپ مشک توێژینەوەیان لەسەر کرا گروپی یەکەم تەنها بەرەورووی تیشکی سەرو وەنەوشەیی کرانەوە و گروپی دووەم بەرەورووی تیشکی سەرو وەنەوشەیی و فشاری دەرونی پاش (21) هەفتە ئەنجامی توێژینەوەکە بەم جۆرە بوو:

1- لە گروپی دووەم یەکەم مشک پاش هەشت هەفتە توشی شێرپەنجەی پێست بوو بەڵام لە گروپی یەکەم (ئەوانەی تەنها بەر تیشک کەوتوون) پاش (13) هەفتە یەکەم حاڵەت تۆمارکرا.

2- لە گروپی دووەم (فشار+ تیشکی سەرو وەنوشەیی) چواردە حاڵەتی شێرپەنجە تۆمارکرا بەرامبەر بە دوو حاڵەت لە گروپی یەکەم.

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ماوەی توشبوون کەمبۆتەوە واتە لە ماوەیەکی کورت تردا توشبوون روودەدات و هەروەها ئەگەری توشبونیش بەچەند هێندە زیادی کردووە.

بە پێی د. توسک بەڵگەی زۆر هەیە لەسەر کاریگەری فشاری دەرونی لەسەر سیستمی بەرگری و بەشەکانی تری جەستەمان، بەڵام بۆ ئەوەی شێوازی نوێ و کاریگەر بدۆزینەوە بۆ چارەسەر دەبێت زیاتر لە میکانیزمەکانی کاریگەری فشار تێبگەین.

## فشاری دەرونی و بەرزبونەوەی ئاستی کۆلیسترۆڵ:

بە پێی توێژنەوەیەک لە گۆڤاری (Health Psychology) بڵاوکراوەتەوە ئەندرۆ ستبتۆ لە زانکۆی لەندەن هەڵسا بە توێژینەوەیەک لەسەر (200) کەس لە هەردوو رەگەز لە قۆناغی ناوەندی تەمەن، هیچ کام لەبەشداربووان پێشتر کێشەی دڵ یان بەرزی فشاری خوێنیان نەبووە، نمونەی خوێن لە سەرجەمیان وەرگیراو لەگەڵ هەڵسەنگاندنی ئاستی فشاری دەرونی بۆ هەمویان پاشان بەرەورووی دوو تاقیکردنەوەی دەرونی کرانەوە و دواتر راستەوخۆ پشکنینی ئاستی کۆلیسترۆڵیان بۆ کرا و ئەنجامەکەی بەرزبونەوەی ئەژمارکرد. پاش (3) ساڵ هەمان پێوەر دووبارە کرایەوە هەمان ئەنجام بەدەستهاتەوە لەهەردوو رەگەزدا لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی قەبارەی بارستەی جەستە و جگەرەکێشان و خواردنەوەی ئەلکحول و چارەسەری هۆرمۆنی.

ستبتۆ لە ئەنجامی توێژینەوەکەی دەڵێت بەرزبونەوەی ئاستی کۆلیسترۆڵ دەکەوێتە سەر شێوازی وەڵامدانەوەی تاک بۆ فشارەکانی رۆژانەی و ئەمەش بە پێی کات کۆدەبێتەوەو دەبێتە هۆی بەرزی ئاستی کۆلیسترۆڵ لە سێ ساڵی ئایندەدا.

دیارە فشارەکانیش بە گەلێک شێوەن وەک چۆنێتی هەڵکردن لەگەڵ نەخۆشییەکی درێژخایەن و تاقیکردنەوە و وەرگرتنی کارێکی نوێ و لەدەستدانی سەروەت وسامان ... هتد چۆنێتی مامەڵەکردنی تاک لەگەڵ فشارەکاندا ئاستی کۆلیسترۆڵی دیاریدەکات.

## سەبارەت بە بڕواداران:

بڕوادار دوورترین کەسە لە فشارەوە چونکە خوای بەخشندە چارەسەرێکی بەهێزی پێبەخشیوە ئەویش ئارامگرتنە،﴿ وَإِن تَصۡبِرُواْ وَتَتَّقُواْ فَإِنَّ ذَٰلِكَ مِنۡ عَزۡمِ ٱلۡأُمُورِ ١٨٦ ﴾ آل عمران. (ئەگەر خۆڕاگر بن و پارێزکاربن و لەخوا بترسن (لەسنور دەرنەچن)، ئەوە بەڕاستی ئەو هەڵوێستە لە کارە پەسەند و کردەوە پایەدارەکانە.

بێباوەڕ وا دەروانێتە دونیا کە کۆتایی هەموو شتەکانە و ژیانی پاش مردن نیە ئەمەش ئازارەکانی زیاتر دەکات و فشارەکانی چەند هێندە دەبنەوە چونکە چارەسەرێک بۆ کێشەو خەمەکانی بەدی ناکات.

بەڵام تاکی بڕوادار ئارامگرە لە بەر رەزامەندی خوا و لە رێی ئارامگرتنەوە بە هێمنی و لەسەرخۆ چارەسەری فشارەکانی دەکات، لە توندترین و ناخۆشترین فشاردا بە قەزای خوای بەخشندە رازیەو شادمانە هەر لەبەر ئەوەیە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: ((عجبت لحال المؤمن... إذا أصابته ضراء صبر فكان خيراً له، وإن أصابته سراء شكر فكان خيراً له).(سەرمسوڕماوە لە حاڵی بڕوادار، ئەگەر ناخۆشی بەسەردا بێت ئارام دەگرێت بەمەش خێری دەست دەکەوێت، وە ئەگەر خۆشی توشبێت سوپاسگوزارە خێری دەست دەکەوێت.

لەمەشەوە دەگەینە گرنگی باوەڕ، توێژەرەوەکان لە بەریتانیا گەشتنە ئەو راستیەی کە باوەڕ هەستکردن بە ئازار کەمدەکاتەوە بەپێی رۆژنامەی دەیلی مایلی بەریتانی، ئەکادیمیەکانی ناوەندی ئکسفۆرد بۆ زانیاری ئاوەزی تاقیکردنەوەیەکیان لەسەر (12) کاسۆلیکی و (12) بێباوەڕکرد بۆ زانینی ئاستی وەڵامدانەوەیان بۆ ئازار لەرێی لێدانی کارەباوە لە ئەنجامدا ئەوانەی باوەڕداربوون توانیبویان بەشێکی مێشکیان چالاک (لای راست) بکەن کە کۆنترۆڵی ئازار دەکات و بەو هۆیەشەوە کەمتر هەستیان بە ئازارکردووە.

ئەمەش راستیەکی ترە کە باوەڕ چۆن وا لەتاک دەکات ئارامگر و بە تواناتربێت لە بەرەنگاربونەوەی ئازار و فشاردا، بەڵام ئەوەی جێی داخە زۆربەی توێژینەوەکان لەسەر کەسانی باوەڕدار بە ئاینەکانی تر دەکرێت ئەی دەبێت حاڵی موسڵمان چی بێت کاتێک ئاینی ئیسلام ئاینی حەقە و براوادارانی بەوە ناسراون ئارامگرن و ئاینی ئیسلام بە شێوەیەکی جوان شوێنکەوتوانی رادەهێنێت لەسەر ئارامگرتن.

﴿ وَٱصۡبِرُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴾ ئارامبگرن خوا لەگەڵ ئارامگراندایە ئایا لەوە جوانتر و خۆشتر هەیە خوات لەگەڵدا بێت ئایا ئەمە خۆی لە خۆیدا بەس نیە بۆ ئەوەی چارەسەری فشاربکات هەر جۆرە فشارێک بێت.

﴿ وَٱلَّذِينَ صَبَرُواْ ٱبۡتِغَآءَ وَجۡهِ رَبِّهِمۡ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ سِرّٗا وَعَلَانِيَةٗ وَيَدۡرَءُونَ بِٱلۡحَسَنَةِ ٱلسَّيِّئَةَ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عُقۡبَى ٱلدَّارِ ٢٢ جَنَّٰتُ عَدۡنٖ يَدۡخُلُونَهَا وَمَن صَلَحَ مِنۡ ءَابَآئِهِمۡ وَأَزۡوَٰجِهِمۡ وَذُرِّيَّٰتِهِمۡۖ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يَدۡخُلُونَ عَلَيۡهِم مِّن كُلِّ بَابٖ ٢٣ سَلَٰمٌ عَلَيۡكُم بِمَا صَبَرۡتُمۡۚ فَنِعۡمَ عُقۡبَى ٱلدَّارِ ٢٤ ﴾ الرعد.

ئەوانەش کە دانیان بە خۆداگرت و بەئارام بوون بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندی پەروەردگاریان و نوێژەکەشیان بە چاکی ئەنجام داوە و لەو رزق و رۆزیەی پێمان بەخشیوون بەخشیویانە، بە نهێنی و ئاشکرا و بە چاکەکاری و شێوازی جوان پاڵ بە نادروستی و هەڵە و خراپەکاریەوە دەنێن، ئا ئەوانە سەرەنجامەکەیان ئەو خانووبەرە (رازاوەیەیە لە بەهەشتدا. کە باخەکانی بەهەشتی — عەدنە - بۆیان رازاوەتەوە، بەشادیەوە دەچنە ناوی، هاوڕێ لەگەڵ هەر کەسێک چاک و پاک و خواناسە لەباوو باپیران و هاوسەرانیان و نەوەکانیان، جا فریشتەکان دەچن بۆ سەردانیان لەهەموو دەروازەکانەوە. دەڵێن سڵاوتان لێبێت بەهۆی خۆگرتنتانەوە (لە کێشەکانی ژیان، لە بەرابەر گاڵتەجاریی خوانەناسان) کەوابوو ئای چەندە جێگە و رێگەیەکی خۆشتان بۆ خۆتان مسۆگەرکرد.

### تێبینی:

(راڤەی ئایەتەکان لە تەفسیری ئاسانی مامۆستا بورهان محمد ئەمین)ەوە وەرگیراوە.

# مێرووله مردووەکانیان دەبەن بۆ گۆڕستان!



وەرگێڕانی: بەرهەم عومەر

ئەمە وێنەی مێروولەیەکە کە مێروولەیەکی تری هەڵگرتوە و دەیبات بۆ گۆڕستان! پاک و بێگەردی بۆ ئەو خودایەی ئەم مێرووڵانەو چەندین گیانداری تری بۆ ئەم کردارە ڕێنمایی کردووە.

لە لێکۆڵینەوەیەکی تازەدا کە زانایانی سەرسام کردووە بۆیان دەرکەوتووە کە چۆن مێروولەی ئەرجەنتینی تەواو پێگەیشتوو ئەتوانێت لە ماوەی یەک کاتژمێر بە سەر مردنی مێروولەکەدا بیدۆزێتەوەو فرێی بداتە دەرەوەی کۆمەڵگاکەیان، لە کاتی مردنی مێروولەیەکدا جۆرە بۆنێکی کیمیایی دەردەدات کە وەکو ئاگادارییەک وایە بۆ دەوروبەرەکەی بۆ ئەوەی فرێی بدەنە دەرەوە!

خۆ ڕزگارکردن لە جەستە مردووەکان هۆکارێکە مێروولەکان دەیگرنەبەر تا شارەکەیان لە نەخۆشی بپارێزن، کە لەم ڕەوشتەشیاندا لە مرۆڤ دەچن.

لەمەوە دەتوانین تێگەیشتنمان بۆ ئەم ئایەتە قورئانیە فراوانتر بکەین کە دەفەرموێت: ﴿ وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا طَٰٓئِرٖ يَطِيرُ بِجَنَاحَيۡهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمۡثَالُكُمۚ مَّا فَرَّطۡنَا فِي ٱلۡكِتَٰبِ مِن شَيۡءٖۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ يُحۡشَرُونَ ﴾ الأنعام: ٣٨. واتە: هیچ گیاندارێک لە سەر زەویدا نیە، هیچ باڵندەیەکیش نیە کە بە دوو باڵەکەی بفڕێت، مەگەر وەکوو ئێوە چەندین تاقم و دەستەن، لەو کتێبەشدا هیچمان پشت گوێ نەخستووە، پاشان لای پەروەردگاریان کۆدەکرێنەوە.

**سەرچاوە:**
http://www.sciencedaily.com/releases/2009/05/090505124750.htm?utm_source=feedburner&utm_medium=feed&utm_campaign=Feed%3A+sciencedaily%28+ScienceDaily%3A+Latest+Science+News%29

# شەویلگەی مێرووله له شەویلگەی تیمساح بەهێزتره...

سایە فارس



وەک دەرکەوتووە مێرووله دوو شەویلگەی هەیە، زاناکان دەربارەی ئەو شەویلگانە دەڵێن بەهێزترن لە شەویلگەی تیمساح، بێگومان بەپێی وەرگرتنی قەبارەی هەردوکیان. بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی ورد کە پێی هەستاون دەریدەخات کاتێک مێرووله هێرش بۆ نێچیرەکەی دەبات بە شەویلگەکانی بە هێزێکی زۆر لێی دەدات کە لە گیانەوەرەکانی تر بەهێزترە کە دڕندەن! سبحان الله!!!... ئەو دروستکراوە لاوازە بچوکە خوای گەورە چ نهێنیەکی پێبەخشیوە. ئایا مێرووله ناتوانێت قسە بکات؟ مێرووله زمانێکی تایبەتی هەیە کە گفتوگۆی پێ ئەکات. مێرووله لەگەڵ هاوڕێکانی گفتوگۆ دەکات و لەمەترسی ئاگاداریان دەکاتەوە. ئایا سوورەتی (النمل) شایانی ئەوە نی یە کە لێی وردبینەوە و لێی بکۆڵینەوە؟ کاتێ قورئانی پیرۆز دەربارەی مێرووله دەفەرموێت: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَوۡاْ عَلَىٰ وَادِ ٱلنَّمۡلِ قَالَتۡ نَمۡلَةٞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّمۡلُ ٱدۡخُلُواْ مَسَٰكِنَكُمۡ لَا يَحۡطِمَنَّكُمۡ سُلَيۡمَٰنُ وَجُنُودُهُۥ وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ﴾ النمل: ١٨.

**سەرچاوە: پێگەی عبد الدائم الكحيل**

# بەهێزیی مێرووله.....

سایە فارس

زاناکان دەڵێن: مێرووله دەتوانێت گەڵایەک کە کێشەکەی دە ئەوەندەی کێشی خۆی یان بیست ئەوەندە، لەوانەیە زیاتریش بەپێی قەبارەی خۆی هەڵبگرێت، لە کاتی هەڵگرتنی گەڵاکەدا تەکنیکی ئەندازەیی بەکاردەهێنێت ئەگەر مرۆڤ بیەوێ حسابی بکات یان چاوی لێبکات پێویستی بە کتێبێکی گەورە لە هاوکێشەی بیرکاری هەیە (هاوکێشەکانی هاوسەنگ کردن).

سبحان الله.... مێروولەیەکی بچووک چۆن بەو حساباتە هەڵدەسێت؟ چ مێزێکە لەوەدا بەکاری دەهێنێت؟ وە کێیە ئەو حساباتەی فێر کردووە؟ وە یان کێیە ڕای هێناوە ڕزقی خۆی هەڵگرێت؟؟

بێ گومان هەموو ئەمانە خوای گەورە خاوەنیەتی....!!

هەروەک لە سوورەتی (العنكبوت: ٦٠) دەفەرموێت:

﴿ وَكَأَيِّن مِّن دَآبَّةٖ لَّا تَحۡمِلُ رِزۡقَهَا ٱللَّهُ يَرۡزُقُهَا وَإِيَّاكُمۡۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ﴾.





# نووستن لەسەر لای ڕاست

ئامادەکردنی/ عادل الصعدي

وەرگێڕانی بە دەستکاریەوە/ جلال احمد

**پێشەکی:**

خوای بەدیهێنەر مرۆڤی بەدیهێناوەو ئەندامەکانی لاشەی پێکەوە پەیوەند کردووە، بەجۆرێک هیچ بەشێک و ئەندامێکی جەستەی مرۆڤ بەبێ ئەندامەکانی تری لاشەی ئۆقرە ناگرێت و کاری ڕێک نابێت.

هەروەها چەندین پێداویستی تری بۆ داناوە، کە نابێت و ناکرێت پشت گوێ بخرێن و وازیان لێ بهێنرێت، یەکێک لەو پێداویستیانە نووستنە.

نووستن یەکێکە لە بەخششە گرنگ و گەورەکانی خوای گەورە بۆ مرۆڤ.

بەجۆرێک کە نووستن هۆکاری حەوانەوەو ئارامی جەستەیە، پاش هەستان لە خەو مرۆڤ دووبارە چالاک دەبێتەوەو هێزو توانای بۆ دەگەڕێتەوە، بۆیە مرۆڤ ناتوانێت دەست بەرداری خەوتن بێت و نەخەوێت، بگرە هەرکات دووچاری خەو زڕان و شەو بێداری بوو، ئەوا خەمبارو بێزار دەبێت و ناچار دەبێت بەدوای چارەسەردا بگەڕێت، تا بتوانێت بخەوێت و بحەوێتەوەو چێژ لە نیعمەتی خەوتن ببات و شەوانە لەگەڵ سەرجەم خەڵکانی تردا شەو بە خەوتن بەسەر بەرێت.

هەر بۆیە ئیسلام گرنگی بەم لایەنە داوەو پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) لەچەندین فەرموودەدا باس لە نیعمەتی خەوتن و ئاداب و شێوازەکانی نوستن دەکات و چەندین ڕێنمایی لەو بارەیەوە دیاری کراوەو دواتریش زانستی سەردەم ڕاست و دروستی ئەو ڕێنماییانەی ئاشکرا کردوە.

باسی خەوتن فراوانەو زۆر هەڵدەگرێت، بڕی نوستن، کاتی نوستن، شێوازی نوستن، جۆری نوستن، ئاداب و پێویستی و ڕێنماییەکانی هەریەک لەو حاڵەتانە.

ئێمە لەم باسەدا زیاتر باس لە شێوازی نووستن دەکەین لەگەڵ هەندێک لە ئادابەکانی و دواتر ڕای زانست لەو بارەیەوە.

**ڕێنماییە گشتییەکانی خەوتن**

ئەوەی لە فەرموودە صەحیحەکاندا هاتووە لەسەر خەوتن و شێوازو ئادابی خەوتن زۆرن گرنگترینیان بەکورتی ئەمانەن:

1- خەوتن بە دەستنوێژەوە: «إذا أتيت مضجعك فتوضأ وضوءك للصلاة»

2- تەکاندنی نوێن و جێگەو پێخەفەکان بۆ دڵنیا بوون لە پاک و خاوێنی و نەبوونی زیندەوەری زیان بەخش لەناویاندا: « إذا آوى أحدكم إلى فراشه فليأخذ داخلة إزاره فلينفض بها فراشه»

3- وتنی بسم الله: «بسم الله»

4- خەوتن لەسەر لای ڕاست: «أضطجع على شقك الايمن»

5- نەخەوتن لەسەر ڕوو: «.. نومة يكرهها الله»

6- لەکاتی خەوتن دا قۆڵی ڕاست بکرێت بەسەرین: «فتوسد بيمينك»

7- لەکاتی سەرخەوشکاندن پێش نوێژی بەیانی، شان دادان لەسەر ئانیشکی ڕاست و سەر خستنە ناو لەپی ڕاست: «.. وإذا عرس قبيل الصبح نصب ذراعه ووضع رأسه على كفه..»

8- زیکر کردنی پێش نووستن، کە چەندین جۆری صحيح هاتووە لەوانە: «سبحانك اللهم ربي بك وضعت جنبي وبك أرفعه، ان أمسكت نفسي فاغفر لها وإن أرسلتها فاحفظها بما تحفظ به عبادك الصالحين»

**زانستی نوێ سودەکانی خەوتن لەسەر لای ڕاست ئاشکرا دەکات**

زانستی سەردەم زۆرێک لە سودەکانی نووستن لەسەر لای ڕاستی ئاشکرا کردووەو ئەوەی خستوەتە ڕوو کە ئەوە باشترین شێوازی نووستنە، لەبەرامبەریشدا باس لە مەترسی و زیانەکانی خەوتن بەسەر بارەکانی تردا دەکات، لە خوارەوە باسی هەریەک لە بارانە بە جیا دەکەین.

**یەکەم/ نووستن لەسەردەم (لەسەر ڕوو خەوتن)**

(د. ظافر العطار) دەڵێت ئەوکەسەی لەسەر ڕوو دەخەوێت پاش کەمێک هەست بەتەنگە نەفەسی دەکات، چونکە قورسایی پشت لەسەر سنگ وا دەکات کاری کشان و چوونەوەیەکی قەفەزەی سنگ دژوار بکات لەکاتی هەناسە وەرگرتن و هەناسەدانەوەدا، لەهەمان کاتدا دەبێتە هۆی نوشتانەوەی بڕبڕەی مل، هەروەها لە ئەنجامی تەنگەنەفەسیدا دووچاری ماندوو بوونی دڵ و مێشک دەبێتەوە، جگەلەوەی خەوتن لەسەر ڕوو، دەبێتە هۆی بەرکەوتنی نێوان ئەندامی زاوزێ لەگەڵ جێگەو پێخەفەکەیداو هۆکارێکە بۆ وروژاندنی ئەو کەسە.

هەندێک لەسەرژمێرەکان ئەوە دەخەنە ڕوو کە خەوتنی منداڵان بەڕوودا هۆکارێکە بۆ زیاد بوونی مردنی لە ناکاوی منداڵان.

**دووەم/ نووستن لەسەر پشت**

ئەم شێوازە لە نووستن وەک (د. عطار) دەڵێت: دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو کەسە بەدەم هەناسە بدات لەکاتی خەوتندا، چونکە

لەم بارەدا دەم دەکرێتەوە لە ئەنجامی شل بوونی شەویلگەی خوارووی دەمدا. لەکاتێکدا لووت ڕێڕەوی ئاسایی‌و تەندروستی هەناسەدانەو گونجێنراوە بۆ ئەو کارە، بەهۆی هەبوونی مووی ناو لوت و لینجە ڕژێنەکانی ناو ڕێڕەوی لوت کە هۆکارن بۆ پاڵفتە کردنی ئەو هەوایەی دەچێتە ناوەوە، سەرەڕای ئەو برە زۆرە لە موولولەی خوێن کە لەڕووپۆشی ناوەوەی لوتدان و هۆکارن بۆ گەرم داهێنانی ئەو هەوایەی دەچێتە ناوەوە.

هەربۆیە هەناسەدان لەڕێگەی دەمەوە لەکاتی خەوتندا هۆکارێکە بۆ سەرمابوون و توشبوون بە هەڵامەت لە زستاندا، لەهەمان کاتدا هۆکارێکە بۆ وشک بوونەوەی پوکەکان و سەرەنجام توشبوون بە وشکە هەوکردنی پوک، هەروەها خەوتن لەسەر پشت هۆکاری ڕاستەوخۆی سەرەکی بۆ پرخە کردن لەکاتی خەوتن دا، بێجگە لە دروست بوونی توێژاڵێکی سپی لەسەر زمان و پوک و ناو دەم، لەگەڵ بوونی بۆنی ناخۆشی دەم.

سەرەڕای ئەمانە خەوتنی لەسەر پشت دەبێتە هۆی شکانەوەی بڕبڕەی پشت لەناوچەکانی مل و کەمەرداو لە منداڵیشدا هۆکارە بۆ سەرپیان بوون ئەگەر بوماوەیەکی زۆر لەسەری بەردەوام بێت.

## سێ یەم/ نوستن لەسەر لای چەپ

ئەمیش دووبارە تەندروست و گونجاو نییە، چونکە لەم حاڵەتەدا دڵ دەکەوێتە ژێر پەستانی سی لای چەپ کە لە سی لای ڕاست گەورە ترە، کە ئەمەش هۆکاری سستبوون و ماندووبوونی دڵە بە تایبەت لەبەساڵا چوواندا.

هەروەها گەدە لەکاتی پڕبوونیدا پەستان دەخاتە سەر لای دڵ، جگەریش گەورەترین ئەندامی ناوسکەو چەسپاوو دامەزراو نییە، بەڵکو هەڵواسراوە، بەچەند بەستەرێک کە لەلای ڕاستدایە، بەو پێیە لەکاتی نوستن لەسەر لای چەپ پەستان دەخاتە سەر دڵ و سەرگەدە، کە دەبێتە هۆکاری دواکەوتنی خاڵ بوونەوەی گەدە، بەجۆرێک تاقیکردنەوەکان سەلماندوویانە کە تێپەڕ بوونی خواردن بەگەدەدا تەنها (2.5 — 4.5) کاتژمێر دەخایەنێت لەحاڵەتی خەوتن بەسەر لای چەپدا.

## چوارەم/ نووستن لەسەر لای ڕاست

بەم پێ یە نووستن لەسەر لای ڕاست چاکترین شێوازی نووستنە چونکە سی لای چەپ بچوکترە لە سی لای ڕاست و لەو حاڵەتەشدا باری سەر دڵ سوکتر دەبێت و جگەریش لە جێی خۆیدا دەبێت و شۆڕ نابێتەوە بۆ سەر دڵ و جێگەی گەدەش گونجاوتر دەبێت و چالاکتر دەبێت و کاری بەڕێکردنی خواردن و هەرس کردن ئاسانتر دەبێت.

سەرەڕای ئەمانە خەوتنی سەر لای ڕاست گونجاوترین و تەندروست ترین شێوازە لە ڕووی پزیشکی یەوە کە ئاسانکاری دەکات بۆ بۆری یەکان (قصبات)ی سی لای چەپ لە دەردانی لینجەڕژێنەکانی ناو سی دا.

هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بۆری هەناسە لە سی لای ڕاست دا کەمێک چەماوەیەو بە ئاسانتر لینجەڕژێنەکان دەردات، لەکاتێکدا بۆری سی چەپ ستونی نیەو دەرکردنی لینجەڕژێنەکان کەمێک ئەستەمەو دەبێتە هۆی کۆبوونەوەی لەناو بۆری یەکانداو سەرەنجام فراوان بوونی ئەو بۆری یانە، لە ئاکامەکانی ئەو حاڵەتەش هەبوونی بەڵغەمە لە بەیانیاندا، دواتریش دەبێتە هۆی چەندین نەخۆشی تر، تازەترین چارەسەریش بۆ ئەو حاڵەتانە ڕێنماییکردنی نەخۆشەکانە بۆ خەوتن لەسەر لای ڕاست.

هەروەها بەهۆی هەڵکەوتنی دڵ لەناو سنگدا کە بە ستوونی تەواوەتی نییە بەڵکو بەشی سەرەوەی بەرەو لای ڕاست کەوتووەو، بەشی خوارەوەش بەرەو لای چەپ کەوتووە بە ئەندازەی (10پلە) بەوپێیە لەکاتی خەوتن بەسەر لای ڕاستدا، خوێن لە گوێچکۆڵەی ڕاستەوە بە ئاسانی دەردەکرێت بۆسەرجەم ئەندامەکانی لەش، چونکە سەرجەم ئەندامەکانی لەشی لە ئاستی دڵدان یان نزمترن، کە ئەمەش کاری دڵ ئاسان دەکات لەگەیاندنی خوێن بۆسەرجەم ئەندامەکانی لەش.

لەکاتێکدا کاری دڵ لە هیچ بارێکی تری نووستن دا بەو شێوەیە ئاسان نابێت نە لەباری وەستان یان دانیشتن، یان ڕاکشانی لای چەپ و پشت و بەسەر دەمدا.

هەر لەو بارەیەوە (د. جون مانج)، مامۆستای زانکۆی لوربول ئەوەی ئاشکرا کردووە کە لای ڕاستی مێشک ئەرکی زیاتری لەسەرە بەبەراورد لەگەڵ لای چەپی مێشک.

بۆیە نووستن لەسەر لای چەپ تەندروست نییە و ئەبێتە هۆی کەم بوونەوەی بڕی ئەو خوێنەی کە دەگاتە بەشی لای ڕاستی مێشک کە ئەمەش دەکاتە کەم ڕۆیشتنی ئۆکسجین بۆ ئەو بەشە لەکاتێکدا ئەو بەشە پێویستی بە بڕی زیاتر لە خوێن هەیە، چونکە ئەو بەشە بەرپرسە لە زۆرینەی چالاکی یەکانی مرۆڤ و ئەرکی زیاترە لەلای چەپ.

ئەمە لەکاتێکدا کە خانەی مێشک پێویستی بە بڕی زیاتر لە ئۆکسجین و وزە هەیە بە بەراورد لەگەڵ خانەکانی تری جەستەی مرۆڤدا.

لەلایەکی تریشەوە خەوتن بەلای ڕاستدا هۆکارێکە بۆ پارێزکردن لە دڵەکزێ، لە ئەنجامی گەڕانەوەی ترشەڵۆکی ناو گەدە بۆ سورێنچک و هەستکردن بە ئازار و سووتانەوە، (د. محمد محفوظ) دەڵێت لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەک لەسەر زیاتر لە (600) نەخۆش بۆم دەرکەوت کە زیاتر لە (95%)ی ئەو نەخۆشانە ئەو کەسانەن کە لەسەر لای ڕاست ناخەون.

هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەو شێوازی کاری ئەو دەریچەیەی (صمام) کەلەبەشی سەرەوەی گەدە دایەو هاتنە ناوەوەی خواردن بۆ ناو گەدەو نەگەڕانەوە بۆ سورێنچک ڕێکدەخات، لەئەنجامی توێکاریدا دەرکەوتووە کە باشترین و توندوتۆڵترین حاڵەتی ئەو دەریچەیە تەنها لەو کاتەدایە کە ئەوکەسە لەسەر لای ڕاست خەوتبێت، لەکاتێکدا زۆرترین ترشەڵۆکی گەدە لەشەودا دەردەدرێت واتە لەکاتی خەوتن دا.

## دەرئەنجام

لەوەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە کە خەڵکی فێر بکات چۆن بەندایەتی دروست بۆ خوا بکات، لەهەمان کاتدا بەرنامەی تێروتەسەل و تەندروستی سەرجەم کایەکانی ژیانی مرۆڤیشە، بەباشترین و چاکترین شێوازی زانستی، لە گرنگترین بواری ژیانەوە تا سادە ترین و ساکارترین هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانە، یەکێک لەو کاتانەش خەوتنە، کە ئیسلام ڕێنمایی و شێوازی تایبەتی بۆ دیاری کردووە.

بەردەوامیش زانستی نوێ بۆ سەلماندنی بەڵگەو نیشانەکانی دەسەڵاتی خوای گەورە دەقاودەق و زۆر بە وردی ڕاستی و دروستی ئەو زانیاری و ڕێنماییانە دەسەلمێنن کە چەندین سەدە لەمەوبەر باسیان لێوەکراوە تاوەکو ببنە بەڵگەی حاشا هەڵنەگری ڕاستی و دروستی ئەو ئاینە و ڕاستگۆیی ئەو پێغەمبەرە نازدارە (ﷺ) لەگەیاندنی پەیامەکەداو بۆ خەڵکی بسەلمێنێت کە ئەو پێغەمبەرە (ﷺ) هیچی لەخۆیەوە نەوتووە تەنها پەیامی بەدیهێنەری زەوی و ئاسمان و مرۆڤ و گیاندارانی گەیاندوە بۆیە لەگەڵ ڕاستی زانستدا یەکیان گرتوەتەوە و هاوئاهەنگن.

﴿ أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ ﴾ الملک: ١٤

# چەند ڕاستییەکی ژمارەیی دەیسەلمێنن قورئان دەستکاری نەکراوە



هەندێ پێیان وایە ئەو قورئانەی ئێستا لەبەر دەستماندایە ناتەواوە و چەندین ئایەتی دیار نەماوە ... لێرەوە دەپرسین ئایا زمانی ژمارەکان دەتوانن بیسەلمێنن ئەم بۆچونە هەڵەیە؟ با بڕوانین ...

ژمارە حەوت باشترین ژمارەیە کە حساباتەکانی قورئانی لەسەر بکەین لەبەر زۆر هۆکار، گرنگترینی ئەوەیە کە پەروەردگار سیستەمێکی لە گەردوندا داناوە لەسەر ژمارە حەوت بنیاتنراوە، بۆ نموونە هەموو گەردیلەیەکی گەردون لە حەوت چین پێکهاتووە، هەروەها هەریەک لە زەوی و ئاسمان لە حەوت چین پێکهاتوون، قورئانی پیرۆز بە گەورەترین سورەت (الفاتحة) دەستپێدەکات کە لە حەوت ئایەت پێکهاتووە (سبع المثاني)، وە یەکەم ژمارە لە قورئاندا باسکراوە ژمارە حەوتە، لە ئایەتی:

﴿ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ فَسَوَّىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖۚ وَهُوَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ﴿٢٩﴾﴾ البقرة.

وەک دەزانین ژمارەی سورەتەکانی قورئان (114) سورەتن، ژمارەی ئایەتەکانی (6236) ئایەتن، ژمارەیەکی تری گرنگ هەیە ئەویش ژمارەی ساڵەکانی دابەزینی قورئانە کە (23) ساڵە.

ئەم سێ ژمارەیە سیستەمێکی ژمارەیی سەرنجڕاکێش پێکدەهێنن، کاتێک ئەم ژمارانە دەخەینە پاڵ یەک، دەبینین دابەش دەبن بەسەر ژمارە حەوتدا و هیچیان لێ نامێنێتەوە.

بۆ نموونە: بەزمانی وشەکان دەڵێین: خوای گەورە لە (23) ساڵدا (114) سورەتی دابەزاندووە.

بە زمانی ژمارەکان دەنوسین: تەنیا دوو ژمارەکە دەخەینە پاڵ یەک ئەنجامەکەی (23114)، کە ئەم ژمارەیە بەهەردوو ئاڕاستەکە دابەشی ژمارە حەوت دەبێت و هیچی نامێنێتەوە.

کاتێک ژمارەکە دەخوێنینەوە لە چەپەوە بۆ ڕاست.

(2302 = 7/23114)

کاتێک ژمارەکە لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەخوێنینەوە:

(5876 = 7/41132)

بە زمانی وشەکان دەڵێین خوای گەورە ئایەتەکانی قورئان کە (6236) ئایەتە دابەزاندووە لە (23) ساڵدا.

بەڵام بە زمانی ژمارەکان تەنیا ژمارەکان دادەنێین: ئەنجامەکەی (236236) کە ئەمیش بە هەردوو ئاڕاستەکە دابەشی ژمارە حەوت دەبێت و هیچی نامێنێتەوە.

کاتێک ژمارەکە لە چەپەوە بۆ ڕاست دەخوێنینەوە:

(33748 = 7 / 236236)

بەڵام کاتێک ژمارەکە لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەخوێنینەوە:

(90376 = 7 /632632)

ئێستا ئەگەر بە زمانی وشەکان گوتمان: خوای گەورە (6236) ئایەتی داناوە لە (114) سورەتدا.

دەتوانین ئەم ڕاستیە بە زمانی ژمارەکان دەرببڕین و تەنیا ژمارەکان دانێین: ئەنجامەکەی (1146236) دەبێت، کە ئەمیش بە هەردوو ئاڕاستەکە دابەشی ژمارە حەوت دەبێت و هیچی نامێنێتەوە!!

کاتێک لە چەپەوە بۆ ڕاست ژمارەکە دەخوێنینەوە

(163748 = 7 /1146236)

وە کاتێک لە ڕاستەوە بۆ چەپ ژمارەکە دەخوێنینەوە

(903773 = 7 /6326411)

لێرەدا دەڵێین ئەگەر یەکێک لە هاوەڵان ئایەتێکی زیادبکردایە یان کەمی بکردایە هەموو هاوکێشەکانی پێشوو تێکدەچوو. لەبەرئەوە ئەم هاوکێشانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی قورئان دەستکاری نەکراوە و ناکرێت ئەمانە بخرێنە پاڵ ڕێکەوت.

## هەور و هەورە بروسکە



زانایان سەلماندوویانە، کە هەورەکانی ئاسمان کێشیان بە ملیۆنان تەنە، واتە زۆر قورسن، چەند لێکۆڵنەوەیەک دەریانخستووە، کە هەورەبروسکە پێویستی بە هەورە قورسەکانە، کە بە هەورە کەڵەکەبووەکان ناودەبرێن. کەواتە ڕاستییە زانستییەکە دەڵێت: پەیوەندیی لە نێوان هەورە قورسەکان و ڕووداني هەورە بروسکەدا هەیە، سەیر ئەوەیە، کە قورئان باسی ئەمەی بۆ کردووین و خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿هُوَ ٱلَّذِي يُرِيكُمُ ٱلۡبَرۡقَ خَوۡفٗا وَطَمَعٗا وَيُنشِئُ ٱلسَّحَابَ ٱلثِّقَالَ﴾ الرعد: ١٢، ئەمە ئایەتێکە لەم سەردەمەدا گەواهیی لەسەر ئیعجازەکانی قورئان دەدات.

## دوکەڵی گەردوونیی



زانایانی ناسا(NASA) ئەوەیان سەلماندووە، کە گەردوون بڕێکی گەورە لە دوکەڵی تێدایە! هەندێک لەتەپوتۆزی گەرودوونییان هێنا و لە ئەنجامی پشکنینی تاقیگەییەوە ئەوەیان بۆ دەرکەوت، کە دوکەڵە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی زۆرزووی گەردوون، وتیان باشترین وشە، کە گوزارشت لەم پێکهاتە زۆر بچوکانە بکات، وشەی (Smoke) واتە (دوکەڵ)ە، ئەوەی جێی سەرنجە قورئانی پیرۆز پێش (14) سەدە باسی ئەمەی کردووە و خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِيَ دُخَانٞ ﴿١١﴾ ﴾ فصلت، واتە: (ئینجا ویستی ئاسمان ڕێکبخات و دروستی بکات، لە کاتێکدا کە دووکەڵ بوو)، سبحان الله!

## ناوەندی درۆ



زانایان چەند تاقیکردنەوەیەکیان بەمەبەستی داهێنانی ئامێری دەرخستنی درۆ داهێنا، لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوەیان بۆ دەرکەوت، کە ناوچەی بەرپرس لە درۆ لای مرۆڤ بەشی پێشەوەی مێشکیەتی (Prefrontal Lobe) واتە (الناصية — پێشەسەر)، هەروەها ئەوەشیان بۆ دەرکەوت، کە ناوچەی پێشەسەر لەکاتی هەڵەکردندا زۆر چالاک دەبێت، بۆیە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەیان بەمشێوەیە کۆتایی پێهێنا: درۆ و هەڵە لە ناوچەی پێشەسەردا (الناصية) ڕوودەدەن، سەرسوڕهێن ئەوەیە، قورئانی پیرۆز پێش (14) سەدە باس لە کاری ناوچەی پێشەسەری کردووەو خوای گەورە دەربارەی ئەبوجەهل دەفەرموێت: ﴿ كَلَّا لَئِن لَّمۡ يَنتَهِ لَنَسۡفَعَۢا بِٱلنَّاصِيَةِ ﴿١٥﴾ نَاصِيَةٖ كَٰذِبَةٍ خَاطِئَةٖ ﴿١٦﴾ ﴾ العلق، پاکیی و بێگەردیی بۆ ئەو خوایەی لە کتێبەکەیدا ئەم ئایەت ونیشانانە هەن بۆ ئەوەی ببنە بەڵگە بۆ ئیعجازی ئەو کتێبە پیرۆزە لەم سەردەمەدا.

## وشکانی و ڕووبار



زانایان ئەوەیان سەلماندووە، کە ڕێژەی ئاو لەسەر ڕووی زەوی (71 %) و ڕێژەی وشکانی نزیکەی (29 %) یە، سەیر ئەوەیە، قورئان (33) جار وشەی (البحر)ی ناوبردووە، وشەی (البر) (13) جار، دەبینین کۆی وشکانی و ئاو بریتییە لە (33 + 13 = 46)، ئەم ژمارەیە وشکانی و ئاو دەنوێنێت، بەمشێوەیە ڕێژەی دووبارەبوونەوەی (البحر) بەپێی ئەم کۆکردنەوەیە بریتییە لە (13 ÷ 46) ئەمەش یەکسانە بە نزیکەی (71%)، کە ڕێژەی ئاوو دەریایە، بەهەمان شێوە ڕیژەی دووبارەبوونەوەی (البر) بریتییە لە (13 ÷ 46) ئەمەش یەکسانە بە نزیکەی (29 %)، کە ڕێژەی ڕاستی وشکانییە. پرسیارەکەمان ئەوەیە: ئایا ئەم ژمارانە بە ڕێککەوت هاتوون یان لە ژێر دەسەڵاتی خوای گەورەدایە؟!

## زەردەخەنە



زانایان بۆیاندەرکەوت، کە زەردەخەنە زانیاریی زۆر لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت، کە دەتوانێت کاربکاتەسەر هەستی نادیار (العقل الباطن)ی مرۆڤ، زەردەخەنە بەخششێکە کە دەتوانین پێشکەشی کەسانی تری بکەین، چونکە خۆشی دەخاتە دڵیانەوە، گەیاندنی زانیاریی بە ئاسانی و زەردەخەنەیەکی جوانەوە کەشی نائارامی و شڵەژاویی دووردەخاتەوە، ئەمەیە کە پارە ناتوانێت بیکات، لێرەدا دەبینین زەردەخەنە لە پارە گرنگترە، بۆیە کەمترین بەخشینێک کە پێشکەشی کەسانی دیکەی دەکەیت زەردەخەنەیە، ئێستا زانیت بۆچی پێغەمبەری میهرەبانی (ﷺ) دەفەرموێت: ( و تبسمك في وجهه اخيك صدقة)، (زەردەخەنەت بەڕووی براکەتدا خێرە)!!

# ئایا بێباوەڕان دەتوانن وەڵامی ئەم ڕووداوە لە ژیانی پێغەمبەر ( ﷺ ) بدەنەوە؟



ڕووداوێکی سەیر لە ژیانی پێغەمبەردا ( ﷺ ) ڕوویدا کە بێباوەڕان و نەیاران لەبەرامبەریدا سەرسامن و ناتوانن وەڵامی بدەنەوە.

ئەویش ئەوەبوو ڕۆژێک کە ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەر مرد ئەو ڕۆژە قەدەر وا بوو خۆر گیرا، ئینجا لەبەر ئەوەی بیروباوەڕی خەڵکی وا بوو کە خۆر گیران و مانگ گیران پەیوەندی بە مردن و ژیانەوە هەیە هەر بۆیە وتیان خۆر لەبەر مردنی کوڕەکەی پێغەمبەر ( ﷺ ) گیرا، ئەم هەواڵە کاتێک گەیشتە پێغەمبەر بە پەلە خەڵکەکەی کۆکردەوەو پێی فەرموون خۆر لەبەر مردنی کوڕی من نەگیراوە خۆر و مانگ دوو نیشانەی دەسەڵاتی پەروەردگارن پەیوەندیان بە مردن و ژیانی خەڵکەوە نیە.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئەگەر موحەممەد پەیامبەری خودا نەبوایە ئایا ئەم هەلە گەورەو زێرینەی لە کیس خۆی دەدا؟ وە بیکردایە بەڵگەیەک لەسەر ڕاستگۆییەکەی؟ خۆ ئەگەر بیفەرمواية بەڵێ لەبەر مردنی کوڕەکەم گیراوە کێ بەرپەرچی ئەدایەوە؟ کێ باوەڕی پێ نە ئەکرد؟ بێگومان کەس، چونکە ئەو بیروباوەڕە پێشتر هەبوەو باوەریان پێی بوو، نەیارانی پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت) زۆر لەم ڕووداوە سەریان سوڕماوە نازانن چی بڵێن لەبەردەم ئەم هەڵوێستەی پێغەمبەردا ( ﷺ )، ئایا بۆچی ئەم هەلە بێ وێنەیەی نەقۆستەوە بۆ خۆی؟ ئایا چی هۆکارێک بوو کە دژی ئەو بۆچونەیان بوەستێتەوە؟ ئەگەر پەیامبەری خودا نەبێت؟ ئایا تەنیا ئەم ڕووداوە بەس نیە لەسەر ڕاستگۆییەکەی بەس نیە بۆئەوەی ئیتر واز لە دژایەتی ئەو بێنن و شایەتی بە هەق بدەن؟



# داڕمانی زەوی لە فلۆریدا

خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ ءَأَمِنتُم مَّن فِي ٱلسَّمَآءِ أَن يَخۡسِفَ بِكُمُ ٱلۡأَرۡضَ فَإِذَا هِيَ تَمُورُ ﴾ الملک: ١٦.

واتە: ئایا ئێوە دڵنیان لەو خودایەی لە ئاسمانە کە ئێوەو زەویەکە ڕۆبچێنێت و لەو کاتەدا زەویەکە گێژ بخوات و بێتە لەرزین؟

لەبەرواری (2013/3/2) ئەم داڕمانەی زەوی خاوەن ماڵەکەی کە ناوی (جیف بۆش)ە لە شیرینی خەودا قوتداوە، و زۆر بە دوای تەرمەکەیدا گەڕان، بەڵام دڵنیا بون ئەستەمە بیدۆزنەوە، ئەم ڕووداوە لە ویلایەتی فلۆریدای ئەمریکا بووە، و ترسێکی زۆری خستۆتە ناو دڵی خەڵکی فلۆریداوە، بە تایبەتی شاری فلۆریا، زاناکان دەڵێن دەرکەوتنی لەم ڕۆچوونانە شتێکی نامۆ نیە، چونکە ئەم ویلایەتە، کەوتۆتە سەر ناوچەیەکی پێکهاتوو لە بەردی جیری (کلسی) و تاوێری کاربۆنی، کە بەئاسانی بە هۆی ئاوی ترشی ژێر زەوی توشی داخوران دەبن، و دەبنە دروستبوونی بۆشایی لە زەویدا، و دواتر کاتێک قورسایی لەسەریان دروستدەبێت، داڕووخان و ڕۆچونی کتوپڕ ڕوودەدات، ئەم چاڵە بە شێوەیەکی کتوپڕ بوە لە ماڵی بۆش.

سەرۆکی هێزی ئاگرکوژێنەوە لە ناوچەی هیلسبرو کوانتی بۆ کەناڵەکان وتی:

ئەندامانی تیمی ڕزگارکەر نەیانتوانیوە دابەزنە ناو چاڵەکە، و ئەو کارەی بە مەترسی گەورە وەسفکردووە.



# ڕەواندنەوەی گومانێک سەبارەت بە ئیعجازی باسکردنی کونە ڕەشەکان لە قورئاندا

خالید بەرزنجی

دوای پێشکەوتنی زانستی گەردونی، لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا، زاناکان چەند تەنێکی زۆر سەیر و نامۆیان لە گەردوندا دۆزیەوە، هەرچەندە زانا ئەنیشتاین لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئاماژەی بە بوونی ئەم تەنانە کردبوو، بەڵام نەتوانرابوو ببینرێن و دەربخرێن، زانایان بینیان ئەستێرە زەبەلاحەکانی کە چەندین جار لە خۆر گەورەترن، لە تەمەنی مردنیاندا بەشێوەیەکی زۆر سەرسوڕهێنەر بچوک دەبنەوە و دەچنەوەیەک، چڕییان بێ ئەندازە زیاد دەکات، بە جۆرێک ڕێگە بە ڕووناکیش نایەن لێیان دەرچن، بەمەیش زۆر خۆیان پەنهان دەکەن و نادیار دەبن، هەروەها بە جوڵەیەکی زۆر خێرا بە ناو هەندێ شوێنی تایبەتی گەلە ئەستێرەکاندا دەڕۆن، و پاشماوەی تەپ و تۆز و دوکەڵ و تەنە زیادەکان کە لە ئەنجامی تەقینەوەی ئەستێرەکان پەرش و بڵاو بونەتەوە و لەوانەیە سیستەمی ڕێکی و خولگەیی تێک بدەن، ئەوا ئەم تەنەنانە کە ناونران (کونە ڕەشەکان - Black Hole)، وەک گسکێکی کارەبایی گەردونیان لێ پاک دەکەنەوە و، ڕایاندەکێشن بۆ خۆیان و قوتیان دەدەن.

لە ڕاستیدا ئەم بونەوەرە مەزنانە، لە دوو ئایەتی قورئاندا بە سێ وشە زۆر بە وردی و زانستی باسی لێکراوە، وەک دەفەرمویت: ﴿ فَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلۡخُنَّسِ ۝١٥ ٱلۡجَوَارِ ٱلۡكُنَّسِ ۝١٦ ﴾ التكوير.

واتە سوێند بەو ئەستێرانەی کە زۆر دەچنەوە یەک و زۆر خۆ دەشارنەوە و بە خێرایی دەڕۆن و زۆر پاککردنەوە و ماڵین دەکەن.

ئەم ئایەتە هەموو وشەکانی ئیعجازن، لە کەمترین وشەدا هەقیقەت و سیفەتی ئەم تەنە مەزن و سەرنج ڕاکێشانەی گەردونی باسکردووە، ئەمە قورئانە کە موعجیزەیەکی بەردەوامە و سەرسوڕهێنەرەکانی تاڕۆژی دوایی تەواو نابن، وەک پێغەمبەر دەفەرموێت : (لا تنقضي عجائبه). لەمەوە بۆ هەموو خەڵکی دەسەلمێت کە کە دابەزێنەری قورئان ئەو زاتەیە کە ئاگاداری هەموو نهێنیەکانی ئەرز و ئاسمانە ﴿ قُلۡ أَنزَلَهُ ٱلَّذِي يَعۡلَمُ ٱلسِّرَّ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ ﴾ الفرقان: ٦ سبحانه وتعالى.

سەبارەت بەم ئیعجازە ڕۆشنە کە بە ڕوونی باس لە کونە ڕەشەکان و سیفاتە دیارەکانی دەکات، ئەو گومانە بڵاودەکرێتەوە کە هەرگیز ناگونجێت ئەم ئایەتە بە کونە ڕەشەکان لێک بدرێتەوە لەبەرئەوەی هیچ کام لە موفەسیرینی پێشین وا لێکیان نەداوەتەوە، و کەسیان خەیاڵیان بۆ ئەوە نەچووە کە دەستەواژەی (الكنس) پەیوەندی بە بە ماڵین و گسکدانەوە هەبێت.

## پوچکردنەوەی گومانەکە:

قورئانی پیرۆز کاتێک باس لە دیاردەیەکی گەردونی دەکات و نهێنیەکانی باس دەکات، هەقیقەت و پێکهاتەی دیاردەکە چۆنە بەو شێوەیە باسی لێ دەکات، بەڵام بە شێوەیەک باس لەو نهێنیانە دەکات کە نەبێتە فیتنە بۆ ئەو سەردەمانەی کە هێشتا نهێنیەکان دەرنەخراون، هەتا زانست پەردەی لەسەر نهێنیەکان لادەبات و باسکردنی قورئان بۆ ئەو دیاردە شاراوەیە ببێتە بەڵگە و ئیعجازێکی ڕۆشن لەو سەردەمەدا، بۆیە ڕوویەکی ئیعجازی قورئان لەوەدایە کە بۆ هەموو سەردەمێک گونجاوە، لەو کاتەی خەڵکی بۆچونیان بۆ دیاردە گەردونیەکان دوورە لە زانستەوە و لەو کاتانەیشدا کە زانست پێش دەکەوێت و نهێنیەکان ئاشکرا دەکات، هەروەها ڕوویەکی تری ئیعجازی قورئان ئەوەیە، بە جۆرێک لە ڕەوانبێژی ترین داڕشتنی ئەدەبیدا و کورترین دەستەواژەدا بە شێوازێک وردەکاری و نهێنیەکانی دیاردە گەردونیەکان باس دەکات، کە بۆ هەموو سەردەمێک گونجاو بێت و نەبێتە فیتنە و کێشە، هەتا ئەو کاتەی زانست پەردە لەسەر نهێنیەکە لادەبات و واتای ئایەتەکە بە تەواوی ڕوون دەبێتەوە.

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ سَنُرِيهِمۡ ءَايَٰتِنَا فِي ٱلۡأٓفَاقِ وَفِيٓ أَنفُسِهِمۡ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمۡ أَنَّهُ ٱلۡحَقُّۗ أَوَلَمۡ يَكۡفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ ۝٥٣ ﴾ فصلت: ٥٣

ئیبنوکەسیر دەڵێت: ﴿سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنفُسِهِمْ﴾ «أي ستظهر لهم دلالاتنا، وحججنا، على كون القرآن حقاً منزلا من عند الله، على رسول الله بدلائل خارجية في الافاق». تەفسیری ئیبنوکەسیر 157/4.

واتە: لەداهاتوودا بەڵگەکانمان دەردەخەین بۆیان لەسەر ئەوەی قورئان هەقە و لەلایەن پەروەردگارەوە دابەزیوە بۆ سەر پێغەمبەر (ﷺ)، بەبەڵگەی دەرەکی لەئاسۆکاندا.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَقُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ سَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ فَتَعْرِفُونَهَا﴾ النمل: ٩٣.

واتە: بڵێ سوپاس بۆ خودا کە لەداهاتوودا ئایەت و بەڵگەکانیتان نیشاندەدات و ئەو کاتەش باشتر لێتێدەگەن

هەروەها دەفەرموێت: ﴿لِّكُلِّ نَبَإٍ مُّسْتَقَرٌّ وَسَوْفَ تَعْلَمُونَ﴾ الانعام:٦٧. واتە: بۆ هەموو هەواڵێک واتایەکی جێگیر هەیە، بەجۆرێک لەکۆتاییدا واتەکەی جێگیردەبێت، ئەوکاتەش هەقێتیو راستێتییەکەی روونەبێتەوە.

**پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لە هەموو سەردەمێکدا زانایان بۆیان نیە لێکدانەوەی زانستی بۆ ئەو ئایەتە قورئانیانە بکەن، کە زانست رووە شاراوەکانی دیاردەکە دەردەخات و واتای ئایەتەکە روون دەکاتەوە؟ ئایا نابێت لە راو بۆچونی موفەسیرینی پێشین رەحمەتی خوایان لێ بێت لابدەین؟ لە وەڵامدا دەڵێین بێگومان ئەم بۆچونە زۆر هەڵەیە کە لێکدانەوەی دەقەکان وەک دەقەکان سەیر بکەین و کەس بۆی نەبێت رای خۆی بڵێت چونکە:**

1- ئەو ئایەتە قورئانیانەی پێشەوە ئەوەیان گەیاند کە لە داهاتودا و بە تێپەڕبوونی کات واتەکەی جێگیر و روون دەبێتەوە، هەروەک موفەسیرینی پێشین خۆیان ئەمەیان زانیوە، بەڵام هەر سەردەمێک موفەسیرین بە پێی تێگەیشتن و زانیاری ئەو سەردەمە هەموو هەوڵێکی خۆی داوە، تا راڤەی ئایەتەکە بکات.

2- زۆر جار لەبەر زۆر پەنهانی ئەو دیاردە گەردونیە، هەرگیز مرۆڤایەتی خەیاڵی بەلای واتای راستەقینەیی ئایەتەکە نەچووە، بۆ نمونە باسی ئەم کونە رەشانە یان نزمترین شوێنی زەوی کە لە قورئاندا باسکراوە، لەبەر ئەوە موفەسیرینی پێشوو، بۆ ئەوەی خەڵکی توشی فیتنە نەکەن، شتێکیش باس نەکەن کە خۆیشیان لێی تێناگەن. واتای زمانەوانی ئەو رووەیان باسنەکردووە.

3- ئەگەر ئێمە لە لێکدانەوەی ئەو موفەسیرینانە بۆمان نەبێت رایەکی تر بڵێین، کەواتە لێکدانەوەی دەقەکان دەکەین بە دەق، کە لە راستیدا ئەمە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، لە کاتێکدا زانیارییەکان و لێکدانەوە بۆ ئەو دیاردە گەردونیانە کە لەو کاتانەدا راڤەی دەقەکەی پێکراوە کەم و کورت بوون.

4- گرنگترین پرسیار ئەوەیە کە بۆچی پێغەمبەر لێکدانەوەی زۆر لەم دەقانەی نەکردووە، و بە جێی هێشتووە بۆ زەمەن، بۆ نمونە ئەم ئایەتە ﴿فَلَا أُقْسِمُ بِالْخُنَّسِ ﴿١٥﴾ الْجَوَارِ الْكُنَّسِ ﴿١٦﴾﴾ التكوير.

قورئان وەک خۆی دیاردەکەی باسکردووە و ئەو وشانەیشی بەکارهێناوە کە زۆربەی راستییەکانی نهێنییەکان دەربخات. وتەی ئەو تەفسیرزانانەیش کە هەندێک جار توانای لێکدانەوەی تەواویاننەبووە، نابێتە تەفسیری قەتعی بۆ ئایەتەکە، ئەگەر وابوایە پێغەمبەر (ﷺ) خۆی راڤەیدەکرد.

5- جیاوازی لە نێوان رای موفەسیرینی پێشین لە زۆر لە باسکردنی ئەم دیاردە گەردونیانەدا، ئەوەمان پێ دەڵێت، کە هەریەک لەوان بە پێی تێگەیشتنی خۆیان هەوڵیانداوە دیاردەکە باس بکەن، و لێکدانەوەکەی ئەوان نابێتە لێکدانەوەی بنبڕ، ئاشکرایە لێکدانەوەی موفەسیرینی پێشین نیگای خودایی نیە، ئایا لەسەردەمی موفەسیرینی پێشودا تەفسیر تەواو بووە و دوای ئەوان دەرگای تەفسیر داخراوە، و کەس بۆی نیە تەفسیر بکات؟ بێگومان ئەمە لەگەڵ ئیعجازی قورئاندا ناگونجێت.

**لێرەدا زۆر جار ئەو پرسیارە دەکرێت ئایا نەپێکان و باس نەکردنی هەقیقەتی دیاردەکە هەندێک جار، ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە لەو موفەسیرینانە شارەزایی و توانای زانستیمان زیاترە؟ ئایا ئەمە لە گەورەیی و تواناو زانستی ئەوان کەم دەکاتەوە؟**

لە وەڵامدا دەڵێین بێگومان نەخێر، چونکە جیاوازیەک کە هەبێت لە نێوان ئێمە و ئەواندا ئەوەیە کە ئێمە بە هۆی دەرخستنە زانستیەکان چۆنێتی، رووی دیاردەکە دەبینین و دەزانین چۆنە، کە لەسەردەمی ئەواندا دەرنەخراوە و نەبینراوە، ئەمە وەک ئەوە وایە، لە کتێبخانەیەکی تاریکدا بە یەکێک بڵێیت وەرە وەسفی ئەم ئەم کتێبخانەیە بکە، ئەویش بەهۆی نەبینی شتەکان بە باشی ئەوەندەی هەست پێ بکات وەسفی بکات، بەڵام دوایی گڵۆپەکان ئیش پێ بکرێت و ژوورەکە رووناک بکرێتەوە، ئینجا پێی بوترێت وەسفی کتێبخانەکە بکە، بێگومان ئەگەر ئەوەی یەکەم جار زانایەک بێت و ئەوەی دووەم جار منداڵێک بێت، منداڵەکە باشتر وەسف دەکات، ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە منداڵەکە لە زاناکە توانای زانستی زۆرترە؟ بێگومان نەخێر، هەربۆیە، لە باسکردنی ئەو دیاردە گەرونیانەدا ئێستا بەهۆی گڵۆپی دەرخستنی زانستیەوە، دیاردەکەی رووناک کردۆتەوە و پەردەی لەسەر نهێنیەکەی لاداوە، و بۆ ئێمە لێکدانەوەی بابەتەکە ئاسانترە و هیچ پەیوەندی بەوەوە نیە کەئێمە لە پێشینانمان شارەزاتر بین، بێگومان ئەگەر ئەو موفەسیرە گەورانەی پێشین لەسەردەمی ئەواندا نهێنیە گەردونیەکە دەربخرایە یان لەسەردەمی ئێستاماندا بونایە، زۆر لە ئێمە باشتر ئیعجازە زانستیەکانیان دەردەخست، و لە ئێمە باشتر راڤەی ئایەتەکەیان دەکرد. کە زۆر جار ئەوپەڕی هەوڵیانداوە بۆ روونکردنەوەی ئایەتەکە و چەندین جار هەقیقەتەکەشیان وەک ئەوە بینیبێتیان پێکاوە، نمونەیش لەسەر ئەوە زۆرن.

**پ/ ئایا ئەگەر لەسەردەمی ئێستادا بەهۆی روونبونەوەی نهێنی دیاردە گەردونیەکان، هەندێک جار لێکدانەوەیەکی نوێ سەبارەت بە ئایەتێک کە فەرمودەی لەسەر نەبێت، و موفەسیرین بە تێگەیشتنی خۆیان لێکیان دابێتەوە، باسبکەین، جیا لەو تێگەیشتنی ئەو موفەسیرانە، ئایا ئەوە دەبێتە تەحریفکردنی قورئان، وەک هەندێک گومانکار دەڵێن، لادان لە رای ئەوان وەک تەحریفکردنی جولەکەیە بۆ تەورات، چونکە ئەوانیش واتای دەقەکانیان گۆڕیوە، نەک زیاد و کەمیان کردبێت، ئیدی بۆ گلەیی لە جولەکە بکەین؟!**

و/ وەڵامی ئەم گومانە زۆر ئاسانە، چونکە کاتێک بە لێکدانەوەی تازە دەوترێت تەحریفکردن، کە لە واتای زمانەوانیی وشە و رستەکە دەربچین، و بە ئارەزوی خۆمان واتایەک داتاشین بۆ ئایەتەکە، وەک ئەوەی زۆر جار رافزیەکان دەیکەن. کە زمانی عەرەبی ئەو واتایە هەڵنەگرێت، و لە فەرهەنگە باوەڕپێکراوەکانی زمانی عەرەبیدا ئەو واتایە نەهاتبێت و عەرەب بەو واتایە بەکاری نەهێنابێت. بەڵام کاتێک واتای زمانەوانی وشەو رستەکان نەگۆڕدرێت، کە موفەسیرینی پێشین هەرچەندە زانیویانە لە زمانی عەرەبیدا ئەو رستەیە و ئەو وشەیە ئەو واتایە دەگەیەنێت، بەڵام بەو جۆرە لێکیان نەداوەتەوە چونکە ئەگەر بەو جۆرە لێکیان بدایەتەوە

نە خۆیان لێی تێدەگەیشتن، نە خەڵکیش دەیانزانی باسی چی دەکات. بەڵام کاتێک نهێنییەکان دەرخران، و واتای ئایەتەکە روون بوویەوە و دەرکەوت کە واتا زمانەوانیەکانی وشەکان و ئایەتەکە تەواو گونجاو و هەماهەنگە لەگەڵ دەرخستنە زانستیەکە، ئەو کاتە واتای ئایەتەکە بە بێ دوودڵی وەک خۆی لێکدەدرێتەوە ئیعجازی ئایەتەکە ئاشکرا دەبێت.

لێکچواندنی دەرخستنی ئەم ئیعجازە زانستیانەی قورئان بە تەحریفکردنی جولەکەکان بۆ تەورات، ئەوپەڕی نەزانی و خۆ لە گێلی دانە، چونکە جولەکە هەر واتای وشەکانی بە ئارەزوی خۆیان نەگۆڕیوە بەڵکو دەقەکانیان شێواند و زیاد و کەمیان کرد، بەڵگەیش لەسەر ئەوە ئەو جیاوازیە زۆرەیە کە لە نێوان نوسخەکانی تەوراتدایە، ژمارەی سفرەکانی نوسخەی عیبری کە وەرگێڕاوە بۆ عەرەبی، کە چەندین سفر(سورەت) لە نوسخەیەکدا هەیەو لەوی تریاندا نیە، جولەکە لە زۆر شوێندا درۆیان بەدەم خواوە کردوە، وتەیان بۆ تەورات زیاد کردوە و وتویانە ئەمە وتەی خوایە. ﴿ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ يَكْتُبُونَ الْكِتَابَ بِأَيْدِيهِمْ ثُمَّ يَقُولُونَ هَٰذَا مِنْ عِندِ اللَّهِ لِيَشْتَرُوا بِهِ ثَمَنًا قَلِيلًا ۖ فَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا كَتَبَتْ أَيْدِيهِمْ وَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا يَكْسِبُونَ ﴾ البقرة: ٧٩



**ئێستا بێینە سەر واتای زمانەوانی وشەکانی ئەم ئایەتە پیرۆزە:**

فلا اقسم: واتە سوێند بێت، الخنس: موفەسیرین دەڵێن مەبەست بە الخنس ئەستێرەیە، بەڵام لە رووی زمانەوانیەوە، الخنس:خنس: الخاء والنون والسين أصل واحد يدل على استخفاء وتستر، وشەی الخنس واتە: زۆر خۆشاراوە و نادیار، کە نەبینرێت، هەروەها بە واتای (الانقباض) زۆر چووەوە یەک هاتووە، وشەی (الخنس) سیغەی موبالەغەیە واتە زۆر خۆشاراوە زۆر چووەوە یەک، بەم پێیە واتاکە وای لێدێت (سوێند بەو ئەستێرانەی زۆر خۆیان شاردۆتەوە و زۆرنادیارن و زۆر چونەتەوە یەک).

الجوار: واتە بەخێرایی دەجوڵێن، لە (الجری) هاتووە، واتە ڕۆشتنی خێرا. کۆی (الجارية) یە. الكنس: دوو واتای هەیە، وەک لە فەرهەنگەکاندا هاتووە: ( كنس) الكاف والنون والسين تشكل أصلين صحيحين، أحدهما يدل على سفر شئ عن وجه شئ وهو كشفه والاصل الاخر يدل على استخفاء، فالاول كنس البيت، وهو سفر التراب عن وجه أرآه، والمكنسة آلة الكنس، والكناسة ما كنس.

یەکەم: ماڵین و پاککردنەوە و گسکدانە ، (مكنسة) گسکە و (كناسة) ئەو کەسەیە گسک دەدات.

دووەم: خۆشاردنەوە، و دیارنەمان، چونکە لە وشەی (الكناس) هاتووە کە حەشارگەی ئاسکە کێویە، کە دەچێتە ناوی وخۆی تیا حەشاردەدات.

دیارە (الكنس) سیغەی موبالغەیە، واتە ئەوەی زۆر گسک دەدات و پاکدەکاتەوە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە وشەی (الكنس) بەواتای زۆر گسکدەر دێت، یان زۆر خۆشارەوە؟ لە وەڵامدا: وشەی (الخنس) واتای خۆشارەوەی گەیاند، قورئانی پیرۆزیش کە وشەیەکی تری بەکارهێناوە مەبەستی گەیاندنی سیفەتێکی تری ئەستێرەکەیە و، ئەوە دوورە لە ڕەوانبێژی قورئانەوە کە هەمان واتا دووبارە کاتەوە، بەمجۆرە: (سوێند بەو ئەستێرانەی زۆر خۆشاراوەن و دەڕۆن و زۆرخۆشارەوەن)، قورئان وشە و واتایەک دوو جار دووبارەناکاتەوە بە بێ سوود بە بێ ئەوەی مەبەستێکی هەبێت، بۆیە واتاکە بەمجۆرە ڕاستە (سوێند بەو ئەستێرانەی زۆر خۆشاراوەن و بە خێرایی دەڕۆن و زۆر گسدەر و پاککەرەوەن)، سەبارەت بەموفەسیرینی پێشین زۆرینەیان بەمجۆرە ڕاڤەیان کردووە: (الخنس) سوێند بەو ئەستێرانەی لە ڕۆژدا خۆ دەشارنەوە، (الكنس) ئەوانەی لە ئاوابونیاندا دیار نامێنن وەک چۆن ئاسک خۆی بە ماڵەکەیدا دەکات و دیار نامێنێت.

**ئێستا با بزانین بۆچی موفەسیرینی پێشین بەو جۆرە لێکدانەوەیان بۆ کردووە:**

لەسەردەمی زوودا تەنیا ئەو ئەستێرانە بینراون کە لە شەودا دەردەکەون و دەدرەوشێنەوە، بەڵام ئەم ئایەتە حاڵەتێکی سەیر باسدەکات، کە دەفەموێت ئەو ئەستێرانەی زۆر شاراوەن و دیارنین، کاتێک موفەسیرین ئەمەیان بیستووە، نەیانبینیوە ئەستێرەیەک هەبێت زۆر شاراوە بێت، واتای چیە زۆر نادیار و شاراوەیە؟ کە ئەستێرە بێت دەبێت، درەوشاوە و دیار بێت، لەبەرئەوە وتویانە، مەبەستی ئەوەیە کە لەڕۆژدا دیارنامێنن!! کە لەڕاستیدا لە چەند ڕوویەکەوە ئەم لێکدانەوەیە کەم و کورتە:

1-ئەم لێکدانەوەیە تەنیا لەبەرئەوە بووە کە وەک ئێمە نەیانزانیوە ئەستێرە هەیە لە ئاسمانی تاریک و ڕەشدا، نابینرێن و زۆر شاراوەن.

2 -بەکارهێنانی سیغەی موبالەغە دوو جار، ( واتە زۆر خۆشارەوە)، بە خنس نەک (خانسون ) یان (خانسات ) وە بە كنس نەک (کانسون) یان (کانسات )، بەڵگەیە کە مەبەست پێی دیارنەمانی ئەستێرە نیە لە ڕۆژدا، یان ئاوا بونیان. ئەگەر مەبەست پێی ئاوا بونی ئەستێرە بێت، بۆچی بە سیغەی موبالەغە باسی دەکات؟!

3-خوای گەورە شەیتانی بە (الخناس) وەسفکردووە، واتە زۆر نادیار و شاراوە، چونکە شەیتان نابینرێت، ئەم ئەستێرانەیشی بە هەمان شت وەسفکردووە، کە زۆر نادیار و شاراوەن. وشەی (الخنس) بۆ ئەستێرەیەک نابێت دەرکەوێت بە شەو و بە ڕۆژ دیار نەمێنێت، بەڵکو بۆ ئەستێرەیەک دەبێت کە هەمیشە و بەردەوام نادیار و شاراوە بێت، هەروەک چۆن شەیتان مرۆڤ هەمیشە نایبینێت.

4-ئایەتە قورئانیەکە نەیفەرمووە، (الخنس في النهار) واتە: زۆر شاراوە لە ڕۆژدا،یان (الكنس في المغيب) واتە: زۆر خۆشارەوە لە ئاوابونیدا، بەڵکو ئەوە قسەی موفەسیرین خۆیانە وا لێکیان داوەتەوە، بێگومان هیچ چارێکی تریشیان نەبووە، ئەگەر وا لێکیان نەدایەتەوە، چونکە وەک وترا ئەستێرەی زۆر پەنهان و نادیاریان نەبینیوە، وەک ئێمە ئێستا دەیبینین!

5-قورئانی پیرۆز باس لە سیفەتی ئەستێرەکە دەکات، نەک بۆ ئێمە چۆن دیارە، چونکە ئەگەر لە ڕۆژدا لە ئێمەوە دیار نەماون ئەوا لە نیوە گۆکەی تری زەویدا کە شەوە دیارە، واتە ئەو ئەستێرە درەوشاوانەی کە موفەسیرین وتویانە ئەوانەن، نادیار نین، بەڵکو هەمیشە درەوشاوە و دیارن.

پاشان بزانین بۆچی موفەسیرینی پێشین ڕەحمەتی خوایان لێبێت، وشەی (الكنس) یان بە ئاوا بوون و دیارنەمانی ئەستێرە لێکداوەتەوە و نەچون بۆ واتای پاککەرەوە و گسکدەر، ئاشکرایە ئەوان لە ئێمە زۆر شارەزاتر بوون بە زمانی عەرەبی، وە زانیویانە کە واتای سەرەکی (الكنس) گسکدانە، بەڵام ئەگەر بەو واتایە لێکیان بدایەتەوە، چۆن خەڵکیان تێبگەیاندایە کە ئەستێرە هەیە لە ئاسماندا کەناسی دەکات ، کاتێک ئەو دیاردەیە نەبینراوە، وە خۆیشیان هەرگیز خەیاڵیان بۆ ئەوە نەچووە کە ئەستێرەی وا لە ئاسماندا هەبێت. بۆیە وەک حاڵەتێکی سروشتی هەرکەسێک بێت لەو سەردەمە، پێش ئەوەی ئەو ئەستێرانە دەربخرێن، ئەو لێکدانەوەیە ناکات، کە نە خۆی نە خەڵکی لێی تێدەگات و دەبێت جێگای فیتنە و کێشە.

بۆیە هەر بە واتای دیار نەمان لێکیان داوەتەوە، لە کاتی ئاوابونیدا، کە دیارە ئەمەیش دوورە لە ئەستێرەوە، و ئەوە هەڵەیەکی زانستیە، چونکە ئەستێرە نیە ئاوا بێت، بەڵکو بە نیسبەت ئێمەوە هەندێ ئەستێرە ئاوا دەبن، بەڵام ئاشکرایە قورئانی پیرۆز باسی سەیرکردنی ئێمە بۆ ئەستێرە ناکات، بەڵکو باسی ئەستێرەکە و سیفەتەکەی دەکات. هەروەها قورئانی پیرۆز بە ناوبانگە بە وردی وەسفەکانی، ئەگەر مەبەستی (الكنس) خۆشاردنەوە بێت، ئایا ئەستێرە لە چی خۆی ئەشارێتەوە؟ هەتا ئەگەر وشەی (الكنس) بەکار هاتووە بۆ خۆشاردنەوەی ئاژەڵ، بە کارهێنانی لێرەدا بەو واتایە وەرناگیرێت، چونکە ئەگەر ئاژەڵ شوێنێکی هەیە خۆی تیا بشارێتەوە، ئەستێرە شوێنی کوا خۆی تیا بشارێتەوە؟ لە ڕاستیدا لە ڕووی زمانەوانیەوە بۆیە وشەی (الكنس) بەکارهاتووە بۆ ئاسکە کێوی چونکە کاتێک ئەچێتە حەشارگەکەی لە نێوان درەختە پۆشەرەکاندا، ئەو لمەی لەسەریەتی ئەیماڵێت و پاکی ئەکاتەوە، تا دەگاتە زەویە گەرمەکە و لەسەری دەحەوێتەوە، کەواتە لەمەوە دەردەکەوێت کە بنەڕەتی وشەی (الكنس) بۆ گسک دان و ماڵینە، کاتێکیش بۆ ئاسک و ئاژەڵی کێوی بەکار هاتووە لەبەرئەوەیە کە هەڵدەستن بە ماڵینی شوێنەکەیان! نەک وەک گومانکار دەڵێت، ئەم وەسفانەی قورئان (الخنس الجوارى الكنس) هەموویان لە وەسفی ئاسکەوە وەرگیراون!! لە فەرهەنگی تاج العروس و لسان العرب دا هاتووە کە دەڵێن: (سمِّي به لأنَّه يَكْنِسُ في الرَّمْلِ حَدَّى يصِلِ إلى الثَّري)

موفەسیرینی پێشین زانیویانە وشەی الكنس بنەڕەتەکەی بۆ ماڵینە بۆیە هەندێکیان وتویانە (الكنس) مەبەست پێی ئەو ئەستێرانەیە، کە شەو دەماڵن، واتە شەو لادەبن و ڕۆژ بەدوای خۆیاندا دێنن. (في الدر المنثور، أخرج سعيد بن منصور و الفاريابي و عبد بن حميد و ابن جرير و ابن أبي حاتم و الحاكم و صححه من طرق عن علي في قوله (فلا أقسم بالخنس) قال: هي الكواكب تكنس بالليل و تخنس بالنهار فلا ترى. واتە لێرەدا بە شێوەیەکی خوازراو (مجازي) واتاکەیان لێک داوەتەوە، کەئەمەیش دوورە لە هەقیقەتەکەی.

http://www.youtube.com/watch?7=FUWY83tFwBM

ئەمە گرتەیەکی ڤیدیۆییە کە ڕاپۆرتێکی کەناڵی (الجزيرة)یەو کە کونێکی ڕەش نیشان دەدات لەکاتی هەڵوشینی ئەستێرەیەکدا، لەڕاستیدا ئەم کونە ڕەشانە ڕەحمەتێکن بۆ وەستان و مانەوەی گەردون، چونکە زانایان دەڵێن لەدوای تەقینەوەی ئەستێرەکان، ملیۆنان پاشماوەی ئەو تەقینەوانە دەکەونە ناو گەردونەوە کە پێدەچێت ببنە هەسارۆک و نەیزەکی دەرچوو لە خولگەکانیان بەوەش پیاکێشان ڕوو دەدات، کە دوور نیە زەوی خۆمان بەرە و ڕووی نەیزەکێکی زۆر بێتەوە، بەڵام ئەم کونە ڕەشانە هەڵدەستن بە پاک کردنەوەی تەپ و تۆز و پاشماوەی ئەو تەقینەوانەی گەردون پەرش و بڵاودەکەن و تەنی زیادەن لە گەڵە ئەستێرەکاندا. لەبەرئەوە بەکارهێنانی وشەی (الكنس) زۆرپاکەرەوە و ماڵەر بۆ ئەم ئەستێرانە زانستیترین وەسفن کە ئیشی سەرەکیان ڕووندەکاتەوە.

یەکێک لە موفەسیرە گەورەکانی قورئان (عبد الرحمن حسن حبنكة) (1927 - 2004) یە، لە تەفسیرە تەدەبوریەکەی بۆ قورئان (معارجُ التفكُر ودقائقُ التدبُر)، کە لە ئایەتەکانی قورئان زۆر ڕاماوە و ورد بۆتەوە، و بەرهەمی وردبونەوەی دەیان ساڵ ئەم تەفسیرەی نوسیوە، لەسەر ئەم ئایەتە، کاتێک لە ڕووی زمانەوانی وشەکانی ئەم ئایەتە ورد بۆتەوە، زۆر بە شێوازێکی ورد بۆ هەقیقەتی ئەم ئیعجازە چووە، کە خۆی باسی کونی ڕەشەکانی نەکردووە و لە کاتی نوسینی تەفسیرەکەیدا نەیزانیوە تەنی وا لە ئاسماندا هەن، بۆیە هەروەک موفەسیرینی پێشین لێکدانەوەی ئەم ئایەتەی کردووە، بەڵام لە کۆتایدا لە بەرگی یەکەم لاپەرە422 دەڵێت: (وقد يكون وصفها بأنها كنس، لانها تجذب إليها الغبار والكتل الصخرية، التي خلفتها نجوم أو كواكب، انفجرت وتناثرت أجزاءها، فهي بمثابة الكانس الذى يكنس القمامات، والله أعلم) واتە: پێ دەچێت وەسفکردنی بە (کنس) لەبەرئەوە بێت، کە ئەم ئەستێرانە تەپ و تۆز و بارستە بەردیەکانی کە ئەستێرە و هەسارەکان، لەکاتی تەقینەوەیان، بڵاویانکردۆتەوە، ڕاکێشن بۆ خۆیان، واتە لە جێی گسکێک بن کە خۆڵ وخاشاک دەماڵێت، خودایش زاناترە)

هەروەها لە لاپەرە 419 بەرگی (1) نوسیویەتی: إن معظم المخاطبين العرب إبان التنزيل لا يدركون عظمة هذه الايات الكونية (النجوم الخنس– الجواري الكنس) لكن سيأتي زمان يتسع فيه علم الفلك، ومعرفة كثير من عظمة الظواهر الكونية الدالة على صفات خالقها ومتقنها، ويدرك فيه علماء الكونيات عظمة هذه الايات الكونية الدالات على الخالق الرب العليم الحكيم القدير، ليؤكد لهم صدق الرسول محمد(ﷺ). واتە: زۆربەی ئەو عەرەبانەی ئەم ئایەتانەیان دەبیست لەکاتی دابەزانیدا، لە گەورەیی و مەزنی ئەم ئایەتە گەردونیانە تێنەدەگەیشتن، بەڵام دەبێت سەردەمێک بێتە پێشەوە زانستی فەلەکی پێشبکەوێت، گەورەیی ئەم دیاردە گەردونیانە کە بەڵگەی سیفاتەکانی پەروەردگارن بزانرێت، ئەو کاتە زانا گەردونیەکان لە گەورەیی ئەم ئایەتانە تێبگەن، کە نیشانەی بەدیهێنەرێتی و پەروەرێنی و زۆر زانای و زۆر دانای و زۆر توانایی خودایە، هەروەها تا بۆیان بسەلمێت پێغەمبەر (ﷺ) ڕاستەو نێراوی خودایە.

هەروەها سەبارەت بەو گومانەی کە دەڵێت: (زۆربەی هەرەزۆری موفەسیرەکان «ئەگەر نەڵێین هەمویان» دەڵێن: مەبەستی لەم وەسفە ڕێک ئەو پێنجەیە کە لە کۆندا پێیان وتراوە ئەستێرە گەڕۆکەکان، کە ئەم پێنج هەسارەیەن: (عەتارد، زوهەرە، مەریخ، زوحەل، موشتەری). هەندێک لە تەفسیرەکان بەڕونی ناوی ئەم پێنجە ئەهێنن، ئەمەش لەبەر ئەوەی کاتی خۆی لە هەسارەکان تەنها ئەم پێنجە بینراون بە ئاسمانەوە. ئینجا چونکە ئەم هەسارانە جوڵەیان

دەبینرێت و ئاوابونیان لەبەرچاو خێراترە؛ بۆیە دەقەکە باسی جوڵە و ئینجا دیارنەمانی ئەوانە دەکات..)

لە وەڵامی ئەمەدا دەڵێین، ئەم نوسینە بەڵگەی ئیعجازەکەیە، چونکە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە موفەسیرینی پێشوو، یەکەم زانیویانە ئەم وەسفانە باسی ئەستێرەیە، دووەمیش وتویانە هەموو ئەستێرەکان ناگرێتەوە، بەڵکو تەنیا ئەو ئەستێران دەگرێتەوە کە بە بۆچونی ئەو کاتە نزیکترین لێکدانەوەی ڕاستیی بووە، بۆیە بەپێی وەسفە قورئانیەکە هەوڵیانداوە بزانن کام جۆرە ئەستێرانە، ئەم وەسفانە دەیانگرێتەوە، لە دوای گەڕان و بیرکردنەوەی زۆریان نزیکترین شتێک کە لە ژیریی ئەو کاتەوە بەرچاوەوە نزیک بوبێت، ئەو ئەستێرانە بوون، کە لەوە باشتر و گونجاوتریان نەبینیوە، ئاشکرایە ئەگەر وەک ئێمە کونە ڕەشەکانیان ببینیایە، دەیانزانی کە ئەم وەسفانە بەسەر کونە ڕەشەکاندا دەچەسپێت. کەواتە موفەسیرین زانیویانە ئەمە ئەستێرەیە و هەموو ئەستێرەیەکیش نیە، بەڵکو کۆمەڵێکی تایبەتین کە ئەو وەسفانەی بەسەریاندا دەچەسپن، وە لەمەوە ڕوون دەبێتەوە لە تەفسیری ئەم ئایەتانەدا، موفەسیرین ڕاو بۆچوونی خۆیان دەڵێن لە هەموو سەردەمێکدا و بە پێی تێگەیشتنی سەردەمەکەیان. ئەمە ڕاو بۆچونە و کەس ناتوانێت ئەم بۆچونە فەرز بکات بەسەر واتای ئایەتەکە، چونکە نە ئایەتەکە خۆی باسی ئەو ئەستێرانەی کردووە، نە پێغەمبەر خۆییشی باسی کردووە، کە باسی هەسارەکانی (عەتارد، زوهرە، مەریخ، زوحەل، موشتەری)ن.

لەڕاستیدا موفەسیرین لەبەرئەوەی ئایەتەکە هێندە شاراوە بووە لایان و پاشان پێغەمبەر خۆی تەفسیری نەکردووە، بە ڕای خۆیان لێکدانەوەیان بۆ کردووە، کەوتونەتە جیاوازیەوە، لەگەڵ ئەوەی زۆرینە وتویانە مەبەست پێی ئەستیرەیە بەڵام لەبەر قورسی و شاراوەیی ئەم دیاردەیە، تیایاندایە وتویەتی مەبەست پێی ئاسکە کێویە، بەڵام زۆریان وەڵامی ئەم بۆ چونەیان داوەتەوە، بۆ نمونە قورتوبی دەڵێت (قال القرطبي: « والاصح الحمل على النجوم، لذكر الليل والصبح بعد هذا، فذكر النجوم أليق بذلك. ) ڕاستتر ئەوەیە کە باسی ئەستێرەکان بێت، لەبەرئەوەی شەو و ڕۆژ لەدوای ئەوە باسکراوە (والليل إذا عسعس والصبح إذا تنفس) بۆیە باسکردنی ئەستێرەکان بۆ ئێرە شیاوترە.

لێرەوە دەردەکەوێت کە لێکدانەوەی ئەم ئایەتە بە کونە ڕەشەکان ڕاسترە، و ئەمە نابێتە تەحریفکردنی واتای قورئان وەک گومانکار دەڵێت، لە کاتێکدا لە خۆمانەوە واتامان بۆ وشەکان دانەتاشیوە، بەڵکو بە پێی فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی واتای وشەکانمان لێک داوەتەوە، کە موفەسیرینیش لە ئێمە شارەزاتر بوون بەو واتایانە بەڵام وەک پێشتر باسکرا، نەبینیی دیاردەکە و نهێنی لە گەردونددا، وایکردووە خۆیان لەم واتایە نەدەن.

کونە ڕەشەکان چوار سیفەتی دیاریان هەیە: 1- زۆر شاراوەیی. 2- زۆر چونەوەیەکیان. 3- ڕۆشتنی خێرا. 4- گسکدان و پاککردنەوەی دەوروبەریان. بە هەڵوشینی تەپ و تۆزو تەنەکانی تەنیشتیان وەک گسکی کارەبایی. زاناکان دەڵێن هێزی کێشکردنی ئەم کونە ڕەشانە زۆر زۆرە، بەڵام تەنیا کار لەسەر ئەو تەنانە دەکات کە نزیکن لێیانەوە، واتە وەک گسک تەنیا ئەوەی نزیک بێت لێیەوە دەیماڵێت، ئەوەش لە بەزەیی خوای گەورەیە چونکە ئەگەر لە ماوە دوورەکانەوە کاریگەریان هەبوایە، دەمێک بوو زەوی ون بوبو، چونکە گەلە ئەستێرەکەمان ملیۆنان کونی ڕەشی تێدایە!! کە تیایاندایە دە جار لە خۆر قورسترە بەڵام تیرەکەی تەنیا 60کم دەبێت!

ئەم چوار سیفەتە لە واتای زمانەوانیی هەر سێ وشەکەدا هەیە (الخنس) واتای ئەو ئەستێرانەی زۆر خۆشاراوەن زۆر چووەوە یەکن، دەگەیەنێت، چونکە خَنس (خوننەس) کۆی وشەی خناس (خەنناس)ە، کە (خَنّاس) بۆ سیغەی مبالغە و دووبارەیە، بنەڕەتەکەی (خانس) (خانیس) ە کە ناوی بکەرە (اسم الفاعل) لەو شەی (خنس) (خەنەسە) وەرگیراوە.. لەفەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیدا هاتووە کە ئەم وشەیە بەواتای(الاستخفاء والانقباض)دێت.



لە ڕاستیدا قورئانی پیرۆز بە تەنیا بەم وشەیە، دوو سیفەتی دیاری کونە ڕەشەکان باسدەکات کە زۆر شاراوەیی و دیارنەبونیانە و هەروەها زۆر چونەوەیەکیانە، چونکە زاناکان دەڵێن ئەم تەنانە لە ئەنجامی زۆر چونەوەیەکی ئەستێرە گەورەکان دروست دەبن، بۆ نمونە بێنە بەرچاوی خۆت ئەگەر زەوی خۆمان کە تیرەکەی نزیکەی (12000)کم ە، ببێتە کونێکی ڕەش ئەوا دەبێتە یەک سانتیمەتر!!

2- الجوار (جوڵەی خێرایان هەیە)

3- (الكنس) (کوننەس) زۆر گسکدەر و پاککەرەوەن. ئەمیش کۆی وشەی (کَنّاس) (کەنناس) ە، کە بنەڕەتەکەی (کانس) (کانیس)ە، کە ناوی بکەرە (اسم الفاعل)، لە وشەی (کنس) (کەنەسە) وەرگیراوە.

## پرسیار/ ئایا وەسفکردنی قورئان وردترە یان زانستی نوێ؟

زانایان ئێستا زۆر جار بە کونە ڕەشەکان دەڵێن: cosmic vacuum cleaner واتە: گسکە کارەباییە گەردونییەکان. سەیری ئەم لینکانە بکە:

(1)http://abcnews.go.com/2020/Science/story?id=2365372&page=1
(2)http://imagine.gsfc.nasa.gov/docs/science/know_l2/black_holes.html
(3)http://ckb.wikipedia.org/wiki/%DA%A9%D9% 88%D9%86%DB%8C_%DA%95 %DB%95%D8%B4
(4)http://answers.yahoo.com/question/index?qid=20090111151940AAqXhiu

هەمیشە پەرتوکی خوای گەورە، باسی هەقیقەتە ڕەهاکان دەکات کە ناگۆڕدرێن و پێویست بە گۆڕان ناکات، بەڵام زانایانی مرۆڤ، وردە وردە شتەکان دەردەخەن، بۆیە لەماوەی گەشتی دەرخستنی کونە ڕەشەکاندا، بە پێی سنوری زانیاریەکانیان ناویان بۆ دانا. ناوی (الثقوب السوداء - Black Hole) لەوەوە هات کە پێش چەندین ساڵ لەسەر زاری یەکێک لە زاناکانەوە کاتێک ئەم ئەستێرانەیان بینی، گومانی برد کە بۆشایی و کون لە ئاسماندا هەیە، بۆیە بەو ناوەوە ناویان نا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە دوورە لە هەقیقەتی ئەم ئەستێرانە، چونکە ئەم کونە ڕەشانە کێشیان زۆر زۆرە، بە بلیۆنان بلیۆنان تەن لە تەسکترین قەبارەدا چڕ بۆتەوە، لەبەرئەوە قورئانی پیرۆز ناوی

نەبردووە بە کونە ڕەشەکان، چونکە کون واتای بۆشاییە، لە کاتێکدا ئەم تەنانە بەهیچ جۆرێک بۆشاییان تێدا نیە، بەڵکو لەوپەڕی بارستایی و کێشدان. ملیۆنان جار لە خۆری خۆمان قورسترن، ئیتر چۆن پێیان بڵێن کون؟!! هەروەها بەکارهێنانی وشەی ڕەش زانستی نیە، هەروەک خۆیان ئێستا وا دەڵێن، چونکە ڕەش یەکێکە لە ڕەنگەکان لە کاتێکدا ئەم تەنانە ڕەنگیان نیەو نابینرێن، بەڵکو (invisible) ڕاستترە واتە نەبینراو، هەروەک ئێستا سایتە زانستیەکان ئەم وەسفەی بۆ بەکاردێنن، سەیری ئەم لینکانە بکە:

http://www.nasa.gov/audience/forstudents/8-5/features/what-is-a-black-hole58- html

http://www.astronomytoday.com/cosmology/blackholes.html

لەمەوە دەردەکەوێت کە زۆر جار وەسفی مرۆڤ ورد نیە، بەڵکو پەرتوکی خوای گەورە وردترین وەسفی زانستیی دەکات، کە تەعبیر لە هەقیقەتی ئەستێرەکە دەکات. لە کاتێکدا کونی ڕەش تەعبیر لە هەقیقەتی ئەستێرەکە ناکات، بەڵام تازە زانایان نەیانتوانی ئەو ناوە بگۆڕن، چونکە ئەو هەر لەسەرەتاوە بەو ناوەوە ناسرا.

### ئامانجی قورئان لە باسکردنی ئەم تەنە ئاسمانیانە چیە؟

لە ڕاستیدا ئامانج لە باسکردنی ئەم تەنانە بە تەنیا ئەوە نیە کە قورئانی پیرۆز ئاگادارمان بکاتەوە تەنی وا لە ئاسماندا هەیە، بەڵکو سوێند پێ خواردنی خوای گەورە بە دروستکراوێکی بۆ گەورەیی و تەعزیمە، کە ئەم دروستکراوە نیشانەی توانا و مەزنی پەروەردگارمان نیشان دەدات (سبحانە وتعالی)، هەروەها ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئەم قورئانە وتەی ئەو زاتەیە کەئەو تەنە ئاسمانیانەی دروستکردووە، هەروەک کۆتایی ئەم ئایەتانە دێنێت بە ﴿إِنَّهُۥ لَقَوْلُ رَسُولٍ كَرِيمٍ ۝١٩﴾ التكوير، واتە: بێگومان ئەم قورئانە گوفتاری ڕەوانەکراوێکی پایە بەرزە کە فریشتەی سرووشە.

هەروەها ئامانج لە باسکردنی ئەم نهێنیانەی گەردون، هاتنەدی بەڵێنەکەی پەروەردگارە کە فەرموی: ﴿سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ﴾ فصلت: ٥٣

هەروەها ئەم ئایەتانە دڵنیا کردنەوەی مەردومانە بە هاتنەدی هەموو بەڵێنەکانی دیکەی قورئان، کە چۆن دڵنیا بوون ئەم بەڵێنەی هاتەدی ئاواش دڵنیا بن هەموو بەڵێنەکانی تری سەبارەت بە زیندوو بونەوە و گۆڕەپانی لێپرسینەوە و سزای دۆزەخ و بەهەشتی نەبراوە، ئەوانیش دێنە دی و دەیانبینن، هەروەک چۆن ئێستا ئەو بەڵێنە نهێنیانە بۆ ئێمە بونەتە بینراو، ئاواش هەموو بەڵێنەکانی تری دوای مردن دەبنە بینراو و ڕاستەقینە.

**سەرچاوەکان:**
تەفسیرەکانی (ئیبن کەسیر، قورتوبی، تەبەری، شەوکانی، رازی، ئالوسی، زەمەخشەری، بەیزاوی، خازن)
فەرهەنگەکانی ( لسان العرب، المعجم الوسيط، مقاييس اللغة، الصحاح في اللغة، القاموس المحيط)
کتێبی (السماء في القرآن الكريم د.زغلول النجار) لاپەڕە 211 تا 232
http://www.eajaz.org/index.php/Encyclopedias/Encyclopedia-responding-to-suspicions/Misconceptions-about-the-scientific-miracles-in-Astronomy
http://www.kaheel7.com/modules.php?name=News&file=article&sid=633
http://science.nasa.gov/astrophysics/focus-areas/black-holes/
http://en.wikipedia.org/wiki/Black_hole
ئەمانەو چەندین سایت و سەرچاوەی دیکە.

# دۆزینەوەیەکی نوێ پشتگیریی لە ڕاستییەکانی سوننەت دەکات




د. تريفه عبدالله محمود
مامۆستای کۆلیجی پزیشکی زانکۆی سلێمانی

کۆمەڵە زانا و پزیشکێک لە زانکۆی (لیدز Leeds) لە ئینگلتەرا هەستان بە تاقی کردنەوەیەک لەسەر تازە بووان، بۆ زانینی کاریگەریی پێدانی چەند بڕێک لە گیراوەی شەکری سوکەرۆز لە سەر گریان و هەست کردنیان بە ئازار لەکاتی ڕاکێشانی خوێن لێیان بە سرنج، گۆڤاری پزیشکی بەریتانی (BMJ) دا ئەم توێژینەوەیەی بلاوکردەوە، (60)منداڵی کوڕ و کچ هەڵبژێردران لە تەمەنی (1-6 ڕۆژ)، و هەموویان ئەم تاقی کردنەوەیان لە سەر کرا، لە هۆڵی لەدایک بوونی نەخۆشخانەی ناوبراو (Leeds)، کران بە دوو گروپەوە، (٣٠)کەسیان پێش لێدانی دەرزی یەکە تەنها ئاوی (معقم)یان دانێ، (30) کەسەکەی تر کران بە سێ گرووپەوە، بە پێی ڕێژەی ئەو شەکرەی پێیاندان، بە ڕێژەی: (12.5%)، (25%)، (50%).

هەموو ئەم گیراوانە دران بە منداڵەکان پێش دوو دەقیقە لە لێدانیان بە دەرزی وەرگرتنی خوێن لێیان، بە مەبەستی پێوانی ڕێژەی زەردوویی لە خوێنیاندا (کە تاقی کردنەوەیەکە بۆ هەموو منداڵێکی تازە بوو دەکرێت)، ئەم دەرزی لێدانە دەبێتە هۆی گریانی تازە بووەکان بۆ ماوەیەک بە هۆی ئازارەوە، پاش سێ دەقیقە لە چاودێریی گریانی منداڵەکان، ئەم ئاکامانەی هەبوو:

1- ئەو گیراوە شەکری یە لە دەمی منداڵەکاندا زۆر بە باشی هەست کردن بە ئازار و لێدانی خێرای دڵی منداڵەکانی کەم کردەوە.

2-باشترین ئاکام لەو منداڵانەدا بوو کە ڕێژەیەکی بەرزی شەکریان درابوو واتە (50%).

3-خستنە ناو دەمی ماددەیەکی شەکریی بۆ منداڵ بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی ئازار، و بەکار نەهێنانی دەرمانی ئازار شکێنەر.

4- پزیشکی هەموو مرۆڤایەتی پێغەمبەر (ﷺ) یەکەم کەس بوو کە لە مێژوودا هەستا بەم کارە، بەوەی شتێکی شیرینی دەخستە ناودەمی منداڵی تازەبوو، کاتێک بۆیان دەهێنا خورمایەکی دەجوو و لە شیرینی یەکەی دەخستە دەمی منداڵەکەوە .. **سوننەتی (تحنيك المولود)**

# دۆزینەوەی دەستنوسەکانی دەریای مردوو (تەورات) راستییەکانی قورئان دەسەلمێنێت!!

**هەیڤ**

لە نێوان ساڵەکانی (1947-1967ز)دا زنجیرە دەستنووسێکی کۆن و نایاب لە ئەشکەوتەکانی (جبل قمران)ی نزیک (دەریای مردوو) لە فەلەستین دۆزرایەوە، کە زۆر هەڵەی مێژوویی ڕاستدەکەنەوە سەبارەت بە هەردوو ئایینی جوولەکە و مەسیحییەت و سەرچاوەکانیان.

لێکۆڵینەوەکانی پسپۆڕ و شارەزایان لەسەر پەڕەکانی ئەم دەستنووسانە ئەوە دەردەخەن کە لە نێوان ساڵی (200 پ.ز) و (نیوەی یەکەمی سەدەی یەکەمی زایینی)دا نووسرابن.

هەندێ لەو دەستنووسانە لە لایەن دەوڵەتی ئەردەن و هەندێکی تری لە لایەن زانکۆی عیبریی قودسەوە و هەندێکی تری لە (مۆزەخانەی کتێبە کۆنەکان)ی قودسی خۆرئاوادا دەستیان بەسەردا گیراوە.

وێنەی بەشێکی ئەو دەستنووسانە کەوتووەتە بەردەستی توێژەران و بە چەندین زمان تەرجەمە کراوە.. بەڵام بەشی هەرە زۆری هێشتا هەر پەنهانە و پەردەی لەسەر لانەبراوە.

یەکێک لەو شتانەی کە لەم دەستنووسانەدا هاتووە ئەوەیە کە دەڵێت: (عیسا «مەسییا»ی مەسیحی یەکانە و، جگە لەو "مەسییا"یەکی تریش هەیە)! وشەی (مەسییا) بە زمانی ئارامیی کۆن واتای: (پێغەمبەر) دەگەیەنێت.

قەشە (ڕ. باول دیفتەر) کە سەرۆکی هەموو قەشەکانی واشینتۆنە، لە کتێبێکیدا سەبارەت بەو دەستنووسانە دەڵێت: (دەستنووسەکانی دەریای مردوو یەکێکە لە مەزنترین دۆزینەوە گرنگەکان لە ماوەی چەندین سەدەدا و، لەوانەیە تێگەیشتنی تەقلیدیمان بۆ ئینجیل بگۆڕێت).

دوای دۆزینەوەی ئەم دەستنووسانە (پاپا)ی ڤاتیکان وتی: دەرکەوت کە تێگەیشتەکانی ئێمە بۆ (مەسیح) هەڵەن و، پێویستە لای موسڵمانەکان ڕاستیان بکەینەوە! لەبەر ئەوە داوای کۆنگرەیەکی کرد لە نێوان موسڵمانان و مەسیحی یەکاندا. بەڵام جوولەکەکان ناڕەزایی یان لەسەر ئەو کۆنگرەیە دەربڕی و، پێش ئەوەی کۆنگرەکە ساز بکرێت (پاپا) کوژرا، بێ ئەوەی بکوژەکەی بزانرێت کێیە.

پاپای دوای ئەو ناچار بوو کۆنگرەکە تایبەت بکات تەنها بە مەسیحی یەکانەوە و، ماوەی چوار ساڵ وتووێژی خایاند.




**گرنگترین دەرەنجام و خاڵەکانی ئەو کۆنگرەیە سەبارەت بە ئێمەی موسڵمانەوە ئەمانەی خوارەوەیە:**

**یەکەم:** موسڵمانان دەستەیەکی ڕزگاربوو (فرقة ناجیة)ن لەو دنیادا.

**دووەم:** دەبێ بڵاوکردنەوە (تەبشیر)ی مەسیحیەت لەناو موسڵماناندا قەدەغە بکرێت.

**سێیەم:** هەرکەسێک دەیەوێت کەسێتیی حەزرەتی مەسیح بە باشی بناسێت با پرسیار لە موسڵمانان بکات!

شایانی باسە نوسخەیەک لەم بڕیارانە لە شاری مەککەی پیرۆز لەلایەن(ڕێکخراوی ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی)یەوە پارێزراوە . بەڵام پاپای دوای ئەو کە هات هەموو بڕیارەکانی ئەو کۆنگرەیەی هەڵوەشاندەوە!

یەکێک لەو قەشانەی کە ئامادەی ئەو کۆنگرەیە بووە گەورەی قەشەکانی پاریسە و، لە بۆنەیەکدا بە (پرۆفیسۆر دکتۆر مۆریس بۆکای) وتووە: (ناخۆشترین ڕۆژ لە مێژووی ئەورووپادا ئەوڕۆژەیە کە موسڵمانەکان بە سەرکردەیی عەبدوڕڕەحمانی غافیقی لە بەردەم سوپای ئەورووپادا شکستیان هێنا، چونکە بێگومان ئێمەی ئەورووپایی بەو شکستەی ئەوان دوو سەدە دواکەوتین!

ئەوەتا ئێمە دوای چوار ساڵ کۆنگرە بەوە کۆتاییمان پێ هێنا کە: هەرکات ویستمان کەسێتیی مەسیح بناسین دەبێ پرسیار لە موسڵمانان بکەین)! دکتۆر (چارلس فەرەنسیس بۆتەر) لە کتێبەکەیدا بە ناوی: (ساڵە ونبووەکانی ژیانی عیسا دۆزرایەوە) دەڵێت: (کەنیسە لە سەردەمی یەکەمی دروستبوونی دا ئینجیلێکی دوور خستووەتەوە بە ناوی: (ئینجیلی بەرنابا).

بەڵام ئەو دەستنووسانەی کە تازەکی لە ناوچەی (دەریای مردوو) دۆزرانەوە پشتی ئەو ئینجیلە دەگرن)!



# موعجیزاتی ئەحمەدی

نووسینی: مامۆستا سەعیدی نوورسی
وەرگێڕانی: فارووق ڕەسووڵ یەحیا
faruq_r@hotmail.com

**نموونەی دووهەم:**

لە صەحیحی بوخاری و موسلیمدا چەسپاوە کە: «سالیمی کوڕی ئەبولجوعد لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە دەگێڕێتەوە دەفەرمویێ:

لە ڕۆژی حودەیبییەدا خەڵک زۆریان تینوو بوو، پێغەمبەریش (ﷺ)کوندەیەک ئاوی لە بەردەستدا بوو دەستنوێژی لـێ گرت، ئنجا خەڵکەکە هەموو بەرەو ڕووی پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆشتن. ئەویش فەرمووی: چی ڕووی داوە؟ وتیان: ئاومان لە لا نییە چ بۆ دەستنوێژ چ بۆ خواردنەوە مەگەر ئەوەی بەردەستت! پێغەمبەریش (ﷺ) دەستی خستە ناو کوندەکەوە، یەکسەر ئاو لە نێوان پەنجەکانیەوە وەک کانی هەڵقوڵا. ئێمەش تێرمان لـێ خواردەوە و دەستنوێژمان لـێ گرت.

سالم دەڵێت لە جابیرم پرسی: چەند کەس بوون؟ لە وەڵامدا وتی: ئەگەر سەد هەزار کەسیش بووینایە بەشی دەکردین، هەزار و پێنج سەد کەس بووین»[1]

وا بۆت دەرکەوت کە ئەوانەی ئەم موعجیزەیان – لە مەعنادا– گێڕاوەتەوە، دەگەنە هەزار و پێنج سەد کەس. چونکە سروشتی مرۆڤ وایە کە درۆ دەردەخات و دەڵێت: «ئەمە درۆیە». نەخوازەڵا ئەو هاوەڵە بەڕێزانەی کە گیان و سامان و باوک و کوڕ و خزم و هۆزی خۆیان لە پێناوی حەق و ڕاستیدا بەخت کرد. چ جای ئەوەی کە لە ئاستی درۆدا بێ دەنگ ببن، بە تایبەت دوای ئەو هەڕەشە ترسناکەی لە پێغەمبەریان (ﷺ) بیستووە کە فەرموویەتی: «هەرکەسێ بە ئەنقەست درۆم بە دەمەوە بکات، با جێیەک بۆ خۆی لە ئاگری دۆزەخدا ساز بکات»!

جا مادەم ئەوان بەم هەواڵدانەی جابیر ڕازی بوون و بە درۆیان نەخستەوە، ئەوا هەموویان لە ناوەڕۆکدا بەشداری ئەم ڕیوایەتەن و تەسدیقیان کردووە.

**نموونەی سێهەم:**

صەحیحی بوخاری و موسلیم و صەحیحەکانی تر لە باسی غەزای «بُواط»دا دەگێڕنەوە کە: جابیر وتوویەتی: «پێغەمبەر (ﷺ)بە منی فەرموو: «ناد بوضوء» واتە: داوای ئاوی دەستنوێژ لە خەڵک بکە. عەرزم کرد: ئاو دەست ناکەوێ. پێغەمبەریش (ﷺ) داوای ئاوێکی زۆر کەمی کرد. بۆیان هێنا و دەستی خستە ناوی و شتێکی لەبەر خۆیەوە فەرموو نازانم چی بوو. پاشان فەرمووی: «ناد بجفنة الركب». واتە: داوا بکە «جەفنە» (تەشت) یێک[2] بهێنن.

(1) جەفنە: قاپێکی گەورەیە، خواردنی دە کەس دەگرێت.

(2) صحيح، رواه مسلم في حديث طويل.

منیش هێنام و لە بەردەستیدا دامنا. جابیر دەفەرموێ: پێغەمبەر (ﷺ) دەستی خستە ناو تەشتەکەوە و پەنجەکانی تێدا بڵاوکردەوە و، ئنجا جابیر ئاوەکەی کرد بەسەر دەستی پێغەمبەردا (ﷺ) و پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: «بسم الله».

جابیر دەفەرموێ: دەمبینی ئاو لە نێوان پەنجە پیرۆزەکانیەوە هەڵدەقوڵا هەتا تەشتەکەی پڕ کرد. ئنجا فەرمانی دا کە خەڵکەکە بێن ئاو ببەن. ئەوانیش تا تێراوبوون لێیان خواردەوە، منیش وتم: ئایا کەس نەماوە پێویستیی بە ئاو بێت؟ ئنجا پێغەمبەر (ﷺ) دەستی لە تەشتەکە هەڵگرت، هێشتا هەر پڕبوو»[3].

جا ئەم موعجیزە ئاشکرایە: موتەواتیری مەعنەوییە. چونکە لەبەر ئەوەی جابیر لە پێشەنگی بینەرانی ئەم موعجیزەیەوە بووە، مافی خۆیەتی کە بە ناوی بینەرانەوە و لە بریی ئەوان بیگێڕێتەوە و رایبگەیەنێت. چونکە لەو کاتەدا ئەو خزمەتی پێغەمبەری (ﷺ) دەکرد.

لە ریوایەتەکەی (ئیبن مەسعوود)دا[4] - کە لە صەحیحی بوخاریدایە - دەفەرموێ: «بە چاوی خۆم دەمبینی کە ئاو لە نێوان پەنجەکانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) هەڵدەقوڵا».

ئایا ئەگەر چەند هاوەڵێکی بەڕێز و باوەڕ پێکراوی وەک «جابیر» و «ئەنەس» و «ئیبن مەسعوود» بڵێن: «بە چاوی خۆمان بینیمان» ئایا دەگونجێ کە بە چاوی خۆیان نەیانبینیبێت؟

پاشان ئەم نموونانە بە یەکەوە ببەستە و یەکیان بخە، با بۆت دەربکەوێت کە ئەم موعجیزە گەورە و ئاشکرایە چەندە بەهێز و توندوتۆڵە. چونکە ئەگەر هەر سێ رێگاکە یەک بگرن، ئەوا ریوایەتەکە دەبێت بە «تەواتوری مەعنەوی» و بە بێ گومانی دەچەسپێت کە: ئاو لە نێوان پەنجەکانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) هەڵدەقوڵا.

ئەم موعجیزەیە گەلێ لە موعجیزەکەی حەزرەتی مووسا - درووودی لەسەر بێت - گەورەتر و بەرزترە، کە دوازدە کانیی لەناو بەرددا هەڵقوڵاند، چونکە تەقینی کانیاو لەناو بەرددا شتێکی مومکینە و بە گوێرەی عادەت هاوچەشنی هەیە. بەڵام هەڵقوڵانی ئاو، بە وێنەی کەوسەر و سەلسەبیل، لەناو گۆشت و ئێسکدا، شتێکە هاوچەشنی نییە.

### نموونەی چوارەم:

ئیمامی مالیک لە کتێبە بەنرخەکەیدا: «الموطأ»[5]

لە هاوەڵی بەڕێزی وەک «موعاذی کوڕی جەبەل»ەوە، دەگێڕێتەوە کە: «لە غەزای تەبووکدا رۆشتنە سەرکانییەک ئاوێکی یەکجار کەمی تێدا بوو کە بە ئەندازەی بنی پێڵاو جێی گرتبوو. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی دا هەندێک لە ئاوەکەی کۆ بکەنەوە. ئەوانیش بە دەست نەختێکیان لە شتێکدا کۆکردەوە. ئنجا پێغەمبەر (ﷺ) دەست و دەموچاوی لەو ئاوەدا شۆرد و پاشان رۆی کردە ناو کانییەکە. ئیتر ئەو کانییە ئاوەکەی تەقییەوە و زۆر بوو، خەڵکەکەش لە ئاوەکەیان بەکارهێنا.

تەنانەت لە ریوایەتەکەی «ئیبن ئیسحاق»دا دەڵێت: ئاوەکە ئەوەندە بە هوروژم بوو کە دەنگێکی وەک دەنگی هەورە بروسکەی لێ بەرز بووەوە.

پاشان پێغەمبەر (ﷺ) بە موعاذی فەرموو:

«یوشك یا معاذ إن طالت بك حیاة أن ترى ما هاهنا قد مُلئ جناناً»[6].

هەر وەهایش بوو کە ئەو فەرمووی.

### نموونەی پێنجەم:

ئیمامی بوخاری لە «بەڕاء» و «سەلەمەی کوڕی ئەکوەع»ەوە و، کتێبە صەحیحەکانی تریش لە چەند رێیەکی ترەوە، دەگێڕنەوە کە ئەو هاوەڵانە دەفەرموون: «لە رۆژی حودەیبییەدا هەزار و چوار سەد کەس دەبووین. حودەیبییەش بیرێکە هەڵمانگۆزی و دڵۆپێک ئاومان تێدا نەهێشت. ئنجا پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر لێواری بیرەکە دانیشت و داوای ئاوی کرد، بۆیان هێنا. پاشان دەمی پیرۆزی بە ئاوەکە تەڕ کرد و، ئنجا کردیەوە ناو بیرەکە. ئێمەش زۆرمان پێ نەچوو ئاومان لێ هەڵگۆزی، بە جۆرێ کە خۆمان و وڵاخەکانمان تێراو بووین»[7].

«بەڕاء» دەفەرموێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی دا دۆڵچەیەک ئاوی بۆ بهێنن. ئێمەش بۆمان هێنا. ئەویش ئاوی دەمی پیرۆزی خۆی تێکرد و دوعای بەسەردا خوێند. پاشان دۆڵچە ئاوەکەی کردە ناو بیرەکەوە. ئیتر بیرەکە تەقییەوە و تا لێواری پڕ بوو لە ئاو. خەڵکەکەش تێریان لێخواردەوە و وڵاخەکانیشیان لێ ئاودا.

(3) صحیح، رواه البخاري والترمذي والنسائي.
(4) صحیح، رواه مسلم وأحمد أیضا.
(٥) صحیح، رواه مسلم وأحمد أیضا.

(6) واتە: ئەی موعاذ! ئەگەر تەمەنت درێژ بێت، نزیکە ئەم دەوروبەرە ببینیت پڕبووبێت لە باخ و بێستان.
(7) رواه البخاري ومسلم وأحمد.

# کاریگەریی زەنجەفیل لەسەر کەمکردنەوەی کێش



**وەرگێڕانی: لەتیف ڕەئوف**

لەتوێژینەوەیەکی نوێدا دەرکەوتوە کە زەنجەفیل کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەکەمکردنەوەی کێش، چونکە مرۆڤ کاتێک نان دەخوات لەگەڵ کەمێک زەنجەفیل، زووتر هەست بە تێربوون دەکات، هەروەها ماددەی تیایە کە بەرەنگاری بەکتریاو ڤایرۆس دەکات، لەبەرئەوە بە دژە هەوکردنێکی چاک دادەنرێت.

لەتوێژینەوەیەکی تردا دەرکەوتووە کە زەنجەفیل کۆئەندامی هەرس چالاک دەکات. کۆلێژی ماریماند هەستاوە بە توێژینەوەیەک کە سەلماندیان زەنجەفیل چارەسەری دڵ تێکچوون و هێڵنجدان دەکات، و هەڵدەسێت بەکەمکردنەوەی ئازاری هەوکردنی جومگەکان و کەمکردنەوەی کۆلیسترۆلی زیان بەخش.

هەروەها ئێستا توێژینەوەی تر دەکرێت بۆ زانینی سودی زەنجەفیل بۆ چارەسەری نەخوشیەکانی دڵ و شێرپەنجە و لێکۆڵەرەوەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە خواردنی کەمێک لەم مادەیە سود بەخشە، هەروەها ئامۆژگاری دەکەن کە زەنجەفیل بکرێتە ناو هەموو خواردنە گەرمەگان، بەتایبەتی چای سەوز بۆ چارەسەری نەخوشیەکانی دڵ و ڕێگرتن لەبڵاوبونەوە و زیادکردنی خانە شێرپەنجەییەکان.

پاک وبێگەردی بۆ خوا کە لە قورئانی پیرۆزدا باسی ئەم ماددەیەی کردووە و دەفەرموێت:

﴿ وَيُسۡقَوۡنَ فِيهَا كَأۡسٗا كَانَ مِزَاجُهَا زَنجَبِيلًا ﴾ (الانسان:١٧) واتە: لە بەهەشتدا لەپەرداخێک شەرابی پاکیان پێ نۆش دەکرێت، کە زەنجەفیلی تێکەڵاوە.



# شاری خۆر

پەروەردگار دەفەرموێت:﴿ وَكَمۡ أَهۡلَكۡنَا مِن قَرۡيَةِۭ بَطِرَتۡ مَعِيشَتَهَاۖ فَتِلۡكَ مَسَٰكِنُهُمۡ لَمۡ تُسۡكَن مِّنۢ بَعۡدِهِمۡ إِلَّا قَلِيلٗاۖ وَكُنَّا نَحۡنُ ٱلۡوَٰرِثِينَ ٥٨ ﴾ القصص، واتە: خەڵکی زۆر شارو دێهاتمان لە ناوبرد لەبەر خۆشگوزەرانیان یاخی بوون، سوپاسی چاکەکانی خوایان نەکرد، جا ئەوە جێ و شوێنەکانیانە لە پاش تیاچوونی ئەوان بۆ ماوەیەکی کەم نەبێت لەلایەن ڕێبوارانەوە کەسی تیا نیشتەجێ نەبوە، وە ئێمە بوینە میراتگریان.

ئەم وێنەیە شارێکە لە شارەکانی گەلی ئینکا کە لە بەرزترین شوێنی چیاکانی ئەندێز پایەتەختیان بنیات ناوە، کە شارێکی خۆشگوزەران بوەو پڕ بووە لە پەرستگا و کۆشک کە تیایاندایە بەرزیان دەگاتە (11000) پێ لەسەر رووی دەریاوە، هەروەها ناویان ناوە شاری خۆری پیرۆز ، هەتا لە کۆتاییدا ئیسپانەکان لە کاتی هێرشیان بۆ ئەمریکای لاتینی لە (1532)ز لە ناویان بردن.

## سوپاس و پێزانین

**بەگەرمی سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی ئەندازیار کاک سەرهەد و نووسینگەی ڤیو گروپی ڕاوێژکاری ئەندازیاری دەکەین، کەوا هاوکارییانکردین بۆ تەواوکردنی نەخشەی پرۆژەی دروستکردنی بینای ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستیی لە قورئان و سوننەتدا، کە بێبەرامبەر کارەکەیان ئەنجامدا، دەست خۆشییان لێدەکەین و خوای گەورە بیکاتە مایەی سەرفرازییان و دەست کراوەو دەروون ئاسودەیان بکات.**

**ناوەندی کوردستان**
**بۆ ئیعجازی زانستیی لە قورئان و سوننەتدا**



# کۆنگرەی شێخ ئەمجەد زەهاوی لە سلێمانی

(سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری) هەستا بە بەستنی کۆنگرەی زانستیی دووەمی خۆی، لەژێر ناونیشانی (شێخ ئەمجەد زەهاوی).. ڕۆژانی 1- 2/ جەمادی یەکەم/ 1434ک (13- 14/ مارت/ 2013ز) لە هۆڵی ئوتێل (مەم و زین) لە شاری سلێمانی، بە بەشداری کۆمەڵێک لە زانایان و بیرمەندان و نووسەران، لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان.

کارەکانی کۆنگرە دوو ڕۆژی خایاند، تیایدا نزیکەی 150 ئەندام بەژداریان تیاکرد، لە شارەزایان و زانایان و ڕۆشنبیران و بانگخوازان و بیرمەندان، لە ناوە و دەرەوەی سلێمانی، لە شارەکانی هەولێر و دهۆک و موسڵ و بەغدا و کەرکوک و سامەڕا لە ناوەوەی عێراق و شاری سنەی ئێران.. لە کۆنگرەکەدا 10 توێژینەوە و 4 وتە پێشکەش کرا، لە 4 دانیشتنی زانستیدا.. لە هەر یەک لە دانیشتنە زانستیەکان، دووای پێشکەشکردنی توێژینەوە و وتەکان، دەرگای گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە واڵا دەکرا، کە تیایاندا بە ڕاشکاوی و سەربەستی ئەندامانی کۆنگرە ڕاوبۆچوونی خۆیان دەردەبڕی.. پاشان دووای دانیشتنی چوارەم، توێژەرەکان خەڵات کران و بەلاغی کۆتایی خوێندرایەوە.

کارەکانی کۆنگرە بە خوێندنەوەی چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز لە لایەن کاک (هاوڕێ سەلام)ەوە دەستی پێکرد.

پاشان وتەی بەخێرهێنان لەلایەن (م. ئاراس حەمە ئەمین) مامۆستای کۆلێجی زانستە ئیسلامیەکانەوە پێشکەش کرا، کە ئاهەنگەکەی بەڕێوە برد.

پاشان گرتەڤیدیۆییەک پێشکەش کرا: کورتەیەک لە ژیانی شێخ ئەمجەد زەهاوی، لە ئامادەکردنی سەنتەر.

پاشان وتەی (سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری) لە لایەن (د. صەباح موحەممەد بەرزنجی) سەرۆکی سەنتەرەوە پێشکەش کرا.. تیایدا، دووای بەخێرهێنانی ئامادەبووان ئاماژەی بە هۆکارەکانی بەستنی کۆنگرەکە دا، و داوای لە بەشداربووان کرد کە بە سەربەستییەوە کارلێک لەگەڵ بابەتەکاندا بکەن و ڕاوبۆچوونی خۆیان دەربڕن.

پاشان وتەی (پ. د. عبدالکریم زەیدان) خوێنرایەوە، کە لە شاری سەنعای یەمەنەوە ناردبووی بۆ کۆنگرە، لە لایەن (د. موستەفا جابر عەلوانی)ەوە پێشکەش کرا.. تیایدا وێڕای باسکردنی گەورەیی مامۆستاکەی (زەهاوی) چەند شایەتیەکی خۆی گێڕایەوە سەبارەت بە شێخ ئەمجەد، کە بەڵگەی گەورەیی و چاونەترسی دەردەخست لە وتنی حەقدا.

پاشان نوێنەری پەرلەمان (د. بەشیر خەلیل حەدداد) سەرۆکی لیژنەی ئەوقاف، وتەیەکی پێشکەش کرد، تیایدا بە ناوی خۆیی و سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەی ئاراستەی هەڵسوڕێنەرانی کرد، و ئاماژەی بە گەشاوەیی ژیان و هەڵوێستەکانی زەهاوی دا.. لە کۆتایی وشەکەیدا دوعای خێری بۆ سەنتەر و کۆنگرەکە کرد.

پاشان (م. عبدالرحمن عبدالستار نعێمی) وتەی دیوانی وەقفی سوننی لە بەغدا پێشکەش کرد.. تیایدا وێڕای سوپاسکردنی سەنتەر بۆ بەستنی ئاوەها کۆنگرەیەک، ئاواتی ئەوەی خواست یادکردنەوەی پێشەوای عێراقیەکان (شێخ ئەمجەد) ببێتە مایەی یەکریزی موسڵمانان و کۆبوونەوەی دڵەکان.

پاشان (د. ئیسماعیل بەرزنجی) ئەندامی سەنتەر، سەرۆکی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە، وتاری لیژنەی ئامادەکاری پێشکەش کرد.. تیایدا بە کورتی باسی بەرنامەکانی کۆنگرە و قۆناغەکانی ئامادەکاری کرد.

یەکەم دانیشتنی زانستیی کاتژمێر (10:30)ی بەیانی دەستی پێکرد، کە (د. کەریم ئەحمەد داودی)، ئەندامی سەنتەر، نوسەر و توێژەری ئیسلامی، بەڕێوەی برد، تیایدا 3 توێژینەوە پێشکەش کرا:

* توێژینەوەی (پێشەوا زەهاوی.. زانا و فەقیە و بانگخواز و خواناس): لە لایەن (م. سوبحی محێدین داودی) بانگخوازی ئیسلامی ناسراو لە شاری کەرکوک، و لە نوسەرانی ڕابوونی ئیسلامی لە عێراق.

* توێژینەوەی (بنەماڵەی زەهاوی لەسەرچاوە فارسیەکاندا): لە لایەن (د. ئیسماعیل شەمس) لە شاری سننەی ئێرانەوە، دکتۆرا لە مێژوودا، مامۆستای مێژوو لە کۆلێجی زانستە ئیسلامیەکان، زانکۆی تاران.

* توێژینەوەی (پێشەوا شێخ ئەمجەد زەهاوی و کێشەی فەلەستین): لە لایەن (د. دەححام ئیبراهیم هەسنیانی) لە شاری موسڵەوە، دکتۆرا لە شەریعەدا.

پاشان دەرگای پرسیار و گفتوگۆ بۆ بەشداربووان واڵا کرا.

دووەم دانیشتنی زانستیی کاتژمێر 02:00 ی پاش نیوەڕۆ دەستی پێکرد، کە (د. دیوالی حاجی قاسم) لە شاری دهۆکەوە، بەڕێوەی برد،

تیایدا گرتەڤیدیۆییەک و 3 توێژینەوە پێشکەش کرا:

* لە سەرەتای دانیشتنەکەدا گرتەڤیدیۆییەک پێشکەش کرا دەربارەی شێخ ئەمجەد زەهاوی، کە لە لایەن کەسایەتی ناوداری ئیسلامیی (پ. د. تەها جابر عەلوانی) سەرۆکی زانکۆی قورتوبە، و سەرۆکی پێشووی پەیمانگای جیهانی فیکری ئیسلامی، لە شاری قاهیرەوە ناردبووی.. کە تیایدا چەند یادگارییەکی گرنگی گێڕایەوە دەربارەی شێخ ئەمجەد، ئەو دەمەی کە لەبەر دەستی شێخدا دەیخوێند، و پاشانیش کە بۆتە ئەفسەر لە سوپای عێراقیدا.. هەموویان بەڵگەن لەسەر بەرزی ئاستی زانستیی و کۆمەڵایەتی شێخ ئەمجەد.

* توێژینەوەی (ڕێنموویی سەرانی موسڵمانان لە بیری زەهاویدا، لە ڕێگەی نامە و برووسکەکانیەوە): لە لایەن (د. حەسەن خالید موفتی) لە شاری هەولێرەوە، دکتۆرا لە فیقە و ئوصول، سەرۆکی بەشی شەریعە لە کۆلێجی زانستە ئیسلامیەکان/ زانکۆی سەلاحەدین.

* توێژینەوەی (شێخ ئەمجەد زەهاوی و هەوڵەکانی لەبواری ئیسلاح و نوێکردنەوەدا): لە لایەن (د. ئاراس حەمە ساڵح) لە شاری سلێمانیەوە، دکتۆرا لە تەفسیر و زانستی قورئان، مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی.

* توێژینەوەی (ڕێبازی شێخ ئەمجەد زەهاوی لە فەتوادانا): لە لایەن (د. زەکەریا عبدالرحمن حەمەد) لە شاری هەولێرەوە، مامۆستا لە بەشی ئوصولی دین/ کۆلێجی زانستە ئیسلامیەکان، زانکۆی سەلاحەدین.

پاشان دەرگای پرسیار و گفتوگۆ بۆ بەشداربووان واڵا کرا.

سێیەم دانیشتنی زانستیی کاتژمێر (9:00) ی بەیانیی ڕۆژی دووەم دەستی پێکرد، کە (د. موحەممەد ئیبراهیم مەشهەدانی)، مامۆستا لە کۆلێجی ئیمام ئەعزەم لە موسڵ، بەڕێوەی برد، تیایدا ٣ توێژینەوە و ٢ وتە پێشکەش کرا:

* وتەی (یادگاری قوتابی و هاوەڵانی شێخ ئەمجەد زەهاوی): لەلایەن (حاجی حازم سامەرائی) لە بەغداوە، لە هاوچەرخانی شێخ ئەمجەد زەهاوی.

* توێژینەوەی (سەردانێکی دیوەخانەکەی موفتی زەهاوی): لەلایەن (م. موحەممەد عەلی قەرەداغی) لە شاری سلێمانیەوە، ئەندامی کۆڕبەندی زانستی عێراقی، ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی.

* توێژینەوەی (پەیوەندی شێخ ئەمجەد زەهاوی بە برایانی موسڵمان لە عێراقدا): لەلایەن (د. هەیسەم عبد السلام موحەممەد وادی) لە بەغداوە، دکتۆرا لە زانستی ئیسلامی.

* توێژینەوەی (گۆزەیەک لە دەریای زانستی موفتی زەهاوی): لە لایەن (سەید ئیسماعیل حوسەینی) لە سنەی ئێرانەوە.

* وتەی (سەردانەکانی شێخ ئەمجەد زەهاوی بۆ کەرکوک): لە لایەن (م. نەشئەت غەفور) لە سلێمانیەوە، ئەندامی سەنتەر، سەرۆکی (ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا).

پاشان دەرگای پرسیار و گفتوگۆ بۆ بەشداربووان واڵا کرا.

چوارەم دانیشتنی زانستی کاتژمێر (1:30)ی پاش نیوەڕۆ دەستی پێکرد، کە (م. حەسەن پیریادی) نوسەر و شارەزای پەروەردە لە کەرکوک، بەڕێوەی برد، تیایدا 2 وتە و توێژینەوەیەک پێشکەش کرا:

* وتەی (پێشەوای عەللامە ئەمجەد موحەممەد سەعید زەهاوی وەک نوێکەرەوە): لەلایەن (د. شاکیر سەعید) سەرۆکی (ناوەندی کەرکوک بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا).

* توێژینەوەی (زەهاوی پارێزەر و بەرگری لە ستەملێکراوان: چەند نموونەیەکی هەڵبژاردە) لە لایەن (د. فرسەت مەرعی ئیسماعیل)، مامۆستای مێژووی ئیسلامی- کۆلێجی زانستە مرۆییەکان- زانکۆی زاخۆ، ئەندامی ناوەندی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ئەندامی یەکێتی مێژونووسانی کورد، ئەندامی یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمان.

* وتەی (د. صباح البرزنجي)، سەرۆکی سەنتەر.. دەربارەی نموونە لە ئەدەبی موفتی زەهاوی و توانای لە موجادەلە و بەڵگەهێنانەوە.

پاشان دەرگای پرسیار و گفتوگۆ بۆ بەشداربووان واڵا کرا.

لە ڕۆژی دووەمدا کۆنگرە بە ئاهەنگی کۆتایی، کۆتایی بە کارەکانی هێنا، کە (د. ئیسماعیل بەرزنجی)، ئەندامی سەنتەر، بەڕێوەی برد.. پاشان بەلاغی کۆتایی لە لایەن (م. حسێن موحەممەد) بەڕێوبەری کارگێڕیی سەنتەرەوە خوێنرایەوە.. تیایدا هاتووە:

**بەناوی خوای گەورەی میهرەبان**

زانای پایەبەرز شێخ ئەمجەد زەهاوی لەبنەماڵەی بابانەکانە، لەباوک و باپیرانیەوە فەتوادان و دادوەریی و بانگەوازی وەرگرتووە، لەم بوارەدا وەکو هەموو زانا بلند پایە بەرزەکانی‌تر ئەستێرەیەکی گەشاوە بووە لە ئاسمانی زانست و مەعریفەدا لەکوردستان و دەرەوەی کوردستانیش.

شێخ ئەمجەد کەسایەتیەکی ئیسلامی جیهانی بووە و نابەستریتەوە بەکات و شوێنێکی دیاریکراوەوە، یان بەچوارچێوەیەکی تەسکی ناوچەیی و حیزبییەوە.

شێخی زەهاوی ڕەحمەتی خوای لێبێت لەگەڵ هەموو بۆچوون و بیرێکی جیاواز لە چوارچێوەی ئیسلامدا هەڵیکردووە چ لە ناوەوەی عیراق یاخود دەرەوەی، هەروەها لەگەڵ بنەماڵەی زانستخواز و کەسایەتی دیاری حیزبی و ناحیزبی و سەربەخۆدا پەیوەندی هەبووە لە پێناوی بانگەوازی ئیسلامیدا.

ئێمەی ئامادەبووانی ئەم کۆنگرەیە لێرەدا لە سلێمانی پایتەختی ڕۆشنبیری کوردی و پایتەختی میرنشینی بابان شانازی دەکەین بەو زانا گەورەیەوە چونکە خزمەتی ئیسلام و مسوڵمانای کردووە بەبێ‌جیاوازیی ئینتیماو نەتەوە و تایەفەگەری، کەسایەتیەکی ئیسلامی سەربەخۆ بووەو مامەڵەی لەگەڵ واقیعی مسوڵماناندا کردووە بە بۆچوون و بیری تایبەتی خۆی.

بۆیەلێرەدا دەمانەوێ چەند ڕاسپاردەیەک بخەینەڕوو:

1- جەختکردنەوە لەسەر لێکتێگەیشتن و پێکەوەژیان و دیالۆگ و گفتوگۆ لەبری دەمەقاڵێ و یەکترسڕینەوە وحساب بۆ یەکنەکردن.

2- پتەو کردنی پەیوەندی نێوان گەلی کورد و گەلانی تری موسوڵمان بەسود وەرگرتن لەکەسایەتی و بەرهەم و تێکۆشانی شێخ زەهاوی و زانایانی تری هاوشێوەیان.

3-دامەزراندنی دەزگاو پرۆژەی ئەکادیمی تایبەت بە بەرهەم و دەستنووسی ئەم زانا بەرێزانە تاوەکو وەک سەروەتێکی نیشتمانی ئەژماربکرێن و لەفەوتان و بپارێزرێن، پاشان بڵاوبکرێنەوە بۆ ئەوەی نەوەی نوێی پێ ئاشنابکرێت، وە برەودان بە بەرهەمەکانیان لەرێی نووسینی توێژینەوەی زانستی لەماستەرو دکتۆرا لەسەریان.

4-ناونانی ناوەندە ئەکادیمی و فیکری و چالاکیە ڕۆشنبیرییەکانی وەک فیستیڤاڵ و خەڵاتی ڕێزلێنان و شوێنەگشتییەکان بەناوی ئەم زانا بەرێزانە، تا زیاتر لەناو چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا ناسراوبن و لەیاد نەکرێن.

5-سازکردنی کۆڕو کۆربەند و کۆنگرەی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەسەر ژیان و کەسایەتی و بەرهەمی ئەم زانایانە، لەپێناوی ناساندنی زیاتری ڕۆڵ و کۆششی گەلی کوردی موسوڵمان و زاناکانی لە خزمەتکردن بەژینو دینو ژیاری ئیسلامی.

6 -گرنگیدانی زیاتری میدیای کوردی (بینراو، بیستراو، خوێندراو) بەژیان و کەسایەتی و بەرهەمی ئەم زانا بەرێزانە، لەرێی یادکردنەوەیان و سازکردنی بەرنامە و فیلمی دۆکۆمێنتاری و ڕیپۆرتاژ و دیمانە و چالاکی‌تر لەسەریان.

7-ئاوڕدانەوە لە ناوەندەکانی خوێندنی زانستە شەرعییەکان و گرنگیدانی زیاتر پێیان لەرووی چەندێتی و جۆرێتی، تاوەکو لەگەڵ پەرەسەندنەکانی سەردەمدا بگونجێت و کارێزی شایستە و ڕێبەرانی هاوشێوەی زەهاوی و زانایانی تر پێشکەشی کۆمەڵگا بکەین.

**والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته**

پاشان دیارییەکان پێشکەش بە توێژەرەکان، و سەرۆک دانیشتنەکان، و کەسایەتیە کاریگەرەکانی کۆنگرە، و لایەنە فەرمیەکان کرا.. بە خوێندنەوەی نزایەک لە لایەن (شێخ ئیبراهیم مەشهەدانی) مامۆستای قیرائاتی قورئان و سەرۆکی رابیتەی قورئانخوێنانی موسڵەوە، کۆتایی بە کۆنگرەکە هێنرا.

# هەيڤ


مجلة علمية فصلية يصدرها مركز كردستان للأعجاز العلمي في القرآن و السنة

العدد الأول من مجلة هەيڤ صدرت في عام 2002

العدد (29) ربيع 2013م ـ 1434هـ

www.haiv.org


## القسم العربي


صاحب الأمتياز

نشاة غفور سعيد

رئيس التحرير

د. دارا گوڵ حامد

الهيئة الأستشارية

فاروق رسول يحيى

جمال محمد أمين

د. دياري أحمد إسماعيل



للأتصال

haiv2001@gmail.com

www.facebook.com/kurdhaiv



تصحيح

شيروان أحمد حمه كريم


## في هذا العدد


40 كلمة (الاية) في التعبير القرآني .... المعجزة الكبرى

41 محضر إجتماع ثقافي




42 إعجاز القرآن في العلوم الجغرافية




43 الإعجاز البلاغي والإعجاز العلمي



45 أسئلة مركز (میانرەوی) عن الإعجاز العلمي في القرآن والسنة..



العنوان: السليمانية -شارع ماموستايان - عمارة حاج محمد بينجويني - الطابق الثالث

# كلمة (الاية) في التعبير القرآني .... المعجزة الكبرى

بقلم: نشأة غفور سعيد

من المتفق عليه بين علماء التفسير وإعجاز القرآن، أن الرسول الأكرم (ﷺ) لم يتحد العرب والمشركين –بلغائهم وأهل الفصاحة والبيان فيهم– إلا بالمعجزة الكبرى (القرآن الكريم). فقد تحداهم وهو في مكة (العهد المكي) وكان أثره واضحاً فيهم.. ومن أشهر أقوالهم في ذلك مقولة الوليد بن المغيرة، بعد سماعه آيات من الذكر الحكيم: (والله لقد سمعت كلاماً ماهو من كلام الإنس، ولا من كلام الجنّ، وإن له حلاوة، وإن عليه لطلاوة..) إلى أن قال: (وإن أقرب القول فيه أن تقولوا: ساحر جاء يفرق بين المرء وأبيه..).

وفي أثر السماع لآيات الذكر الحكيم، يروى في السيرة النبوية: أن أبا جهل وأبا سفيان والأخنس بن شريق، كانوا يستمعون، خمسة ليال متواليات، إلى النبي (ﷺ) وهو يتلو القرآن في صلاته، دون أن يعلموا بمكان أصحابهم، فيلتقون بعد العودة، ويتلاومون ويتعاهدون ألّا يعودوا إلى الإستماع.. وأخيراً –لعلمهم بأثر القرآن في سامعيه– قرروا إبعاد فتيان قريش من الإستماع إلى القرآن الكريم، حسبما جاء في سورة فصلت الآية ٢٦: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَا تَسْمَعُواْ لِهَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ وَٱلْغَوْاْ فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَغْلِبُونَ ﴾ [١].

يكتب الأستاذ سيد قطب –رحمه الله– (وهذا التحدي ظل قائماً في حياة الرسول (ﷺ) وبعدها، ومايزال قائماً إلى يومنا هذا، وهو حجة لاسبيل إلى المماحكة فيها.. ومايزال القرآن يتميز من كل كلام يقوله البشر تميزاً واضحاً قاطعاً، وسيظل كذلك أبداً. سيظل كذلك تصديقاً لقوله تعالى في الآية التالية: ﴿ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ وَلَن تَفْعَلُواْ فَٱتَّقُواْ ٱلنَّارَ ٱلَّتِى وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلْحِجَارَةُ أُعِدَّتْ لِلْكَٰفِرِينَ ﴾ سورة البقرة ٢٤.

والتحدي هنا عجيب، والجزم أعجب، ولو كان في الطاقة تكذيبه ما توانوا عنه لحظة. وما من شك أن تقرير القرآن الكريم أنهم لن يفعلوا، وتحقق هذا كما قرره هو بذاته معجزة لاسبيل إلى الممارة فيها، ولقد كان المجال أمامهم مفتوحاً [٢].

ثم يردف قائلاً: فلو أنهم جاءوا بما ينقض هذا التقرير القاطع لانهارت حجية القرآن، ولكن هذا لم يقع –ولن يقع– كذلك فالخطاب للناس جميعاً، ولو أنه كان في مواجهة جيل من أجيال الناس.

**وهذه وحدها كلمة الفصل التأريخية.**

على أن كل مَنْ له دراية بتذوق أساليب الأداء، وكل من له خبرة بتصورات البشر للوجود وللأشياء، وكل مَنْ له خبرة بالنظم والمناهج والنظريات النفسية أو الإجتماعية التي ينشدها البشر.. لايخالجه شك في أن ماجاء به القرآن في هذه المجالات كلها شيء آخر ليس من مادة ما يصنعه البشر. والمراء في هذا لا ينشأ إلا عن جهالة لا تميز، أو غرض يلبس الحق بالباطل) [٣].

وفي عددنا هذا نختار آيتين من الذكر الحكيم وردت فيها عبارة: ﴿ وَإِن يَرَوْاْ كُلَّ ءَايَةٍ لَّا يُؤْمِنُواْ بِهَا ﴾ الأولى من سورة الأنعام ٢٥ والثانية من سورة الأعراف ١٤٦، والآيتان على علاقة مباشرة بالإعجاز القرآني وآداب الإستماع وطريق الهداية بالقرآن وطريق الغواية والضلالة بالإبتعاد عنه.

**الآية الأولى: يقول الله –سبحانه وتعالى–**

﴿ وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُ إِلَيْكَ وَجَعَلْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِىٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرًا وَإِن يَرَوْاْ كُلَّ ءَايَةٍ لَّا يُؤْمِنُواْ بِهَا حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوكَ يُجَٰدِلُونَكَ يَقُولُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِنْ هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴾ الأنعام ٢٥.

**الآية الثانية: يقول الله –سبحانه وتعالى–**

﴿ سَأَصْرِفُ عَنْ ءَايَٰتِىَ ٱلَّذِينَ يَتَكَبَّرُونَ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَإِن يَرَوْاْ كُلَّ ءَايَةٍ لَّا يُؤْمِنُواْ بِهَا وَإِن يَرَوْاْ سَبِيلَ ٱلرُّشْدِ لَا يَتَّخِذُوهُ سَبِيلًا وَإِن يَرَوْاْ سَبِيلَ ٱلْغَىِّ يَتَّخِذُوهُ سَبِيلًا ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَكَانُواْ عَنْهَا غَٰفِلِينَ ﴾ الأعراف ١٤٦.

**الجوانب المشتركة بين الآيتين:**

